

کوردانی باکوور بایکۆتی ریفراندۆم دەکەن

4



بەناوی خوداوە لەماڵی خودا فێڵدەکەن

3

ئابوورییەکەی شەڕی ئەفغانستان، ئێرانیشی گرتەوە

14


دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٣
چوارشەممە
٢٠١٠/٨/٤
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




جوانترین چاو، عاشقەکەی خۆی تورەدەکات

11

# دەزگای پاراستن لەکۆنگرەی پارتیدا رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە

## نێچیرڤان بارزانی ناچاردەکرێت جێگری سەرۆک قبوڵ بکات







پ. دەستوور

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، پارتی کۆنگرەی ١٣ی دواخستووە بۆ مانگی دوانزە، بڕیارە لەکۆنگرەدا نێچیرڤان بارزانی ناچاربکرێت پۆستی جێگری سەرۆک قبوڵ بکاتو هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک نەدات لەڕێگەی دەنگدانەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور لەڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە دەستیکەوتوون، بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکانی کۆنگرەو بەشداریکردن لەکۆنگرەکەدا، نوێترین شێوازی تەکنیکی بەکاردەهێندرێت، هەر ئەندام کۆنگرەیەکیش کارتی زانیاری تایبەت بەخۆی دەبیو دەنگدانەکانیش راستەوخۆ نابی، بەڵکو دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەبی.

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بەدەستووری راگەیاند کەرۆڵی دەزگای پاراستن لەکۆنگرەی پارتیدا، رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێت، وتی "لەبەر ئەمەشە زۆربەی ئەوکەسانەی کە بەنیازن خۆیان بپاڵێون بۆ کۆنگرە، بەپلە یەك لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان لەپاراستن نزیکبکەنەوە یاخود بەرپرسە باڵاکانی ئەو دەزگایە، چونکە بەشی زۆری ئەو ئەندام کۆنگرانەی کەدێنە کۆنگرە، بەفلتەری پاراستندا تێپەڕیون، هەروەك چۆن بینیمان بۆ دانانی بەرپرسی لقە نوێیەکان کەزۆربەیان پاراستن بوون، کەدەرەنجام هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بۆ گەلەکۆمەکێیە لەنێچیرڤان بارزانیو ناچارکردنی بەوەی قایلبی پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی پێبدرێت، نەوەك لەڕێگەی دەنگدانو دەنگی تەواوەوە تموحی تری بەدیبهێنی".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هەشت ژن خۆیان دەپاڵێون بۆ کۆمیتەی ناوەندی کە د. کوردستان موکریانیو چنار سەعد عەبدوڵڵا بەهێزترینیانو لەهەموان شانسیان زیاترە بۆ سەرکەوتن.

تەواوی راپۆرتەکە لەلاپەڕە ٥دا بخوێنەرەوە

## ئازاد قەزاز: هەر سروتێک لەگەڵ تەندروستیدا نەگونجێت، واتە لەگەڵ مەبەستی خودادا ناگونجێت، بۆیە بەئەرکی دەزانین کەدەبێت رۆژووانان ئاو بخۆنەوە

17

# نانبڕاوانی زێرەڤانیو فەلەک وەرنەگیراونەتەوە

مەعاز فەرحان

بەرپرسی دۆسیەی نانبڕاوەکانی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت ١١٤ نانبڕاوی هێزەکانی زێرەڤانیو فەلەکی پارتی رێگری لەگەڕانەوەیان دەکرێت. لەفەرماندەیی گشتی پێشمەرگەی یەکێتیش پێشمەرگەکان ئازاردراون.

شاخەوان حەسەن یەکێك لەپێشمەرگە نانبڕاوەکانی فەرماندەیەکی پارتی، کەنەیویست ناوی فەرماندەییەکەی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری وت "ئێمە ١١٤ پێشمەرگەین تائێستا نەگەڕاوینەتەوە بۆ فەرماندەییەکەمان، لەسەرئەوەی کەلایەنگری گۆڕان بووین، بەڵام تائێستا ئێمە نەگەڕاوینەتەوە لەکاتێکدا هەموو نانبڕاوەکانی تر گەڕانەوە بەتەنها ئێمە نەبێت، کەسەرەی ئێمە دەهات، ئیشەکەی ئێمە دەوەستا".

شاخەوان وتی "سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاریداوە بگەڕێینەوە سەرکارەکانمان، بەڵام ئیلتیزام ناکەن بەبڕیارەکانیانەوە".

لەلایەکی ترەوە پەیام ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان کەسەرپەرشتی دۆسییەی نانبڕاوەکان دەکات، بەدەستووری وت "یەکەمجار لەوەزارەتی پێشمەرگەوە دەستپێیکرد، ٤٤٠ کەس لەوەزارەتی پێشمەرگە گەڕاونەتەوە، دواتر لەفەرماندەی گشتی نووسراوێك دەرچووە کەوەزیری پێشمەرگە واژۆی کردووە، موافەقەت کراوە لەسەر ئەوەی کە ٧١٥ کەس بگەڕێنەوە بۆ فەرماندەی گشتی، کۆمەڵێك کەژمارەیان نازانین، چونکە تاك تاك ماونەتەوە هەندێك کێشەیان بۆ دروستکردوون".

هەروەها وتی "لەفەرماندەیی گشتی ئەو کەسانەی کەدەگەڕێنەوە ئازاریان دەدەنو بیانووی جۆراوجۆریان پێدەگرنو هاتوچۆیان پێدەکەن".

پەیام ئەحمەد هەروەها وتی "لەناو ئەو لیستەی فەرماندەیی گشتیدا پارتیشی تێدایە کە ١١٤ پێشمەرگەن لەگەڵ حیزبەکانی تریشدا وەکو سۆسیالستو زەحمەتکێشانو شیوعی، بەڵام ئەوانەی پارتی کەژمارەیان ١١٤ پێشمەرگەن لەزێرەڤانیو فەلەکن تائێستا یەك کەسیان نەگەڕاونەتەوە".

ئاماژەی بەوەشدا کەنزیکەی ١٠٠ نانبڕاویش لەلایەن یەکێتییەوە نەگەڕێنراونەتەوە.

# یەکێتیو پارتی چەکە قورسەکان تەسلیم ناکەنەوە

کاروخ نامیق

بەرپرسێکی یەکێتی رایدەگەیەنێت کەیەکێتیو پارتی لەدەرەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوو هێزی پشتیوانی تایبەت بەحیزبەکەی خۆیان دەبێتو چەکە قورسەکانیش لای ئەو هێزانە دەبن، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت ئەوە پێچەوانەی یاسایەو بێئاگایی خۆی دەردەبڕێت.

مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند دوو هێز کەیەکێکیان هی پارتیو ئەوەی تریان هی یەکێتین، هەر سەر بەحیزبەکان (پارتیو یەکێتی) دەمێننەوە.

مستەفا چاوڕەش وتی "ئاگاداری ئەوەنیم چەکە قورسەکان دەدرێت بەو هێزی پشتیوانییە، بەڵام ئەو هێزانە وەك هێزێکی یەدەگو پشتیوان لەشوێنەکانی خۆیان دەمێننەوە، پێداویستییەکانی چەكو خواردنو شوێنی حەوانەوەو پێداویستییە لۆجستیەکانیانی تریان بۆ دابیندەکرێت".

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وتی "بەپێی یاسایی دروستبوونی وەزارەتی پێشمەرگەو سوپای کوردستان مانەوەی هێزی چەکدار لەلای حیزبەکان بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە".

راپۆرتێك لەلاپەڕە ٢دا بخوێنەرەوە

# حکومەت مۆڵەتپێدانی رادیۆو تەلەفزیۆنی راگرتووە

دەستوور

بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، پێدانی مۆڵەت بەدامەزراندنو کردنەوەی رادیۆو تەلەفزیۆن راگیراوە، بەرپرسێکی وەزارەتی رۆشنبیریش دەڵێت تا یاسایەکی تایبەت بەبواری میدیای بیستراو و بینراو دەرنەچێت، مۆڵەت نادرێت.

هەڵگورد عەبدولوەهاب جوندیانی بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن لەوەزارەتی رۆشنبیری لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "پرسی کردنەوەی رادیۆو تەلەفزیۆن ئێستا لەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوانە نەك لەئەنجومەنی وەزیران، مۆڵەتپێدانیش بەفەرمانێکی وەزاری راگیراوە، تا ئەوکاتەی یاسایەکی نوێ بۆ رێکخستنی میدیای بیستراو و بینراو دادەڕێژرێت".

جوندیانی وتی "پێشتر بۆ مۆڵەتپێدان تەنها رێنمایی وزاری هەبوو، بەڵام لەئێستاداو لەگەڵ زۆربوونی تەلەفزیۆنو رادیۆکاندا، رێکخستنی ئەم کارە ئاڵۆزبووەو پێویستی بەیاسایەکی تایبەت هەیە کە لەپەرلەماندا هەمواربکرێت".

# پۆلیسی نێودەوڵەتی سۆراغی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە دەکات



زانا ئەحمەد

ناوی سەرجەم منداڵە ونبووەکانی سەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید ئاراستەی پۆلیسی نێودەوڵەتی دەکرێتو راوێژکارێکی پۆلیسی نێودەوڵەتیش بەڵێنی کردنەوەی نووسینگەیەکی تایبەت بەپشکنینی (D.N.A)، لەو شارە دەدات.

مستەر (بریت کۆپس)، راوێژکاری پۆلیسی نێودەوڵەتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکرایکرد، کە لەقایمقامی شارەکە ناوی سەرجەم منداڵە ونبووەکانی سەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجەی وەرگرتووەو بڕیارە پاش گەڕانەوەی لەڕێگەی کەناڵی رەسمی خۆیەوە بەجدی کار بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵە ونبووانە بکات.

راوێژکارەکەی پۆلیسی نێودەوڵەتی وتی "بەڵێنمانداوە کەنووسینگەیەکی تایبەت بەپشکنینی (D.N.A) لەشاری هەڵەبجە بکەینەوە، چونکە پێمانوایە کەئەو شارە لەهەموو شوێنێك زیاتر پێویستی بەو تاقیگەیە هەیە".

کۆپیس وتی "ماوەی چەند رۆژێکە لەشاری هەڵەبجەی شەهید، سەرقاڵی وتنەوەی خولێکی تایبەتین لەسەر چۆنێتی لێکۆڵینەوە لەبواری تاواندا، کەخولەکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە کرایەوە بۆ زیاتر لەحەوت مەرکەزی پۆلیسی سەر بەهەڵەبجەی شەهید".

لەبارەی ئەو خولەوە، رایگەیاند کەمەبەستیانە لەو رێگەیەوە وانەی تایبەتیو زانستی نوێی بواری تاوانناسی بەشێوازێکی زۆر پێشکەوتوو پێشکەش بەپۆلیسی هەڵەبجە بکەن.

گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجەی شەهید بەدەستووری وت "بەتێروتەسەلی مەسەلەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەی شەهیدمان لەگەڵ ئەو راوێژکارەی پۆلیسی نێودەوڵەتیدا باسکرد".

ئەدهەم ئەوەشی راگەیاند کە لەلیستێکدا ناوی تەواوی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەیان پێشکەش بەبریت کۆپس کردووە، ئەویش لای خۆیەوە بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی بۆ ئەو مەبەستە پێداون.

# بەناوی خوداوە لەماڵی خودا فێڵدەکەن

## ئەوقاف: ئەوانەی موچەیان هەیەو لەمزگەوتەکان نابینرێن موچەکەیان حەرامە



دەستوور

وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریداوە لەمەودوا وەکو فەرمانبەر مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات، کە لەوەزارەتی ئەوقاف موچە وەردەگرنو لەمزگەوتەکانیشدا دەوامناکەن.

بەپێی وتەی مەریوان نەقشبەندی وتەبێژو بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکان لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریداوە هەر فەرمانبەرێك لەمەودوا لەمزگەوتەکاندا ئامادەنەبێت، غیاب دەدرێت، بەهۆی ئەوەی تائێستا ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەوەزارەتی ئەوقاف موچە وەردەگرنو لەمزگەوتەکانیشدا دەوامناکەن.

نەقشبەندی بەدەستووری وت "بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریداوە وەکو فەرمانگە مامەڵە لەگەڵ مزگەوتەکاندا بکاتو هەر فەرمانبەرێك رۆژانە دەوامی خۆی نەکات، غیاب بدرێت".

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف وتی "رێژەیەکی زۆری فەرمانبەرانی ئەوقاف دەوامناکەن، ئەوەش لەڕووی شەرعییەوە ئەو پارەیەی کەوەریدەگرن حەرامە، چونکە موچەیەکەیان زۆرە".

نەقشبەندی پێیوایە ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر کەدەوامناکەن، بەهۆی ئەوەوە بووە کەکاتی خۆی بەتەزکییەی یەکێتیو پارتی دامەزراون، وتی "بۆیە ئێستا بڕیارمانداوە هەرکەسێك دەوامنەکات، فەسڵی بکەین".

ئەوەشی نەشاردەوە کەپێشووتر وەزارەتی ئەوقاف چاوپۆشی لەو کەسانە کردووە کەدەوامیان نەکردووە، بەڵام لەمەودوا بەو شێوەیە نامێنێت.

# ٢٠٠ کارمەندی تەلەفزیۆنی نەورۆز بەبێ کارکردن، موچە وەردەگرن

فەرمان خێلانی

ماوەی دوو مانگە پەخشی تەلەفزیۆنی نەورۆز راگیراوە، بەڵام ٢٠٠ کارمەندی ئەو تەلەفزیۆنە بەبێ کارکردن موچە وەردەگرن، بەرپرسێکی تەلەفزۆنەکەش داوادەکات وەزارەتی رۆشنبیری ئەو کێشەیە یەکلاییبکاتەوە.

عەبدولخالق کەریم بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی کەناڵی نەورۆز، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، وتی "تەلەفزیۆنەکەمان ١٨٣ کارمەندی رەسمیو ٢٤ راگەیاندنکاریش کەبەسیستمی گرێبەست کاریانکردووە، دوای دوو مانگ لەداخستنی تەلەفزیۆنەکەش موچە وەردەگرنو هیچ کارێکیش ناکەن".

عەبدولخالق وتی "ئەوانەشی گرێبەستنو ماوەی گرێبەستەکەیان تەواو نەبووە، بەهەمان شێوە موچە وەردەگرن".

بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی تەلەفزیۆنی نەورۆز روونیکردەوە کەوەك نوسینگەی سلێمانی مانگانە ١٥٠ ملیۆن دینار نەسریەیان هەبووە، وتی "لەو بڕە نەسریەیە بڕی ٧٥ ملیۆن دینارمان دەخستەسەر موچەی گرێبەستەکانو موچەی هەندێك لەفەرمانبەران وەك تەواوکاری موچە، بۆ نمونە موچەی خۆیان ٢٥٠,٠٠٠ هەزار دینار بوو، ئێمە بۆماندەکردن بە ٥٠٠,٠٠٠ هەزار دینار، بەڵام ئێستا نەسریەکەمان بووە بە٣٠ ملیۆن دینارو ناتوانین ئەو تەواوکارییە لەموچەدا بکەین".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەوانەی بەسیستمی پاداشت کاریان کردووە، وازیانهێناوەو ئەوانەشی کە بەگرێبەست بوونو گرێبەستەکەیان تەواو نەبووە، پارەی مانگی شەشیان وەرگرتووە، ئەوانەیشی کەکارمەندی رەسمی بوون، موچەکەیان هەرماوەو نابڕدرێت.

داواشی لەوەزراەتی رۆشنبیری کرد ئەو کێشانە چارەسەربکات.

هەڵگورد عەبدولوەهاب جوندیانی بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن لەوەزارەتی رۆشنبیری لەوبارەیەوە بۆ دەستوور وتی "ئەوانە کارمەندی ئێمەنو هەوڵمانداوە بۆ چارەسەری کێشەکەیان، تەنانەت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەش ئەوەمان دووپاتکردووەتەوە کەزۆر لەو گرێبەستانە خەڵکانی شارەزاو دڵسۆزنو واباشترە لەسەتەلایتی پەروەردەییشدا سوودیان لێوەربگیرێت".

# دۆسییەی ٤٢ جوتیار رەوانەی دادگا دەکرێت

زانیار داقوقی

بەهۆی زیادەڕۆییکردن بەئاو و زەوی کشتوکاڵییەوە، دۆسییەی ٤٢ جوتیاری سنووری پارێزگای کەرکوك رەوانەی دادگا کرا.

لەسنووری پارێزگای کەرکوك ١٦٠ جوتیار بەبێ مۆڵەتو بەپێچەوانەی بڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق حەوزی ماسیان دروستکردووە، لەو رێژەیەدا لەسەر داوای ئەو وەزارەتە ٤٢ جوتیاریان دەدرێنە دادگا.

وەزارەتی کشتوکاڵ پێشووترو بەپێی بڕیارێك داوای لەبەڕێوەبەرایەتییە کشتوکاڵییەکان لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق کردبوو، بۆ نەهێشتنو رێگریکردن لەو جوتیارانەی کە بەئاوی کشتوکاڵیو زەوی گرێبەست حەوزی ماسی دروستدەکەن، بەو هۆیەشەوە ٤٢ جوتیار دادگاییدەکرێن.

وەزارەت لەنووسراوەکەدا داوادەکات کەدەبێت حەوزەکەیان برووخێنرێتو خۆیان رەوانەی دادگابکرێن.

مەهدی کاکەیی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوك بەدەستووری راگەیاند لەسنووری پارێزگای کەرکوك نزیکەی ١٦٠ جوتیار لەسەر ئاوی کشتوکاڵیو زەوی گرێبەست حەوزی ماسیان دروستکردووە، ئەوەش بەبێ مۆڵەت بووە".

کاکەیی وتی "ئەو جوتیارانە دوو سەرپێچیان ئەنجامداوە، یەکەمیان بەئاوی کشتوکاڵی حەوزی ماسیان دروستکردووە، دووەمیان لەسەر ئەو زەوییانەی کەگرێبەستن".

لەلایەکی ترەوە، سەرچاوەیەك لەفەرمانگەی کشتوکاڵی داقوق، کەنەیوویست ناوی ئاشکرابکات، بەدەستووری وت "ئێمە ناوی ٤٢ جوتیاری سنووری داقوقمان رەوانەی قایمقامیەت کردووە بەهۆی سەرپێچیکردنیان لەزەویو ئاوی کشتوکاڵی".

هەروەها وتی "وەزارەتی کشتوکاڵی داوادەکات ناوی ئەو جوتیارانە رەوانەی دادگا بکرێن".

# لەکۆنفرانسی بزووتنەوەدا پۆستی جێگری رابەر یەکلاییدەکرێتەوە

مەعاز فەرحان

بڕیارە رۆژی شەممە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کۆنفرانس ببەستێت، وتەبێژی کۆنفرانسەکەش دەڵێت لەکۆنفرانسەکەدا بڕیار لەسەر مانەوە یان نەمانەوەی پۆستی جێگری رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەدرێت، چونکە لەپەیڕەوو پرۆگرامدا ئەو پۆستە نییە.

ناسیح مەجید وتەبێژی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ئاماژەی بەوەدا کەکۆنفرانس دەسەڵاتی ئەوەی نییە کەئەندامانی سەرکردایەتی بگۆڕێت، بەڵام وتی "ئاڵوگۆڕ لەهەندێك مەڵبەند دەکرێتو پۆستی جێگری رابەر یەکلاییدەکرێتەوە".

ناسیح مەجید وتەبێژی کۆنفرانسی بزووتنەوە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "بەباشی دەزانین کەکۆنفرانس ببەسترێت بۆ ئەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بکرێت لەئۆرگانەکانی حیزبدا، هەروەها کۆنفرانس کۆمەڵێك راسپاردەی دەبێت بۆ کۆنگرەی داهاتوو بۆ ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی کەمبکرێنەوە".

لەلایەکی ترەوە شوان قەڵادزێی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە بەدەستووری وت "لەکۆنفرانسدا بڕیارە گۆڕانکاری لەئۆرگانو مەڵبەندەکانی بزووتنەوەدا بکرێتو هەندێك گۆڕانکاریش لەپەیڕەوی بزووتنەوەدا بکرێت".

ئەو دەڵێت بۆ نمونە پێشتر بزووتنەوە نە لەحکومەتدا هەبووە، نە لەپەرلەماندا، بۆیە چۆنیەتی بەشداریکردنی بزووتنەوە لەو دوو دەسەڵاتەدا لەکۆنفرانسدا دەخرێتە نێو پەیڕەوەوە.

ناسیح مەجید وتەبێژی کۆنفرانسی بزووتنەوە بەباشی دەزانێت کەبزووتنەوە بەزووترین کات کۆنگرە ببەستێت، ئەو وتی "باشترە لەکۆنفرانسدا کاتێکی نزیك بۆ کۆنگرە دیاریبکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەناو بزووتنەوەدا بکرێنو دەرفەتێکیش بدرێت بەو ناوچانەی کە تائێستا ئەندامیان نییە لەسەرکردایەتی".

# شەش ڕۆژە تەرمی خنکاوێک نەدۆزراوەتەوە

## لەماوەی هەفتەیەکدا سێ کەس لەزێی بچوک دەخنکێن



محەمەد نەجیب

لەماوەی هەفتەیەکدا سێ کەس لەئاوی زێی بچوک (دوکان) دەخنکێن، کە ٢ کەسیان لەسنووری شارۆچکەی تەقتەقو دانەکیشیان لەسنووری دوکان، تەرمەی یەکێك لەو خنکاوانەش تائێستا نەدۆزراوەتەوە. گلەیی لەکەمی ئامێری پێویست دەکرێت بۆ دۆزینەوەی تەرمەکان.
فاتیح حسێن محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کەیەکێك لەخنکاوەکان خەڵکی هەولێر بوو، دوای چەند ڕۆژێك ئینجا تەرمەکەی دوزراوەتەوەو رزگار ئەحمەد مەلا یەکێکیتر لەخنکاوەکان، خەڵکی سلێمانییەو لەسنووری دوکان خنکاوەو دواتر تەرمەکەی دۆزراوەتەوە، بەڵام کەسی سێیەم ڕۆژی پێنجشەممە لەگوندی مەرزیخە لەخوارووی شارۆچکەی تەقتەق خنکاوەو تائێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.
سەبارەت بەوەی کەتەرمەکان لەکاتی خۆیدا نادۆزرێنەوە، فاتیح حسێن دەڵێت "ئێمە وەکو ئیدارەی تەقتەق هەندێك گرفتمان هەیە، لەوانە کەمی ئامێری پێویست بۆ گەڕان بەدوای کەسە خنکاوەکان لەبنی ئاودا، چونکە ئەوە پێویستی بەخەڵکێکی شارەزاو مەلەوانو ئۆکسیجینو غەواس هەیە، بۆیە تەنها بەلەمێکمان هەیە، ئەویش ماتۆڕەکەی تێکچووە، بەڵام لەهەوڵی ئەوەداین چاکیبکەینەوە".
ڕۆژانە هەواڵی خنکانی گەنجانو هاووڵاتیانیتر بڵادەکرێتەوەو بەرپرسانیش لەگەڵ ئامۆژگارییان بۆ هاووڵاتیان، داوا لەحکومەت دەکەن ئامێری پێویستیان بۆ دابینبکەن بۆ دەرهێنانی تەرمەکان.
بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق، بەدەستووری وت "تائێستا ئەو گەنجەی لەگوندی مەرزیخە خنکاوە، نەدۆزراوەتەوە، چونکە کاتێك دەزانی تەرمەکە لەشوێنکیتر دەدۆزرێتەوە ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئاوەکە ڕوولەخوارەو تەرمەکە دەبات لەگەڵ خۆیدا".
فاتیح ئاماژەی بەوەدا کەئەوانەی خنکاون خەڵکێکی نەشارەزابوونو بەهۆکاری مەلەکردن خنکاون، چونکە ئەو ماوەیە پلەی گەرما زۆر بەرزبووەوەو خەڵکیش حەزی لەمەلەکردنەو وتی "ئەو شوێنانەش گۆمی گەورەی هەیە، بەڵام نەبوونی تیمی رزگارکەر لەسەر ئەو ڕووبارە، گرفتێکی گەورەیە، بۆیە پێویستە لەداهاتوودا ئەو چارەسەربکرێت".

# گەڕان بەدوای نەوتدا، خەڵکی بێستانسوور دەترسێنێت

کامەران کەریم

خەڵکی بێستانسوور ترسی خۆیان لەوە نیشاندەدەن کەدەرهێنانی نەوت لەناوچەکەیاندا کاریگەری بکاتە سەر وشکردنی ئاوی ناوچەکەیان، چونکە پێش ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئاوی ئەو ناوچەیە بەهۆی کارەساتێکی سروشتییەوە وشکبووە.
١٥٠ ساڵ پێش ئێستا، ئاوی بێستانسوور، بەکارەساتی سروشتی لەناوچووە، بۆیە هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە ترسی ئەوەیان هەیە کەهەڵکەندنی بیری نەوت لەناوچەکان، ئەو ڕووداوە دووبارەبکاتەوە.
کۆمپانیای (جی جی ئێف زێت)ی چینی، ماوەیەکە کەمپێکی لەناحییەی عەربەت کردووەتەوە، بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا.
بەڵام هاووڵاتیانی ناوچەکە کەنزیکەی ٢٥٠ ماڵی تێدایەو سەرچاوەی ئاوەکەش ئاوی ٣٠٠ هەزار کەس لەناحییەی عەربەت، وارماوا، ئاوارەکانی کەمپی باریکە، گوندی باریکە، هەڵەبجەی تازە دابیندەکات، جگە لە ٧٢ گوند، ترسی ئەوەیان هەیە کە بەهۆی لێدانی بیری نەوتەوە سەرچاوەی ئاوەکەیان پیسبێت.
نەوشیروان ئەبوبەکر محەمەد کەسایەتییەکی دیارو ئەنجومەنی گوندی بێستانسوور بەدەستوری وت "سەرچاوەی ئاوی بێستانسوور، ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا بە(٢کلم) لەپشتی گوندی بێستانسوور بووە، بەهۆی بومەلەرزەیەکی بەهێزەوە ئەو سەرچاوەیە وشکبووە، ئێستاش بەهەڵکەندنی بیری نەوت ترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی تری لێدەکرێ".
(لیو) بەرپرسی کەمپی جی جی ئێف زێت لەعەربەت بەدەستووری وت "لەکاتێکی نزیکدا دەستدەکەین بەگەڕان بەدوای نەوت، ئەگەر هەیە نەوت بدۆزینەوە، بەڵام لەڕووی جیۆلۆجییەوە هیچ زیانێك بەسەرچاوەی ئاو ناگەیەنێت، چونکە لەهەندێك شوێن تەقینەوەمان بەکاردەهێنا، بەڵام لێرە بەکارناهێنین".
لەلایەکی ترەوە، غەریب عەلی فەتحوڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت رایگەیاند ئەو پرۆژەیە سوودێکی زۆری بەخەڵکی ناوچەکە دەگەیەنێت، بەڵام وتی "ئەگەر هەڵکەندنی نەوت ببێتەهۆی لەناوچوونی سەرچاوەی ئاو، ئەوە رەتیدەکەینەوە".
د. ئازاد محەمەد ئەمین پرۆفسیۆری جوگرافیای نەوت لەزانکۆی سەلاحەدین لەوبارەیەوە بەدەستووری وت "دەرهێنانی نەوت هیچ کاریگەرییەکی نابێت چ بۆ ئاوی خواردنەوە، چ بۆ ئاوی کشتوکاڵ".
ئەو وتی "نەوت لەشوێنێك هەیە پێی دەوترێت (تەڵەنەوتییەکان) چینێکی بەردین هەیە لەژێر چینی سەرەوەی زەوی کەکونیلەدارنییە".

# یەکێتیو پارتی دوو هێزی چەکداری تایبەت بەخۆیان دەبێت

## لەدەرەوەی هێزێکی یەکگرتووی نیزامی، یەکێتیو پارتی دوو هێزی پشتیوانی دەهێڵنەوە بەچەکی قورسەوە

کاروخ نامیق

بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن لەدەرەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوو هێزی پشتیوانی سەر بەحیزبەکان دەمێننەوە بەچەکی قورسەوە، کەسەر بە (پارتیو یەکێتی) دەبن، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت ئەوە پێچەوانەی یاسایەو بێئاگایی خۆی دەردەبڕێت.
شارەزایانی سیاسیو ئۆپۆزسیۆن دەڵێن ئەو دوو حیزبە، نایانەوێت دەستبەرداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببنو مانەوەی ئەو دوو هێزە پشتیوانییەش بەمەترسی دەزانن.
مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند دوو هێز کەیەکێکیان هی پارتیو ئەوەی تریان هی یەکێتیە، هەر سەر بەحیزبەکان (پارتیو یەکێتی) دەمێننەوە، وتی "ئەو هێزانە مەترسی نابن".
ترسی ئەوە دەکرێت هەوڵەکان بۆ نەمانی هێزی پێشمەرگەی سەر بەحیزبەکان، سەرکەوتوو نەبێت، چونکە تائێستا تەنها چوار لیوا یەکخراوە، تەواوی هێزەکانیتر لەژێر رکیفی حیزبەکاندا ماونەتەوە.
سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کەئەو هەوڵانە بۆ بەنیزامکردنی هێزی پێشمەرگە، بەخاوی دەڕواتو گومانی خۆشی لەوە دەربڕی کەنییەتی پارتیو یەکێتی لەگەڵ بەنیزامکردنی هێزی پێشمەرگەدا نین.
عەدنان عوسمان بەدەستووری وت "ئەو هێزانەی کە لەدەرەوەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا دروستدەکرێن، تەشکیلەیەکی نا یاساییە، میلیشاییەکی حیزبییە، ئەوە جارێکیتر شەرعییەتدانە بەوەی حیزبی سیاسی لەکوردستاندا خاوەنی هێزی چەکداربێت".
بەپێی یاسای حیزبەکان، نابێت هیچ حیزبێك لەکوردستاندا هێزی چەکداری هەبێتو بوونی هێزی چەکدار قەدەغەکراوە، بەڵام تائێستاش حیزبەکان بەتایبەت پارتیو یەکێتی، هێزی چەکدار لەژێر رکیفی خۆیاندایە.
بەپێی ئەو خەمڵاندنانەی وەزارەتی پێشمەرگە کردوویەتی نزیکەی ١٩٠ هەزار پێشمەرگە لەکوردستاندا هەیە، بەڵام لەهەوڵەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێم تائێستا چوار لیوا یەکیانگرتووەتەوەو بڕیارە تەواوی هێزی پێشمەرگە لەهێزێکی یەکگرتووی نیزامی ١٨ لیوایدا یەکبگرنەوە.



یەکێتی و پارتی دەستبەرداری پێشمەرگە نابن

پێشتر مەحمود سەنگاوی بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لەچاوپێکەوتنێکی ئاوێنەدا راگەیاندبوو کەئەو هێزانە چەکە قورسەکانیشیان لا دەبێتو وەکو هێزی پشتیوانی ناودەبرێنو لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە سەرپەرشتیدەکرێن.
هەروەها ئاماژەی بەوەدابوو کەچەکە قورسەکانیش لای ئەو دوو هێزە دەبن.
مستەفا چاوڕەش وتی "ئاگاداری ئەوەنیم چەکە قورسەکان دەدرێت بەو هێزی پشتیوانییە، بەڵام ئەو هێزانە وەك هێزێکی یەدەگو پشتیوان لەشوێنەکانی خۆیان دەمێننەوە، پێداویستییەکانی چەكو خواردنو شوێنی حەوانەوەو پێداویستییە لۆجستییەکانی تریان بۆ دابیندەکرێت".
ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرایکرد "یەکێتیو پارتی هەموو هەوڵێکیانداوە بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی هەیانە یەکیبخەن، بۆ ئەو مەبەستە چەند لیوایەك دروستکراوە، بەڵام ئەو دوو هێزیە هێزی پشتیوانی دەبن".
بەڕای عەدنان عوسمان یەکێتیو پارتی جگە لەو فەوجو لیوایانەی بۆ خۆیانی دەهێڵنەوە، ئەو هێزانەشی بەنیازن یەکیبخەن، جارێکیتر بەرهەمهێنانەوەی تەشکیلە حیزبیەکەیە.
ئەو وتی "بەڕووخسار پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە دەگۆڕدرێت، بەڵام ناوەڕۆکەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە".
سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان وتی "مانەوەی چەکی قورس لەلای ئەو هێزەی لەدەرەوەی تەشکیلەی هێزی پێشمەرگە بێت، مانای بێ متمانەیی یەکێتیو پارتییە بەرامبەر بەیەکتر، چونکە پارتی دەیەوێت چەکە قورسەکان لای خۆی بمێنێتەوە یەکێتیش بەهەمان شێوە".
بەبڕوای چاودێران مانەوەی هێزو چەکی قورسو سوك لای هەر حیزبێك بێت، دەبێتە مایەی هەڕەشەو بارودۆخی کوردستان دەشێوێنێت.
مستەفا چاوڕەش وتی "ئەو هێزەی دەیهێڵینەوە بەهیچ شێوەیەك مایەی مەترسی نییە بۆ سەر هیچ لایەك، ئەگەر لەهەر شوێنێك کێشەیەك ڕوویدات، ئێمە ئەو کەسانە بۆ خەڵکی بەکوشت دەدەین، ئیتر لەوە زیاتر چیاندەوێت؟".
کامەران مەنتك مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت ئەگەری شەڕی ناوخۆ لەهەموو ساتێك لەئارادایە ئەگەر ئەو دوو حیزبە چەکیان لابێت، ئەویش بەهۆی بوونی بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ لەهەرێمی کوردستاندا.
مەنتك وتی "تائێستا حیزبەکانی کوردستان بەتایبەتی یەکێتیو پارتی مانەوەی خۆیان زیاتر لەهێزی چەکداری دەبیننەوە، نەك هێزی ئایدۆلۆژیاو توانای مەعنەوی خۆیان".
بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بێ ئاگایی خۆی دەردەبڕێت، کەئاماژە بەمانەوەی دوو هێزی پشتیوان لەژێر رکیفی یەکێتیو پارتیدا دەکەن.
ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وتی "بەپێی یاسایی دروستبوونی وەزارەتی پێشمەرگەو سوپای کوردستان، مانەوەی هێزی چەکدار لەلای حیزبەکان بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە، هەروەها ئەو لێدوانەی مەحمود سەنگاوی بەپێچەوانەی قسەکانی پێشووتری خۆیەتی".
ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت کەنییەتی جدی هەیە بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو دروستکردنی هێزەکانی پاراستنی هەرێمو هەروەك وتەکانی بارزانیو تاڵەبانی دوپاتدەکاتەوە کەدەڵێن یەك وەزارەتمان هەیەو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانیش مەسعود بارزانییە.
بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وتی "یاسای وەزارەتی پێشمەرگەو حکومەتو پەرلەمان دژی ئەو جۆرە لێدوانانەن، ئەگەر هەرکەسێك بیدات".
بەپێی زانیاریەکانی دەستوور ئەو هێزە پشتیوانییەی لەدەرەوەی هێزی پێشمەرگە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دروستدەکرێت بۆ پاراستنی حیزبەکانیان، لەو کەسانە پێکدێت کەتەمەنیان بەکەڵکی سەربازی نایەتو ماوەی یاسایان تێپەڕاندووە، هەروەها ئەو پێشمەرگە دێرینانەی ساڵانێکی زۆر لەو دوو حیزبەدا پێشمەرگە بوونو ئێستا بۆ ئەوەی بێکارنەبن لەو هێزانەدا ڕێکیاندەخەن.
کامەران مەنتك وتی "پارتیو یەکێتی رابردوویەکیان هەیە، پەیوەندی بەچەکەوە هەیە، تائێستا نەیانتوانیوە لەو رابردووییەی خۆیان دەربازبن، هەروەها پێیانوایە ئەگەر بێتو چەك دابنێن، ئەوە مانای وایە ئەوان هەموو هێزو تواناکانیان لێدەسەندرێتەوە".
"نیەتێك هەیە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، ئەگەر ئەو نییەتە لای یەکێتیو پارتیش لاوازبێت، بەڵام لای خەڵکی کوردستان هەیە". مەنتك وای وت.
عەدنان عوسمان دەڵێت تا ئەم چرکەساتە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جگە لەمیلشیایەکی حیزبی، دەزگایەکی نیشتمانیو نەتەوایەتی نییەو دامەزراوەیەکی حیزبیەو لەژێر چاودێری حیزبیو کادرە حیزبیەکاندایە. لەسەر ئەم لێدوانەی پێشووتر عەدنان عوسمان هەڵمەتێکی توندی راگەیاندنی لەدژ ئەنجامدرا.
مستەفا چاوڕەش وتی "یەکێتیو پارتی خۆیان مەبەستیانە ئەو هێزانە یەکبگرنەوەو تەنها فەرمان لەوەزارەتی پێشمەرگە وەربگرن".
عەدنان عوسمانیش پێیوایە یەکێتیو پارتی نایانەوێت هێزی پێشمەرگە یەکبخەنەوە، لەبەرئەوەی ئێستا هەڵبژاردن لەپێشیانەوەیەو وتی "مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیو پارتیدا، واتا زامنکردنی نزیکەی ٢٠٠ هەزار دەنگ بۆ ئەو دوو حیزبە، هەروەها واتا قوتی سەدان هەزار خێزان لەکوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەدا دەبێت، ئەمەش وەك کارتێکی فشار بەکاریدەهێنن لەکاتی دەنگداندا".

www.rawakurd.org



مەسرور بارزانی



نێچیرڤان بارزانی



مەسعود بارزانی

# داڵەکە لەسەرشانی کێ دەنیشێتەوە؟

## کۆنگرەی ١٣ی پارتی، لەنێوان کۆنگرەی چەپڵەڕێزانی موحافیزکارەکانو ریفۆرمەکانی نێچیرڤان بارزانیدا

**سعود هاشم لەهەولێر**

**پارتیو کۆنگرە**

ئەگەرچی دەنگۆی ئەوە هەبوو، پارتی لەکۆتایی مانگی ١١دا کۆنگرە ببەستێ، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، کۆنگرەی پارتی بۆ مانگی ١٢ دوادەخرێتو لەئێستاشدا دەستکراوە بەپێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ .

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەستیکەوتوون، دوای ئەوەش کەپارتی بڕیاری سازدانی کۆنگرەی داوە، لەناو پێکهاتەی ئەم حیزبە بەشێوەیەکی بەرچاو دەستکراوە بەتەکەتولاتو موجامەلەکردنی یەکتری لەنێوان بەرپرسانی پارتیدا، بەجۆرێك ئەم موجامەلەو تەکەتولاتە هەر لەمەکتەبی سیاسیەوە سەرچاوەیگرتووە تاوەکو لیژنەی ناوچەکانی ئەو حیزبە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکەی دەستوور، رۆژانەش بەرپرسانی ئەم حیزبە بۆ کۆکردنەوەو دروستکردنی پاڵپشت بۆ خۆیان، کەوتوونەتە جموجۆڵ لەرێگەی بەکارهێنانی پلەو پۆستەکانیان بۆ ئەم مەبەستە.

ئەوەی لەم کۆنگرەیە پێشبینیدەکرێو رۆژانە خەڵك دەربارەیەوە دەپرسێ، ئاخۆ دەبێ کۆنگرەی پارتی چ گۆڕانکارییەك دروستبکات؟، لەم کۆنگرەیەدا نزیکەی ٨ ئافرەت بۆ سەرکردایەتی پارتی دەپاڵێورێنو لەنێویشیاندا د. کوردستان موکریانیو چنار سەعد عەبدوڵلا .

پارتی بۆ ماوەی ١١ ساڵە کۆنگرەی نەبەستووەو کەسانێك بەبێ شەرعیەتی کۆنگرە پلەو پۆستیان لەناو ئەو حیزبەدا وەرگرتووە، لەزۆر شوێندا پێشێلی پەیرەو پرۆگرامی پارتی کراوە، سەرەڕای دانپیانانی هەندێك لەبەرپرسانی پارتی خۆیدا لەمەڕ بەسەرچوونی بەرنامەی حیزبەکە.

بەپێی ئەو رووماڵکردنەی دەستوور ئەنجامیداوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرەو بڕیارەکانی کۆنگرە، کۆمەڵێك بڕیاردراوە لەناو ئەو حیزبەدا کەتەنها ئەو دەسەڵاتە بۆ خودی کۆنگرە دەگەڕێتەوە، وەکو دانانی بەرپرسی لق (لەکۆی ٢٤ بەرپرسی لق تەنها دوو بەرپرسی لق پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان هەیە) کەبۆ بەرپرسی لق پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان دەبێ هەبێت .

بەنوێترین سیستم کۆنگرەی پارتی بەڕێوەدەچێت، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکانی کۆنگرەو بەشداریکردن لەکۆنگرەکەدآ، نوێترین شێوازی تەکنیکی بەکاردێنێ، هەر ئەندام کۆنگرەیەکیش کارتی زانیاری تایبەت بەخۆی دەبێو دەنگدانەکانیش راستەوخۆ نابێو بەڵکو دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەبێ .

**ململانێ کۆنەکانو نوێیەکان توندەبێتەوە**

یەکێك لەگرفتو کێشەکانی ئەو حیزبە، کێشەی تەمەنی کارکردنی بەرپرسانو سەرکردە سیاسییەکانیەتی، هەر بۆیەش زۆرترین سەرکردەی بەتەمەن لەو حیزبەدا پۆستیان هەیەو خاوەن پلەی باڵان، تەنانەت بەرپرسی بەتەمەنی هەیە بەشداری ١١ کۆنگرەی کردووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور کەوتوون، ئێستاش بەرەیەکی نهێنی لەگەنجەکان لەناو پارتیدا هەیەو زیاتر لەنێچیرڤان بارزانیەوە نزیکن، ئەو بۆچوونەیان هەیە پیرەکان لەپۆستەکانیان نەمێننو بەحورمەتەوە بنێردرێنە ماڵەوەو یاداشتەکانیان بنووسنەوە، بەڵام ئەوەی تائێستا هەستی پێدەکرێ ، سەرکردە بەتەمەنەکان بەنیازن لەکۆنگرەی ١٣ دیسانەوە خۆیان کاندیدبکەنەوە.

**گسکەکەی پارتی کێ رادەماڵێ؟**

بەپێی وتەکانی یەکێك لەسەرچاوەکانی دەستوور، بڕیاری خێرای گۆڕینی بەرپرسی لقەکان بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی نێچیرڤان بارزانی لەگۆنگرەی ١٣، مەبەست لێی گەمارۆدانی نچێرڤان بارزانیە لەکۆنگرەدا، سەرچاوەکە وتی "چونکە زۆرینەی بەرپرسە نوێیەکانی بەم دواییانە دەست بەکاربوون، بەفلتەری دەزگای پاراستندا تێپەڕیوون، بەرۆبۆتەکانی پاراستن هەژماردەکرێنو زۆر مەحاڵیشە ئەوان بۆ نچێرڤان ببنە ماڵ، بۆ کۆنگرە کاری بۆ بکەن ئەگەر بێتو داواشیان لێبکرێت".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت بەڵام نێچیرڤان بارزانی بەو هەوڵانە ساردنابێتەوەو بەردەوامدەبێت، وتی "زۆربەی گۆڕانکارییەکانی نێچیرڤان بارزانی دوای کۆنگرە هەستی پێدەکرێت".

سەرچاوەکە دەڵێت هەر لەئێستاشەوە هەندیك لەبەرپرسانی پارتیو لەئاستی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی لقەکان، کەوتوونەتە خۆحەشاردان لەژێر باڵی "براگەورەکانیان" تاوەکو گسکەکەی نێچیرڤان رایاننەماڵێ.

**دەزگای پاراستن یەکلاکەرەوە دەبێت**

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور رۆڵی دەزگای پاراستن لەکۆنگرەی پارتیدا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، لەهاوکێشەی سیاسی ئەم حیزبەدا رۆڵێکی سەرەکی بینیوە، بەتایبەتی لەدەرچوونو دەرنەچوونی کاندیدەکان بۆ کۆمیتەی ناوەندی.

سەرچاوەکە وتی "لەبەر ئەمەشە زۆربەی ئەوکەسانەی کە بەنیازن خۆیان بپاڵێون بۆ کۆنگرە، بەپلە یەك لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان لەپاراستن نزیکبکەنەوە یاخود بەرپرسە باڵاکانی ئەو دەزگایە، چونکە بەشی زۆری ئەو ئەندام کۆنگرانەی کەدێنە کۆنگرە بەفلتەری پاراستندا تێپەڕیوون، هەروەك چۆن بینیمان بۆ دانانی بەرپرسی لقە نوێکان کەزۆربەیان پاراستن بوون، کەدەرەنجام هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بۆ گەلەکۆمەکێیە لەنێچیرڤان بارزانیو ناچارکردنی بەوەی قایلبێ پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی پێ بدرێت، نەوەك لەڕێگەی دەنگدانو دەنگی تەواوەوە تموحی تر بەدیبهێنێ".



تەقینەوە خۆکوژەکان پۆلیس ئاگادارکرابێتەوەو هیچ ئیجرائاتێك نەکرابێت، بچنە دادگاو سکاڵا لەسەر ئەو لایەنە تۆماربکەن، کە کەمتەرخەم بووە".

عەرەبەکان داوادەکەن دۆسیەی ئەمنی شارەکە نەدرێتە فیرقەی ١٢، بەڵکو فیرقەیەکی تری سوپا لەخوارووو و ناوەڕاستی عێراقەوە بهێنرێتە کەرکوك، بەبیانووی ئەوەی بەهۆی ئەوەی زۆربەی فیرقەی ١٢ لەخەڵکی کەرکوکن، دەبنە لایەنگری نەتەوەیەك.

تورهان موفتی دەڵێت تورکمانەکان داوا لەحکومەتی عێراق دەکەن، فیرقەیەك لەنەتەوەی تورکمان پێکبهێنرێتو رەوانەی کەرکوك بکرێت، وتی "چونکە کوردو عەرەب هێزی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام تورکمان هیچ هێزێکی نییە".

**عەرەب داوای راگرتنی سەرژمێری دەکەن**

هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لەکەرکوك داوای راگرتنی سەرژمێری گشتی دانیشتووانیان کرد، بەبیانووی ئەوەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە زیادەڕوییەکی زۆر کراوە لەلایەن کوردەکانەوە، بەرپرسە کوردەکانیش دەڵێن تائێستا حکومەتی عێراقیو وەزارەتی پلاندانان لەسەر ئاماری پێش ٢٠٠٣ بودجە بۆ شارەکە دەنێرن.

کوردەکان پێیانوایە ئەو هەوڵانەی لایەنە عەرەبییەکان تەنها هەوڵدانە بۆ تەعریبکردنەوە شارەکەو هۆکاری سیاسییە.

ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لەکەرکوك، نامەیەك ئاراستەی سەرجەم لایەنە سەرپەرشتیارو جێبەجێکەرەکانی دەوڵەت دەکەن، بەراگرتنی بەپەلەی پرۆسەی سەرژمێری گشتی لەکەرکوك.

لەنامەکەدا هاتووە "تا کۆتایی بەسەرپێچیو زیادەڕۆیی دێت، پرۆسەکە رابگیرێت، چونکە ئەو زیادەڕوویانەی کوردەکان لەسەر خواردنی مافی پێکهاتەکانی تری شارەکەیە".

رێبوار تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەوەکالەت بەدەستووری راگەیاند کەوەزارەتی پلاندانانی عێراقی بەشێکی کەمی بودجەی بۆ کەرکوك داناوە، چونکە تائێستا ئەو وەزارەتە لەسەر ئاماری پێش ٢٠٠٣ بودجە بۆ پارێزگاکان تەرخاندەکات.

تاڵەبانی وتی "ئێمەش هەوڵی گۆڕانکاری ئەو پلانە دەدەینو سەرژمێری ٢٠١٠ی شاری کەرکوك لەبەرژەوەندی شارەکەیە، چونکە نەخشەی پلانی دەگۆڕێت بۆ جۆریکیتر".

هەروەها وتی "بەو سەرژمێرییە هیچ لایەنێك بیانووی نامێنیت".

محەمەد کەمال ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وتی "ئەوانەی داوادەکەن سەرژمێری رابگیرێت زۆر بێ ئاگان، ئەگینا ئەمڕۆ سەرژمێری بەتەنها ئەوەنییە کەعەرەبو کوردو تورکمان دیاریبکات، سەرژمێری هەمووی داتای زانیارییەو گەنجینەیەکە لەزانیاری".

هەروەها وتی کەلایەنە کوردییەکان لەگەڵ سەرژمێرییەکدان کە بەشێوەیەکی شەفاف بکرێت، وتی "ئێمە بەهیچ شێوەیەك رازی نابین دوابکەوێت".

**کوردەکان: چۆڵکردنی گوندەکان مەرامی سیاسییە**

هەفتەیەکە داوایەکی وەزارەتی نەوتی عێراق تەواوی بەرپرسانی شاری کەرکوکی سەرقاڵکردووە، بەوەی چەند گوندێك کەنزیکە لەکانگە نەوتییەکانەوە چۆڵبکرێن.

ئەو وەزارەتە داوای لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە، هەریەکە لەگوندی مامشۆو مەرعییەو عەلەخێر چۆڵبکرێن، بەبیانووی ئەوەی نزیکی بیرە نەوتییەکانە، بەڵام کوردەکان ئەوە رەتدەکەنەوە، ئەگەرچی عەرەبەکان لەگەڵ ئەو داوایەدان.

محەمەد کەمال بەدەستووری وت "ئەو داوایە جفرەیەکە لەسەردەمی سەدامەوە، ئەگینا ئەو دێیانە گەڕانەوە شوێنی خۆیانو هیچ زەرەرێکیان نییەو بەچەندین کیلۆمەتریش دوورن لەبۆری نەوتەوە".

هەروەها وتی "هەموو ئەو داوایە بەشێکە لەهەڵمەتی تەعریبو دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە".

*** معاز فەرحان بەشداری لەم راپۆرتەدا کردووە.**



# کوردانی باکوور بایکۆتی ریفراندۆم دەکەن

## لەمەسەلەی دەنگدان لەسەر هەموارکردنەکانی دەستوور، ئۆتۆنۆمی دیموکراتی، دژەکان لەبەرامبەر کورددا یەکدەخات

محەمەد عەلی کەمال

سەرکردەکانی بەدەپەو سەرۆك شارەوانیو کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیا، دەڵێن هەمواکردنەکانی دەستوور رەتدەکەنەوە، لەبەرامبەردا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی پێشکەشدەکەن، کەلایەنە نەیارەکانی بەرامبەر کورد یەکخستووە.

دوای ئەوەی عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی ئامەد لەکۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ کوردانی دانیشتووی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا، رایگەیاند ئەوان لەبەرامبەر پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتیدا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی پێشنیازدەکەن، هەروەك بایکۆتی ریفراندۆمەکەی ١٢ی ئەیلول دەکەن کەبریارە لەسەر دەستووری هەموارکراوی تورکیا ئەنجامبدرێت، جگە لەوەی لەلایەن سەرانی پارتە جیاوازەکانی تورکیاوە چەندین تۆمەت خرایە پاڵ خۆیو پارتەکەی، سکاڵای لەسەر تۆمارکراو لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەستپێکرد.

**بایدەمیر: با کوردستان پەرلەمانی هەبێت**

لەشاری دەرسیمی باکووری کوردستان عوسمان بایدەمیر سیمینارێکی لەژێر ناوی "بابەتی بەموخاتەب وەرگرتن لەکێشەی کورددداو ئۆتۆنۆمی دیموکراتی" سازکردو تێیدا رایگەیاند "ئێمە پێشنیازدەکەین لەپاڵ پەرلەمانی تورکیادا، ناوچەی مەرمەرە پەرلەمانی خۆی هەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا کوردستانیش بەهەمان شێوە پەرلەمانی خۆی هەبێت، لەبەرامبەر پرۆژەکەی ئەردۆگاندا کەبریتییە لەپرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی، ئێمە ئۆتۆنۆمی دیموکراتی پێشکەشدەکەین".

بایدەمیر وتیشی بەهۆی ئەوەی حکومەتی تورکیا ئازادی رادەربرینی سنوردارکردووە، زۆرجار بەبریارەکانی دادگای مافەکانی مرۆڤ لەئەوروپا مەحکوم دەبێت.

**لێکۆڵینەوە لەگەڵ بایدەمیردا دەستپێکرد**

بەهۆی وتەکانی ئەو سیمینارەوە کە لەشاری دەرسیم بەستبوویو تێیدا باسی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کردبوو، داواکاری گشتی لەو شارە سکاڵایەکی یاسایی لەسەر عوسمان بایدەمیر تۆمارکردو بۆ ئەو مەبەستەش لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەستپێکرا، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە لێپێچینەوەی تەواوی لەگەڵدا ئەنجامدرا. دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەلایەن داواکاری گشتییەوە لەکاتێکدایە جەمیل چیچەك چەندین وتەی نەشیاوی لەبەرامبەر بایدەمیرو پارتی ئاشتیو یەکسانیدا کردووە، هەمووانیش بەرامبەری بێدەنگن.

لەنێو ئەو وتانەشدا جەمیل چیچەك جێگری سەرۆك وەزیری تورکیا بەعوسمان بایدەمیر دەڵێت "ئەگەر سەیری رۆژنامەکانتان کردبێت، چەند کەسێکی نابەرپرس هەر لەخۆیانەوە بەجێو بێجێ قسەدەکەن، بێ ئەوەی هیچ سودێکی هەبێت".

**بایدەمیر: ئەگەر پێشنیازێکتان نییە، بێدەنگبن**

لەبەرامبەر وتەکانی جەمیل چیچەکدا عوسمان بایدەمیر رایگەیاند "ئەوە پێشنیازی ئێمەیەو ئەگەر ئێوەش پێشنیازێکتان نییە، ئەوا بێدەنگبن".

بایدەمیر لەبارەی ریفراندۆمەکەی مانگی ئەیلولەوە رایگەیاند لەو ریفراندۆمەدا سندوقەکان بە بەتاڵی دەمێننەوە، "چونکە ئەمە ریفراندۆمێکی هەروا سانا نییە بۆ ئێمە".

بایدەمیر دەڵێت ئەوانەی کەدەنگی بەڵێ یاخود نەخێر بەکاردەهێنن، نازانن لەبەرچی ئەو دەنگە دەدەن، "بەڵام ئێمە کەبایکۆتی هەڵبژاردن دەکەین، دەزانین هۆکارەکەی چییە. تا ئەو کاتەی دەستوورێکی نوێ دەنووسرێتەوەو بەدەنگ خواستەکانی ئێمەوە دێن، بایکۆتی ئێمە بەردەوامیدەبێت".

بایدەمیر وتی "با ئەردۆگان بە نیاز نەبێت لەنێو خاکی ئێمەدا دەنگ بهێنێت، چونکە پارتەکەی ئەو لەم ناوچانەدا بوونی نەماوە. ئەگەر ئەو مافەکانی میللەتی ئێمە بەرەسمی نەناسێت، چاوەڕوان نەبێت خەڵکی ئێمەش ئەوی قبوڵ بێت".

**باخچەلی: پێویستە کوردەکان بدرێنە دادگا**

دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا، لەبارەی لێدوانەکانی عوسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانی ئامەدەوە، داوای لەحکومەتو داواکاری گشتی ئەو وڵاتە کرد، کەرێوشوێنی پێویست لەدژی بایدەمیر بگرنەبەرو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن. باخچەلی وتی "ئەو پرۆژەی کرانەوەو داڕووخانەی کەوەزیری ناوخۆو چەند کەسێکی دیکە لە ١ی ئابی ساڵی ٢٠٠٩دا رایانگەیاند، کام قۆناغەی بریتییە لەئۆتۆنۆمی دیموکراتی؟ ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو هەنگاوە؟ ئایا ئەم قسە بێ واتایانە لەبارەی ئاڵاو ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە دەرەنجامی ئەو کرانەوەیەیە؟".

دەوڵەت باخچەلی داوا لەحکومەت دەکات رێگە لەبۆچوونی لەجۆرە بگرێت، کەباس لەئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بکات، لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەرکەسێکدا بکات کەقسەی لەوجۆرە بەزاریدا بێت.

**پەکەکە: ئاکەپە بەدوای سەرکەوتنی بێ ماندووبووندا دەگەڕێت**

مستەفا کاراسو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆماجڤاکێن کوردستان (کەجەکە) رایدەگەیەنێت کەکورد ریفراندۆمەکەی کە لەسەر دەستووری هەموارکراوی تورکیا سازدەکرێت، بەهەند وەرناگرێت، وتی "ئاکەپەش دەیەوێت لەرێگەی سەرکەوتن لەو ریفراندۆمەوە سەرکەوتنێکی بێ ماندووبونی دەستبکەوێت، جارێکی دیکە بتوانێ لەهەڵبژاردنەکاندا رێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەستبهێنێتەوە".

کاراسو پێیوایە هەموارکردنەوەی دەستوور بەشێکە لەو پیلانگێڕییانەی لەساڵی ١٩٢٤ەوە لەدژی کورد دەستپێکراوە، هەر لەبەر ئەوەشە کەمیللەتی کورد بەهەندی وەرناگرێتو رەتیدەکاتەوە.

کاراسو وتی "لەنێو هەموارکردنەوەکاندا خواستەکانی کۆمەڵگەکانی ناو تورکیا لەبەرچاو نەگیراون، لەبری ئەوەش ئاواتەکانی گەلانی تورکیاو میللەتی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەبەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنراوەو بۆ سوودی خۆیان گۆڕانکارییەکان ئەنجامدراوە".

# کورد سێ داوای عەرەبو تورکمانەکان رەتدەکاتەوە

## سەرژمێری دانیشتووانو دۆسییەی ئەمنیو چۆڵکردنی گوندەکانی نزیک کانگە نەوتییەکان کوردەکان توڕەدەکات

*زانیار داقوقی

سێ داوای تورکمانو عەرەبەکانی شاری کەرکوك، کوردەکانی ئەو پارێزگایە بێزارەدەکاتو داواکانیان رەتدەکرێنەوە، کوردەکان ئەو سێ داوایە کەخۆی لەناکۆکی لەسەر دۆسییەی ئەمنیو سەرژمێری دانیشتووانو چۆڵکردنی گوندەکانی نزیك کانگە نەوتییەکان دەبینێتەوە، بەجارێکیتر هەوڵدان بۆ تەعریبی شارەکە دەگێڕنەوە.

**دۆسییەی ئەمنی کەرکوك ناکۆکی لەنێو نەتەوەکاندا دروستدەکات**

ماوەیەکە لایەنە عەرەبیو تورکمانەکان رەخنەی ئەوە دەگرن، کەتەنها پۆلیس ناتوانێت ئەمنیەتی شاری کەرکوك بپارێزێت، بۆیە داوای هێنانی هێزی تر بۆ ناوچەکە دەکەن.

عەرەبەکان داوادەکەن بە بەشداری پۆلیسو سوپای عێراقی ئەمنیەتی ناوخۆی شارەکە بپارێزرێت، تورکمانیش دەڵێن دەبێت سوپای عێراقی لەباشوورەوە رەوانەی کەرکوك بکرێتو دۆسییەی ئەمنی شارەکە بگرێتەئەستۆ.

تورهان موفتی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی، وتی "دەمانەوێت حکومەتی عێراقی سوپای عێراقی بۆ شاری کەرکوك رەوانە بکات، چونکە پۆلیس توانای سەقامگیری نییە".

موفتی وتی "لەئێستادا شاری کەرکوك باری ئارامی خراپەو پێویستی بەسوپای عێراقی هەیە، دەستوور رێگای بەسوپاداوە ئەگەر ئاڵۆزی لەهەرناوچەیەك بێت، دەبێت سوپا ئەو ناوچەیە بپارێزێت".

ئەو ئەندامە تورکمانە روونیکردەوە کەسەرجەم هاووڵاتیانی تورکمان بەکۆی دەنگ رەزامەندی بەهاتنی سوپای عێراقی دەدەن لەباشووری عێراق بۆ کەرکوك، چونکە پۆلیس لەکەرکوك لایەنگری هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردین، وتی "ئێستا بارودۆخی ئەمنی دەربارەی هاووڵاتیانی تورکمانو عەرەب باش نییە، چونکە ماوەیەکە کردەوە تیرۆرستییەکان عەرەبو تورکمانی گرتووەتەوە".

محەمەد خەلیل جبوری سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەدەستووری وت "لەنزیکی ١٠٠ مەترەوە لەپۆلیسی شارەکە کردەوەی خۆکوژی ئەنجامدەدریت، پۆلیس بێدەنگە، ئێمە بەمە ناڵێین سەقامگیری شارەکە".

محەمەد خەلیل ئەوەشی وت "بەپێی زانیاری نهێنی، ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەکەرکوکدا هەیە، بەڵام پۆلیس هیچ گوێ بەکەس نادات هیچ ئاوڕێك لەبارودۆخی ئەمنی نادەنەوە".

جبوری وەکو بەڵگەیەك نمونەی ئەوەی هێنایەوە کەپێش تەقینەوەکەی بینای پارێزگا، ئاگاداری ژووری سەنتەری هاوبەشەکانی کردووەتەوە کەئۆتۆمبێلێك لەدەوروبەری بینای پارێزگا بەنیازە خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێك ئەنجامنەدراوە".

سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك بەدەستووری وت "پێکهێنانی هێزی عەسکەریو هێنانی هێز بۆ کەرکوك، بۆچوونی تەنها شەخسیەو بۆ تەنها شەخس دەستوور ناگۆڕدرێت".

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوك ئەوەشی وت "ساڵانی رابردوو بارودۆخی کەرکوك ئاڵۆزبووە، بارودۆخی ئەمنی باش نەبوو، بۆ ئەو کات داوای هاتنی سوپا نەکرا بۆ شارەکە؟".

لەبارەی ئەوەی تۆمەتباریان دەکەن بەکەمتەرخەم لەئاست ئەو توندوتیژیانەی لەشارەکەدا دەکرێت سەرحەد قادر وتی "داوا لەو کەسانە دەکەین ئەگەر بۆ ئاشکرابوونی

# ژووری پلاستیکی خەیاری "کورد"ی دەتۆرێنێت

## داوای هەمەجۆرکردنی بەرهەمی ژوورە پلاستیکییەکان دەکرێت

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

بەرهەمی ئەو خەیارانەی لەنێو ژووری پلاستیکی بەرهەمدەهێنرێت، بەتەواوی لەبازاڕدا ساغنابێتەوە، چونکە خەڵکی زیاتر بەدوای خەیاری «کوردی»دا دەگەڕێن، جوتیاران داوادەکەن بەرهەمەکان هەمەجۆر بکرێن.

بەوتەی جوتیاران حکومەت نەیتوانیوە بەپێی پێویست هاوکاری ئەو جوتیارانە بکات کەخاوەن ژووری پلاستیکین، شارەزایانی بواری کشتوکاڵیش دەڵێن وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەی هەمەجۆرکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی نییە.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ پرۆژەی ژووری پلاستیکی لەهەرێمی کوردستاندا دەستپێکردو ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە. ژمارەی ئەو ژوورە پلاستیکییانەی لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا کەدەگاتە نزیکەی ٣٠٠٠ هەزار ژوور لەلایەن هەردوو کەرتی حکومیو ئەهلییەوە دروستکراون، بەڵام ئەو ژوورە پلاستیکییانە بەرهەمی جوتیارانی ساغنەکردەوە.

مستەفا تاهیر، کەخاوەن ژوورێکی پلاستیکییە لەگوندی دێکۆنی سەر بەناحیەی خورماڵ، دەڵێت بەرهەمهێنانی خەیار لەنێو ژووری پلاستیکیدا قازانجێکی کەمی هەبووە.

کاتێك ژوورە پلاستیکییەکەی مستەفا خەیارەکەی بەرهەمهێناوە، کیلۆیەك خەیار لەنێو ١٦٠ بۆ ٢٠٠ دینار بووە. ئەوەش بۆ ئەو قازانجێکی ئەوتۆ نییە.

مستەفا وتی «حکومەت تەنها یەك جۆر بەرهەمدەهێنێت لەنێو ئەو ژوورە پلاستیکییانەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەحکومەت نەیتوانیوە بەرهەمی دەرەوە بۆ ناوەوە قەدەغەبکات».

ئەو جوتیارانەی ژوورە پلاستیکیەکانیان هەیە داوای دەرمانو پەینی زیاترو کرێی گواستنەوە لەحکومەت دەکەن.

مستەفا وتی «هیچ قازانجێك ناکەین، بەڵکو تەنها ماندووبوون بۆ خۆمو خێزانەکەم دەمێنێتەوە، بۆیە ساڵێکیتر هیچ شتێك ناکەم».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٩دا، ٥٥ جوتیار ٦٦٦ خانووی پلاستیکیان پێدراوە، کەبڕی بودجەکەی دەکاتە ٤ ملیارو ٧٠٨ هەزارو ٤٨٥دینار، لە٦٠٪ پێشینەی کشتوکاڵیش دەدرێت بەجوتیاران، کەدەکاتە ٢ملیارو ٨٢٥ملیۆنو ٩١هەزار دینار.

بۆ ساڵی ٢٠١٠، ٦٤ جوتیار ٦٤٧ خانووی پلاستیکیان پێدراوە، کەبڕی بودجەکەی دەکاتە ٤ ملیارو ٨٦ ملیۆنو ١٥٤ هەزار دینار.

ئەو قەرزەی وەکو پێشینە دەدرێت بەجوتیاران، ماوەکەی ٣ ساڵەو جوتیاران ئەو ماوەیە بەماوەیەکی کەم دەزانن.

دیاری خالید محەمەد، کەماوەی سێ ساڵە ژوورێکی پلاستیکی هەیە، وتی «ئەو پارەیەی حکومەت دەیدا بەقەرز، ماوەی وەرگرتنەوەکەی کورتەو لەماوەی سێ ساڵدا لێیان وەردەگیرێتەوە».

دیاری وتی «ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ڕۆتیناتە لەدەزگاکاندا، جاری واهەیە پرۆژەیەکت هەیە ئەنجامی بدەیت، بەڵام تا واژۆیەکت بۆ دەکەن، ماوەی پرۆژەکەت بەسەردەچێت».

ئەو ژوورە پلاستیکیانەی کە لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتیدەکرێن، تەنها خەیاریان تیا دەڕوێندرێت، بەهۆی زۆری ئەو بەرهەمەشەوە بەتەواوی لەبازاڕدا ساغنابێتەوە، ئەمە جگەلەوەی کەهاووڵاتیان زیاتر خواستیان لەسەر ئەو جۆرە خەیارانەیە کە لەژوورە پلاستیکییەکاندا ناڕوێندرێتو بەخەیاری کوردی یان خۆماڵی ناودەبردرێن.

ئەحمەد عەبدولکریم سەعید ئەندازیارو سەرپەرشتیاری ژووری پلاستیکی لەسنووری هەڵەبجەی شەهید، وتی «کاری ئێمە لەتۆوناشتنەوە دەستپێدەکات تادەگاتە بەرهەمو کەوتنە بازاڕەوە، هەروەها لەچۆنیەتی پێدانی تۆو و پاراستنی خانووە پلاستیکییەکان لەنەخۆشی».

بەوتەی ئەو سەرپەرشتیارە لەساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ توانرا سەرکەوتنێکی باش بەدەستبێت لەبەرهەمی ژووری پلاستیکی، بەڵام ٢٠١٠ بەهۆکاری زۆربوونی خانووی پلاستیکیو زیادبوونی بەرهەم لەبازاڕدا وایکرد ببێتە هۆی هاتنەخوارەوەی نرخی بەرهەمەکان لەبازاڕدا.

ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەحمەد عەبدولکریم وتی «نرخی یەك کیلۆ خەیار بە١٥٠ دینار یان هەندێکجار بۆ جوتیار نەدەفرۆشرا».

عەبدولتەواف سەفوەت، کەجوتیارێکی عەرەبەو سەرپەرشتی ٢٤ ژووری پلاستیکی دەکات لەشارەزوور، وتی «ئەم ژوورە پلاستیکیانە هی کۆمپانیایە، بۆیە تۆوەکان خۆمان دابینی دەکەینو حکومەت دەرمانمان بۆ دابیندەکات، بەڵام هاوکاری حکومەت بەپێی پێویست نییە«.

سەفوەت باسی ئەوەی کرد کەئەوان بەرهەمەکانیان لەبازاڕدا ساغدەبێتەوە، چونکە هەموو جۆرە بەرهەمێك دەکەن، وەك تەماتەو کولەکەو خەیارو باینجان.

حکومەت ژووری پلاستیکی دەدات بەو جوتیارانە کەخاوەن زەویو بیری ئاون، بۆ ماوەی سێ ساڵ هاوکارییان دەکات لەڕووی دەرمانو تۆو و ژووری پلاستیکیو ئەمە سەرەڕای دابینکردنی ئەندازیاری سەرپەشتیار.

فەرەیدون حسێن بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «دروستکردنی ئەو ژوورە پلاستیکیانە پرۆژەیەکی حکومەت بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ بۆ هاوکاری جوتیارو بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لەکوردستاندا، ئەو هاوکارییەش لەڕێگای بانقی کشتوکاڵیەوە بوو».

فەریدون ئەوەی ڕوونکردەوە کەحکومەت هاوکاری مادی جوتیار دەکات، بەڵام بەمەرجێك ئەو هاوکارییە مادییە لە٨٠ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەمە سەرەڕای هاوکاریکردنی جوتیار لەدابینکردنی دەرمانو تۆو و ژووری پلاستیکیو ئەندازیاری کشتوکاڵی بۆ سەرپەرشتیاری ژوورەکان.

ئەحمەد عەبدولکەریم ئەندازیاری کشتوکاڵی دەڵێت کە لە٪٩٠ی ئەو ژوورە پلاستیکییانە کراون بەخەیار. وتی «ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەمە وادەکات ئەو بەرهەمە ساغنەبێتەوەو هەندێك لەجوتیاران ساردببنەوە».

داوایکرد وەزارەتی کشتوکاڵ چاو بە بەرنامەکانیدا بخشێنێتەوە بۆ هەمەجۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی.

> »
> ٣٠٠٠ هەزار ژووری پلاستیکی لەهەرێمدا هەیە
> «



بەرهەمەکانیان ساغنابێتەوە

فۆتۆ: محەمەد نەجیب

---

# ئاوارەکان لەحکومەت ناڕازین

## ژیانێکی ناڕەحەت لەکەمپەکان بەسەردەبن، ڕەزوباخەکانیشیان وێرانبوون

ئا: فەرمان چۆمانی

دانیشتووانی گوندەکانی سەر سنوور کە بەهۆی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئاوارەبوون، گلەیی لەشێوازی قەرەبووکردنەوەو بەهاناچوونی حکومەتی هەرێم دەکەن.

بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە، ماوەی دوومانگە زیاتر لە ٥٠٠ خێزانی گوندەکانی بناری قەندیل ئاوارەبوون، دەڵێن هێشتا پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە هەنوکەییەکانیان بۆ دابین نەکراوە.

ڕەخنەش لەشێوازی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان دەگرن، دەڵێن دادپەروەری پەیڕەونەکراوە لەدابەشکردنی هاوکارییەکان بەسەر خێزانەکاندا.

حسێن عەبدوڵڵا ئەنجومەنی گوندی ئاشقۆڵکە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «گوزەرانمان لەو پەڕی خراپیدایە، تەنها قەرەبووی چەند ماڵێك کراوەتەوە».

حسێن عەبدوڵڵا دەڵێت ئێستا بنکەی تەندروستیان نییە، وتی «تەنها چەندجارێك کە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکات، لیژنەی تەندروستی بۆ ماوەی یەك دوو سەعات هاتوون، زۆر شەوان تووشی نەخۆشی دەبینو دەبێت بچینە سەنگەسەر، تا ئۆتۆمبیلێکمان دەستدەکەوێت زۆر هیلاکدەبین».

لەسنووری ناحیەی سەنگەسەردا دوو کەمپ بۆ ئاوارەکان کراوەتەوە کە ٥٨٥ خێزانی ئاوارەبووی تێدا دەژین، حکومەت کەلوپەلی سەرەتایی پێداون، لیژنەی پزیشکیش سەردانی کردوون.

پارێزگاری سلێمانیو دواتر سەرۆکی حکومەت سەردانیانکردوونو بەڵێنی هاوکاری زیاتریان پێداون.

عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر دەڵێت حکومەت چادرو قەرەوێڵەو خواردنی بۆ ئاوارەکان دابینکردووە، ڕۆژانەش فەرمانگەی ئاوی سەنگەسەر بەهاوکاری یونسێف ئاویان بۆ دابیندەکات.

عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەکرد کە ٤٠ تەوالێتو ١٢ گەرماو بۆ دوو کەمپەکە درووستکراون، ٢٥ تەنکی ئاوی خواردنەوەش دابینکراوە. وتی «سەرەتا حکومەتی هەرێم تیمێکی لەنەخۆشخانەی شۆڕشو بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی سلێمانی ناردووەو سەردانی کەمپەکەیان کردووە، دەرمانی پێویستی پێداون، نەخۆشخانەی سەنگەسەریش ناوە ناوە سەردانیان دەکات».

خەڵکی گوندەکانی بناری قەندیل دەڵێن بەهۆی ئەوەی ناوچەکەیان لانکەی هەموو شۆڕشەکان بووە، بەردەوام تووشی ناڕەحەتیو ئاوارەیی بوون، گلەیی ئەوە دەکەن حکومەتی هەرێم لەچاو ئەو قوربانیدانانەدا هیچی ئەوتۆی بۆ نەکردوون.

حسێن لەهاوکارییەکانی حکومەتی هەرێم ڕازی نییە، وتی «دەبێت حکومەت جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا نەکات، چونکە ئەو بڕە قەرەبووەی بۆ ئاوارەکان هات، هەمووانی نەگرتەوەو چەند ماڵێك پارەیان وەرگرتووە، تەنها ڕۆژێکیش لەو کەمپە نەژیاونو ئاوارەش نەبوون».

حسێن دەڵێت گلەییان لەڕێکخراوەکانیش هەیە، کەچەندجارێك سەردانیانکردوونو لیستیان پێپڕکردوونەتەوەو هیچیان بۆ نەکردوون.

پورە مریم، تەمەن ٥٥ ساڵان لەگەڵ ژنێکیتری هاوتەمەنی خەریکی خواردنی نانی وشكو چا بوون وتی «لێرە لەو پەڕی ناخۆشیدا دەژین، کارەبامان نییە، بۆیە داواکارین ئاوڕمان لێبدرێتەوەو ژیانمان بۆ بگێڕدرێتەوە».

بەهۆی ئاوارەبوونو چۆڵکردنی گوندەکانەوە، ڕەزوباخو کشتوکاڵی جوتیارەکان بێسەرپەرشت ماونەتەوەو بەرەو وێرانبوون دەڕوات.

جوتیارەکان دەڵێن ئەمساڵ بەرهەمی قەندیلییەکان نابێت، چونکە ئەو تۆپبارانە ڕێگەی نەدا تەماتەو خەیار بکەنو ڕەزوباخەکانیان خزمەت بکەن، هەموویان خەریکە وشك دەبن.

حسێن وتی «هەموو ساڵێك نزیکەی سێ ملیۆن دینارم دەستدەکەوت لەکاسبی زەویو باخەکانم، بەڵام ئەمساڵ هیچم نەکرد لەترسی تۆپباران، هەر بەم هۆیەشەوە بەرهەمی هەنگوینی قەندیلیش نابێتو هەنگەکانی تووشی نەخۆشی بوونو لەناوچوون».

پورە مریم، وتی «ئەمساڵ هیچ بەرهەمێکمان نەبووەو زیانێکی گەورەمان بەرکەوتووە، داهاتمان لەسەر زەویو باخەکانمان بوو، کەچی هیچمان نەما».

عەبدوڵڵا ئیبراهیم دەڵێت حکومەتی هەرێم پێداویستییەکان بۆ ئاوارەکان دابیندەکات کە لەکەمپەکانن، دواتریش کەبارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، لیژنەیەك سەردانی ناوچەکە دەکاتو قەرەبووی ئەو هاووڵاتیانە دەکاتەوە کەزیانمەندبوون.

عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئاماژەی بەوەدا نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەڕێگەی وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانەوە، بڕی یەك ملیۆن دیناری داوە بە ٤٢٨ خێزان، وتی «بەڵام ٣٨٠ خێزانیش ماونەتەوە ئەو بڕە پارەیە وەربگرن، هەوڵی زۆرمانداوە بۆ ئەوانیشو ئومێدمان زۆرە کە لەماوەیەکی نزیکدا بۆیان بێت».



گلەییان لەشێوازی قەرەبووکردنەوە کە هەیە

# ”ناتوانین خواردنی سەر شەقامو كۆڵانەكان كۆنترۆڵ بكەین“

## رزگار عەلی بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بۆ دەستوور



رزگار عەلی بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی

سازدانی: معاز فەرحان

**بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی دەڵێت ناتوانن خواردنو خواردنەوەی سەر جادەو كۆڵانەكان كۆنترۆڵ بكەن، وتی ”ئەوانە مەرجی تەندروستیشیان نییەو دەبنە هۆی دەیان نەخۆشی جۆراوجۆریش“.**
**رزگار عەلی ئاماژە بەوە دەدات كەتەنها لەماوەی شەش مانگدا تیمەكانیان ٤٥٧ شوێنی گشتییان غەرامەكردووەو ٥٤ شوێنی گشتیش داخراون.**

**دەستوور:** ئەو نەخۆشییانەی كە لەم وەرزەدا بڵاودەبنەوە چین؟

**د. رزگار عەلی:** دیارە خواردن چۆن گەشەو وزەی مرۆڤەو سەرچاوەی سوودە، بەڵام ئەگەر بەباشی هەڵنەگیرا یان پیسبوو، دەبێتە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، كۆمەڵێك نەخۆشی هەیە بەهۆی پیسبوونو خراپهەڵگرتنو تێكچوونی خواردنەوە دروستدەبێت، لەگرنگترین ئەو نەخۆشییانە بەتایبەتی لەم وەرزی هاوینەو زیادبوونی پلەی گەرما، نەخۆشییەكانی سكچوونو رشانەوەیە لەناو ئەو نەخۆشیانەشدا ترسناكترینیان كولێرایە، كەرەنگە ئەگەر نەخۆشەكە لەچەند رۆژێكدا چارەسەرنەكرا، گیانلەدەستبدات، جگە لەنەخۆشییەكانی سكچوونو رشانەوە نەخۆشی گرانەتاو تای ماڵتاو هەوكردنی جگەریی ڤایرۆسیو پاشان ئەو نەخۆشیانەی كە لەڕێگای كرمەوە دروستدەبن بۆ نموونە كرمی دەرزی لەرێگەی خواردنو ئاوەوە بڵاودەبنەوە.

**دەستوور:** پێشبینیدەكەن ئەمساڵ ئەو نەخۆشییانە بڵاوببنەوە؟

**رزگار عەلی:** لەڕاستیدا لەهەموویان زیاتر بڵاوبێت، نەخۆشی سكچوونو رشانەوەیە، دیارە ساڵانە لەوڵاتی ئێمەشدا هەیە، بەڵام خۆشبەختانە چەند ساڵێكی زۆرە كولێرامان نەدیوە، تائەم حاڵەتەی كەئێمە قسە دەكەین لەسلێمانیدا یەك حاڵەتی كولێرا تۆمارنەكراوە، ژمارەیەك لەم وەرزانەدا سكیاندەچێت، بەڵام حاڵەتی مەترسیداریان تێدانەبووە، ئەو رێوشوێنانەی كەگرتوومانەتەبەر دیارە لەسەرەتای هەموو وەرزێكی گەرمادا وەكو بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن، كەپێشبینی ئەوە دەكەین نەخۆشییەكانی سكچوونو رشانەوە زیاددەبێت، بەهۆی زیاد بەكارهێنانی خەڵك بۆ ئاو و خواردنو بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو زوو خراپبوونی خواردن.

**دەستوور:** رێنماییە تەندروستییەكان چین بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشیانە؟

**رزگار عەلی:** لەسەرئاستی بەڕێوەبەرایەتییەكەمان هەمیشە لەڕێگای دەزگاكانی راگەیاندنەوە رێنمایی بەهاووڵاتیان دەدەین، تەنها ئاوی خاوێنی بەلوعەكان كەكلۆری تێكراوە، بەكاربهێنن بۆ خواردنەوە، بەهیچ جۆرێك ئاوی كانیو بیرەكان بەكارنەهێنن، لەگەڵ ئاوی بوتڵكراو، ئەگەر ئەویش نەبوو دەتوانرێت ئاوی بیر بەكاربهێنرێت، بەڵام بەمەرجێك كەكلۆرو حەبی بۆ بەكاربهێنرێت كەبەخۆڕایی دەدرێت بەهاووڵاتیان، بەناچاری دەبێت هاووڵاتیان ئاوی بیر بەكاربهێنن تائەو كاتەی كەدەتوانرێت نابێت ئاوی بیر بەكاربهێنرێت.

دووەمیش شوێنی هەڵگرتنی خواردن كاریگەرییەكی زۆری هەیە ئەو گۆشتەی كەئەمرۆ دەكڕدرێت، رەنگە بەدوو سەعات خراپبێت، بۆیە رێنمایی هاووڵاتیان دەكەین كەخواردن بۆ یەك ژەم لێبنێن باشترە بەگەرمی بخورێت، ئەو خواردنانەی كەزوو تێكدەچن، پێویستە لەشوێنی ساردا هەڵبگیرێن ئەمە وەكو رێنمایی بۆ هاووڵاتیان، ئێمە وەكو خۆمان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ناو شارو دەرەوەی شار هاوكارییەكی زۆریان كردووین، بە بەردەوامی چاودێری پرۆژەكانی ئاو دەكەین، هەركاتێك كەتێبینیو سەرنجمان هەبێت ئاگاداریان دەكەینەوە بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە.

**دەستوور:** كۆمەڵێك خواردنی خێرا لەسەرشەقامو شەقامەكاندا هەن، ئایا ئەمانە نابنەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی؟

**رزگار عەلی:** بەداخەوە رەنگە یەكێك لەكێشەكان، خواردنی سەردانەپۆشراو و دەستگێڕی سەرجادەو كۆڵانەكان بن، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی خۆپارێزی تەندروستی لەڕاستیدا ناتوانین ئەمانە راستەوخۆ بنبڕی بكەینو دەریان بكەین، چونكە مۆڵەتیان لای ئێمەوە نییە ئەوانە مۆڵەتیان نییە، ئێمە هەمیشە نووسراو دەنێرین بۆ شارەوانییەكان، كەداوادەكەین كەشوێنیان بۆ دابین نەكات، لەلایەكی تریشەوە هاووڵاتیان هۆشیاردەكەینەوە كەخواردنی سەر عەرەبانەكان بەكارنەهێنن، ئەوانەشی بەكاریدەهێنن قوتابیو كرێكارن، ئێمە هەوڵماندا لەگەڵ شارەوانیدا كەهەندێك لەو عەرەبانانە پیشەكانیان بگۆڕدرێن، هەندێك یارمەتی مادی بدرێن بۆ ئەوەی پیشەكەیان بگۆڕن لەباتی ئەو خواردنانە یاری منداڵان بفرۆشن، ئێمە دژی فرۆشتنی ئەو خواردنانەین، بەڵام وەكو كاری یاسایی دەسەڵاتی ئەوەمان نییە دەریان بكەینو لایانبەرین، لەژێر رێنمایی ئێمەدا كارناكەن ناتوانین چاودێرییان بكەین.

**دەستوور:** ئایا چاودێری چێشتخانەكان دەكەن؟

**رزگار عەلی:** چێشتخانەكان مۆڵەت لای ئێمە دەردەهێنن، سێ مەرجمان هەیە بۆیان، یەكەم ئەو كرێكارانەی كەكاردەكەن پشكنینی پزیشكیان بۆ دەكەین، دووەم دەبێت مەرجی تەندروستی لەشوێنەكەدا هەبێت، سێیەم مەرجی تەندروستییە لەو ئامێرانەی كەبەكاردەهێنرێن.

**دەستوور:** بەپێی زانیارییەكانی ئێمە، كۆمەڵێك چێشتخانەی راقی كەموكورتیان هەیە لەجۆری خواردنەكانیاندا سزای ئێوە بۆ ئەوان چی بووە؟

**رزگارعەلی:** دیارە هەماهەنگیو هاوكاری لەنێوان ئێمەو بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەرییدا هەیە، قەدەغەكردنی خواردن لەلایەن فێتەرنەرییەوە، ئێمەش كاری پێدەكەین، دیارە كۆمەڵێك لەچێشتخانەكان رەنگە رۆژانە سەرپێچی بكەن سێ شێوە سەرپێچی هەیە، سەرپێچی ساناو ناوەندو گەورە، یەكەمیان پەیوەندی بەكرێكارەكانەوە هەیە كە لەو شوێنەنانەدا كاردەكەن، ئەمە سەرپێچیەكی سانایە رەنگە ئاگاداریان بكەینەوە یان سزایەكی مادی كەمیان بدەین، ئەگەر سەرپێچیەكی مام ناوەندی كرا، ئەو كاتە غەرامە دەكرێن یاخود دادەخرێنو ئەگەر گەورەش بوو، ئەو كاتە غەرامەی دەكەینو دایدەخەین.

**دەستوور:** بابەتێكیتر ئێستا كارگەكانی ئاوی خواردنەوەیە، ئایا هیچ جۆرە سەرپێچیەك لەكارەكانی كارگەكانی ئاودا دەبینن كەئێستا ژمارەیان زۆرە؟

**رزگار عەلی:** دیارە لەهەموو كارگەكانی ئاو و خواردندا سەرپێچی هەر دروستدەبێت، بەڵام دیارە سلێمانی نەك بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆم، بەپێی هەڵسەنگاندنی تیمێكی پسپۆڕ كە لەبەغداوە هاتبوون، سلێمانی بەباشترین شار دەرچوو كەزۆرترین مەرجی تەندروستی تێدایە، دەتوانم بڵێم كەلێرەوە كار بۆ ئەوەدەكەین كەسلێمانی پایتەختی تەندروستی بێت لەڕووی پاكوخاوێنی گشتییەوە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا كۆمەڵێك كەموكورتیو سەرپێچیش هەیە. دیارە لەبەشێك لەشوێنە گشتیەكاندا سەرپێچی هەن، لەكارگەكانیشدا دەكرێت سەرپێچی هەبێت، بۆ نموونە دیوارەكانی كاشی نەبووە، ئاوەڕۆكانی دفن نەبووە، ئاوەكەی نەگەیشتووەتە هەموو ژوورەكان ئەمانەو چەندین شتی دیكە سەرپێچی تەندروستین.

**دەستور:** ئایا كارگەكانی ئاو بەپێی رێنمایی ئێوەو لەژێر چاودێری ئێوەدا كاردەكەن؟

**رزگار عەلی:** دیارە لەسلێمانیدا دوانزە ١٢ كارگەی ئاوی بوتڵكراو هەیە، كەمۆڵەتەكەیان لەبەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانییەوە دەردەچێت، لەژێر چاودێری ئێمەدان، بەپێی پێویست پشكنینیان بۆ دەكرێت.

**دەستوور:** ناو بەناو لەسلێمانی شارەوانی خەریكی هەڵكەندنو گۆڕینی بۆری ئاوە كەئەمەش پەیوەندی بەئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیانەوە هەیە، ئایا هەماهەنگی لەنێوانتانا هەیە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان پیسنەبێت؟

**رزگار عەلی:** یەكێك لەو هۆكارانەی كە لەسەرەتاوە پێم راگەیاندی، ئەوەیە بۆ بنبڕكردنو رێگرتن لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی سكچوونو رشانەوە، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم كەئێستا مەترسیەكەمان رەوییوەتەوە، چونكە هێڵی دووەمی ئاوی دوكان گەیشتووەتە سلێمانی، هاتنی ئەم هێڵە وادەكات نزیكەی ٨٠بۆ لە٩٠٪ دانیشتووانی سلێمانی ئاوی پاكیان بگاتێ، جگە لەهاتنی ئەم هێڵە بەهاوكاریو هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ناوشارو دەرەوەی شار، هێڵە كۆنەكان دەگۆڕن، چونكە ئەم تۆڕە كۆنانە ئەگەری رزینو تێكەڵبوونیان هەیە بەئاوی زێرابەكان، گۆڕینی بۆریو تۆڕی ئاوەكان كەئێستا خەریكین دەیان گۆڕین، هۆكارێكی باشن بۆ كەمكردنەوەی نەخۆشی سكچوونو رشانەوە.

**دەستوور:** كەواتە تەنسیق هەیە لەنێوان ئێوەو بەڕێوەبەرایەتی ئاودا لەكاتی گۆڕینی تۆڕەكانی ئاودا؟

**رزگار عەلی:** بەڵی یەكێك لەو رێنماییانەی كەئێمە هەمیشە دەیڵێین، ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت شاری سلێمانی لەسكچوونو رشانەوە بپارێزین، دەبێت هەموو ئاوەڕۆكان دفن بكەین، دەبێت ئاوی خواردنەوە بەبڕێكی خاوێنو گونجاو بگاتە ماڵان.

**دەستوور:** ئاماری ئەو سزادانو سەرپێچیانەی كە لەماوەی شەش مانگی رابردوودا تۆمارتان كردوون چەندن؟

**رزگارعەلی:** دەتوانم ئامارێكت بەكورتی بدەمێ كەچالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتییەكەمانی تێدایە لەماوەی شەش مانگدا، وەكو خۆپاراستنی تەندروستی ١٩٩٩٤ جار سەردانی شوێنەكانی فرۆشتنی خواردەمەنیمان كردووە، ٤٣٠٤ شوێنی گشتی لەبارەی مەرجی تەندروستییەوە ئاگاداركراونەتەوە، ٤٠٢ مۆڵەتنامە بەخشراونو ٩٧١ مۆڵەتنامە نوێكراونەتەوە، ٤٥٧ شوێنی گشتی غەرامەكراونو ٥٤ شوێنی گشتی داخراون.

هەروەها ٣٩ تەن و٩٦٥ كیلۆ خواردنو خواردنەوە لەجۆری ماستو چلورەو ساردیو گۆشتو مریشك دەستیان بەسەرداگیراوەو لەناوبراون.

# خانووە زیادەڕۆكانی پێنجوێن، بێقەرەبوو دەڕووخێنرێن

خالید مەحمود لەپێنجوێن



هاووڵاتیان گوماندەكەن رووخانی خانووەكانیان بۆ باخچە بێت

شارەوانی پێنجوێن بەنیازە خانووە زیادەڕۆكانی گەڕەكی ناوشاخان بڕوخێنێت بەمەبەستی دروستكردنی باخچە، بەبێئەوەی قەرەبوویان بكاتەوە، دانیشتوانی خانووەكانیش دەڵێن تا قەرەبوو نەكرێنەوە چۆڵی ناكەن.

ئەو خانووانە كە بەخانووە قوڕەكان ناسراون، لەدوای راپەڕینو ئاوەدانكردنەوەی پێنجوێن لەلایەن خەڵكی هەژارەوە دروستكراون، كەئەوكات شارۆچكەكە شارەوانی نەبوو.

دنیشتووانی ئەو خانووانە دەڵێن گومانیان لەنییەتی حكومەت هەیە، كەجێگەی خانووەكانی بۆ باخچە نەبێت، بەڵكو بۆ بازاڕو بینا دروستكردنی بێت، بەهۆی ئەوەی كەنزیكە لەبازاڕەوە.

ئەحمەد حەسەن، ٥٥ ساڵ، هاووڵاتییەكی نیشتەجێی ئەو گەڕەكەیە، دەڵێت ئەو گەڕەكە تائێستا زۆرێك لەخزمەتگوزارییەكانی بۆ نەرۆیشتووە، وەك كارەباو قیرتاو و تەلەفۆن.

ئەحمەد وتی ”لەم ساڵانەی دوایدا ناوبەناو پێمان دەڵێن لەشارەوانیەوە هاتووین، پێتان رادەگەیەنین كەخانووەكان تێكبدەن، چونكە دەكرێتە باخچە، بەڵام بەگومانین كەبۆ باخچە بێت، لەوانەیە بۆ قەیسەریو دوكان یان ماڵی بەرپرس بێت، چونكە شوێنەكەی زۆرباشو گرانبەهایەو نزیك بازاڕە“.

ئەو دانیشتووانە بڕیاریانداوە خانووەكان چۆڵنەكەن ئەگەر بۆ دروستكردنی بازاڕو بینای بازرگانی بێت، بەڵام بۆ دروستكردنی باخچە بێت، چۆڵی دەكەن ئەگەر بەزەویو پارە قەرەبوویان بكەنەوە.

محەمەد رەشید، ٤٠ ساڵ، دەڵێت كاتێك خانووەكانیان دروستكردووە، شارەوانی نەبووە، كەس نەیزانیوە نەخشەی شار چۆنە. وتی ”ئێستاش بەزارەكی پێمان دەڵێن بیڕوخێنن، نەك بەنووسراو، دەڵێن قەرەبووشناكرێنەوە“.

رەشید ئاماژەی بەوەدا چەندجارێك سەردانی شارەوانیان كردووە، پێیانوتوون ”ئیشمان بۆ كردوون“، بەڵام ئەوان نازانن ئەو ئیشە چییە كە بۆیان كراوە. وتی ”تەنانەت سەرۆكی شارەوانی پێی وتین لەسەردانەكەی بەڕێز عیماد ئەحمەد بۆ پێنجوێن بەڵێنیداوە قەرەبووتان بۆ بكاتەوە، بۆیە بڕۆن عەریزە بنووسنو داوای قەرەبووبكەن“.

بەڵام كاتێك عەریزەكانیان بردووە، سەرۆكی شارەوانی پێی وتوون، ”چاوەڕوانی وەڵامی شارەوانییەكانی سلێمانی بكەن، بزانین ئەنجامتان چی دەبێت“.

شارەوانی پێنجوێن لەساڵی ٢٠٠٠ەوە دامەزراوە، بەهۆیەشەوە رووبەڕووی چەندین گرفتی خانووی زیادەڕۆ بووەتەوە. كەپێش ئەو مێژووە دروستكراون.

ئازاد عەبدوڵڵا سەرۆكی شارەوانی پێنجوێن دەڵێت لەدوای راپەڕین چەندان ماڵ بەئارەزووی خۆیان بەبێ ئەوەی پرس بەهیچ لایەنێكی پەیوندیداری حكومی بكەن، زەویان كردووە بەخانوو لەسەر موڵكی حكومی، كەهەندێكیان لەسەرشەقام كردوویانە، ئەوەش لەگەڵ نەخشەدا ناگونجێت.

سەرۆكی شارەوانی دەڵێت ئەگەر بەگومانن لەوەی كەباخچەو پرۆژەی حكومی بێت، دەتوانن سەردانی بەشی هونەری لەشارەوانی بكەن، تا لەسەر نەخشە بەچاوی خۆیان بیبینن.

ئازاد عەبدوڵڵا ئاماژە بەوە دەدات لەنەخشەدا ئەو چەند ماڵەو چەند ماڵێكیتر لەگەڕەكێكیتر، شوێنی پرۆژەی حكومین، وتی ”ئاگادارمانكردوونەتەوەو پێمانوتوون مەسرەفی تیا مەكەن، چونكە هەركات پێمان راگەیەندرا كەدەكرێتە باخچە، ئەوا بڕیار جێبەجێدەكەین“.

عەبدوڵڵا رەتیكردەوە كەعیماد ئەحمەد جێگری ئەوكاتی سەرۆكی حكومەت بڕیاری قەرەبووكردنەوەی پێدابن، وتی ”لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگاداركردووەتەوە كەقەرەبوویان بكاتەوە، بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێكی قەرەبووكردنەوەمان پێنەگەیشتوە».

# ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بەهێزتر بووە

## ئەمریکا دڵنیایە لەتوانا سەربازییەکانی بۆ رووخانی ئێران، بەڵام لەدەرەنجامەکانی دەترسێت

**سیامەند حوسێنی**

ناکۆکی لەنێوان رابەرانی حکومەتی ئێرانو رۆژئاوا بەرەو ئاراستەیەکی بێ گەڕانەوە هەنگاو دەنێت، ئەگەری هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران لەلایەن ئیسرائیل یان ئەمریکا لەناوەندە سیاسیو رۆژنامەوانییەکان جەختی لێدەکرێتەوە، لەبەرامبەردا حکومەتی ئێران باس لەکاردانەوەو وەڵامدانەوەی شیاوی هێزە چەکدارەکانی ئێران بەئەگەری ئەم هێرشانە دەکات.

ئەمریکاو ئیسرائیل رێگەیەکی جیاواز دەگرنەبەر،

گرژیو ناکۆکییەکانی نێوان ئێرانو ئەمریکا روو لەزیادبوونەو زیاتر لەهەمیشە باس لەهێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەکرێ. پسپۆڕانی ناوەندە ستراتیژییەکانی ئێران ئەم بانگەشانەیان بە بەشێك لەجەنگی دەروونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەسفکردووە، بەڵام هەندێك جاریش ئەگەری هاتنەئارای جەنگیان بەهێز زانیوە. بۆ نمونە لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری ئێران، موحسینی رەزایی یەکێك لەپاڵێوراوانی پۆستی سەرۆك کۆماری بەئاشکرا باسی لەوەکرد کەدوو ساڵ لەمەوپێش ئەمریکا ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر ئێران، بەڵام رەوتی رووداوەکانی ناوچەکەو جیهان ئەمریکای لەم بڕیارە پاشگەزکردووەتەوە.

بۆ جارێکیتر پرسی پێکدادانی سەربازی لەنێوان ئەمریکاو ئێران بووەتە سەردێڕی گرنگترین هەواڵی هەواڵنێرییەکانی جیهان، "تایم" ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ سەر ئێران زۆر بە بەهێز دەزانێو دەنووسێ کەبۆ جارێکیتر گەلاڵەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانو بەتایبەت بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان، لەریزی پێشەوەی پلانەکانی ئەمریکایە لەناوچەکەدا.

هەفتەیەك لەمەوپێش ٤٠ نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا پەسەندکراوێکیان واژۆکرد، کەتیایدا ئاماژە بەوەکرابوو لەئەگەری دەستبەردارنەبوونی ئێران لەپرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆمو هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، پشتیوانی لەئیسرائیل دەکەن.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی چەندین راپۆرت دەربارەی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەچاپەمەنییە ناسراوەکانی جیهان، مایکڵ مۆڵن سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپای ئەمریکا لەلێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا بۆ کەناڵی "ئێن.بی. سی" رایگەیاند کەپلانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ئامادەیە، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەم هێرشە سەربازییە مایەی نیگەرانییە. مۆڵن لەو دیدارە تەلەفزیۆنییە کەرۆژی یەکشەممە بڵاوکرایەوە، بەئاشکرا باسی لەوەکرد کەئەمریکا بەهیچ شێوەیەك رێگە نادات ئێران دەستی بەچەکی ئەتۆمی بگات.

لەچەند رۆژی رابردووشدا لێکۆڵەرانی سەربازیو سیاسیی رووسیا چەندینجار ئەگەرەکانی ئەم جەنگەیان بە بەهێز زانیووەو تەنانەت پێشبینی ئەوەشیان کردووە کەبەم زووانە ئەم کارەساتە رووبدات.

**ئێران باس لەوەڵامدانەوەی بەهێز دەکات**

بەرپرسانی سیاسی ئێرانو فەرماندەکانی سوپای پاسداران باس لەئامادەکاری تەواو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل دەکەنو وڵاتانی هێرشکەر لەدەرەنجامەکانی ئەگەرەکانی هێرشی سەربازی ئاگاداردەکەنەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لێدوانی مایکڵ مۆڵن، یەدوڵڵا جەوانی جێگری سیاسیی سوپای پاسدارانی ئێرانی لەکاردانەوە بەم لێدوانە رایگەیاندووە کەئەگەر ئەمریکاییەکان بیانەوێ کاری وابکەن، رووبەری ئەم جەنگە سەرجەمی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە.

جەنەراڵ جەوانی لەگفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ هەواڵنێری ئیرنا، هەڕەشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بەبلۆفی سەرئاو دەشوبهێنێ، دەڵێت "هێرشنەکردنی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بەهۆی رێگە نەدانی ئەمریکاوە نییە، بەڵکو بەهۆی لاوازی خودی ئیسرائیلە، ئەم لاوازبوونەی ئیسرائیلیش بەهۆی بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانە."

لەکاتی هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق زۆرێك لەکاربەدەستانی رژێمی پێشووی عێراق لێدوانی هاوشێوەی بەرپرسانی ئێستای ئێرانیان دەدا، بەردەوام بەهەڕەشە وەڵامی هەڵوێستی ئەو کاتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراقیان دەداوە.

بەشێك لەشارەزایان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو جیاوازییەکانی ئێرانو عێراق لەو مەسەلەیەدا، بەڵام هێشتا ئەگەری دووپاتبوونەوەی سیناریۆی عێراق بەدوور نازانن.




**هێشتا ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عێراق بەدوور نازانرێت**

ماڵپەڕی پەیك نێتی ئێرانی رۆژی یەکشەممە لەراپۆرتێکی مەیدانی لەشاری بوشێهری ئێران، کەبنکەیەکی وزەی ئەتۆمییە، رایگەیاند کەهەواڵی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێرانو بەتایبەت بۆ سەر شاری بوشێهر، بەهێزترین هەواڵی ناو خەڵکی ئەو شارەیە، ئەم بابەتە ترسو دڵەراوکێیەکی زۆر لەلایان دروستکردووە. هاوکات چەندین هەواڵنێری باسیان لەوەکردووە کەزۆربەی کاتەکان سوپای پاسدارانو سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی دیکە لەئامادەباشی تەواودانو فەزایەکی تەواو جەنگی باڵی بەسەر ئەو شارەدا کێشاوە.

---

# قاعیدە پەنا بۆ تەکتیکی مافیا دەبات

## لەشاری موسڵ، قاعیدە بەزۆر پارە لەهاووڵاتیان وەردەگرێت

**سەعد موسڵی**



لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقە شەقامەکە چۆڵ بوو، پیاوەکانیش بەچەند ئاراستەیەکی جیاواز پەرتەیانکرد. لاشەیەك بەجێماو بوو بەتاکە قوربانیی ئەو شەڕە. دوای چەند کاتژمێرێك، کەسێك بەپارچە کاغەزێك دەموچاوی تەرمەکەی داپۆشی ـ ئەمەش نیشاندانی رێزە بۆ مردوو.

ئەمە موسڵە، شارەکەم. لەساڵی ٢٠٠٣وە، وەك پەیامنێر لەو شارە کاردەکەمو زیاتر بۆ رۆژنامە ناوخۆییەکان دەنووسم. نووسینی راپۆرت لەسەر بەسەرهاتی کوشتنو رفاندن بەشێکن لەپیشەی رۆژانەم.

ئێستاش قاعیدە لەشارەکەم لەگەشەسەندندایە، هەرچەندە دەمێکە لەبەشەکانی تری وڵات تێکشکێندراوە. قاعیدە بەناوی گروپی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی لەموسڵ کاردەکاتو رۆژگارێك ئەو گروپە بەشێك بوو لەبزووتنەوەی یاخیبووان لەناوچەکە. ئەو گروپە ئێستا وەك مافیا کاردەکاتو لەرێی هەڕەشەو گوڕەشە پارە بۆ خۆی پەیدادەکات.

هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر ئەو گروپەیان خۆش ناوێت، بەڵام دڵڕەقییەکەی زۆر بەهێزی کردووە. بەپێچەوانەی گروپە یاخیبووەکانیتر، قاعیدە هەرگیز خۆی تەنها بۆ شەڕکردن دژی ئەمریکییەکان تەرخان نەکردووەو هەر لەسەرەتاوە پیشانیدا کەئامادەیە خەڵکی عێراق بکوژێت.

لەلوتکەی شەڕی ٢٠٠٥، ئەو گروپە بەردەوام بەکۆمەڵ خەڵکی دەرفاند. چەند کاتژمێرێك دواتر، لاشە سەربڕاوەکانیان لەشەقامەکاندا فڕێدەدران. سەرەبڕاوەکان هەمیشە لەسەر تەرمەکان دادەنرانو زۆر جاریش دی ڤی دییەك کەکرداری سەربڕینەکەی لەسەر تۆمارکرابوو لەگەڵ تەرمەکان دادەنرا.

رەنگە قاعیدە ئێستا هێندە رووهەڵماڵراو نەبێت لەکارەکانیدا، بەڵام ئێستاش خەڵك لێی دەترسن. ستراتیژییەتی مانەوەی ئەو گروپە لەموسڵ ئێستا تارادەیەك بەرهەمی ئەو فشارانەیە کەرێکخراوەکە لەشوێنی تر رووبەڕوویبووەتەوە.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هێزەکانی حکومەتی عێراق، تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبوون لەپچڕاندنی سەرچاوە داراییەکانی قاعیدەو دوورخستنەوەی جەنگاوەرە بیانییەکانی.

لەبەرئەوە ئەندامانی قاعیدە لەشاری موسڵ ئێستا زیاتر لەخەڵکی ناوچەکە پێکهاتوون (هەندێکیان خەڵکی شارەکەنو هەندێکیشیان عەرەبی شارۆچکەی تەلەعفەرنو دەرکراونو هاتوونەتە موسڵ).

پچڕانی سەرچاوەی داراییی دەرەکی، قاعیدەی ناچارکردووە لەناو موسڵ بەدوای داهاتدا بگەڕێتو سەرچاوەیەکیشی لەنێو شوێنە بازرگانییەکانی ئێرەدا دۆزیوەتەوەو پێگەی موسڵیش لەڕووی بازرگانی کە کەوتووەتە نێوان تورکیاو سوریاو ئێرانو بەشەکانی تری عێراق سوودی پێ گەیاندووە.

بازرگانانی هەموو کەرتێکی پیشەسازی سەرانە دەدەن بەقاعیدە. پێدانی پارە بەقاعیدە وادەکات کەئابووری ناوچەکە لەجموجۆڵدا بێتو کەلوپەل بگاتە بازاڕەکانی شارەکەو زامنێکیشە بۆ تێپەڕبوونی کەلوپەلی بنیاتنانەوەو بەروبوومی کشتوکاڵی بەو سنوورانەی کە لەشارەکە نزیکن.

هەرچەندە هیچ بازرگانێك ئامادەنییە لەگەڵ رۆژنامەنووسێکدا باسی ئەو بابەتە بکات، بەڵام گفتوگۆی رۆژانەیان پڕە لەبەسەرهاتی سەندنی پارە لێیان بەزۆر لەلایەن قاعیدەوە.

گومانو ترس کۆمەڵگەی بازرگانەکانی کاولکردووەو رۆژگارێك ئەو بازرگانانە یارمەتی یەکتریان دەدا لەسەرکەوتنو پەیوەندییەکی بەهێزیش لەنێوانیاندا هەبوو. پڕۆژە بازرگانییە بەرچاوەکان بەتوندترین شێوە هێرشیان کراوەتەسەرو هەندێکیان لەلایەن کەسانێکی نوێوە کەپێدەچێ سەر بەقاعیدەبن کراونەتە ئامانج.

ناسیاوێکم پێی وتم ١٠٠،٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیان پێداوە تا دوکانەکەی خۆی بفرۆشێتە بازرگانێك کەتازە هاتووەتە موسڵ. دوای پرسیارکردن، کەسێك بەنهێنی پێی وتووە هەر کەدوکانەکەی فرۆشت کوڕەکەی دەرفێنرێت. ئینجا داوادەکرا پارەی دوکانەکە لەبری ئازادکردنی کوڕەکەی بدات.

هاوڕێیەکم کەدوکانی ئاڵوگۆڕکردنی دراوی هەیە، وتی گشت دوکاندارە هاوسێیەکانی سەرانە دەدەن بەقاعیدە. چەند نوێنەرێکی قاعیدە هەموو مانگێك سەردانی ئەو شوێنە دەکەنو هەڕەشەی کوشتن یان رفاندن لەو کەسانە دەکەن کەپارە نادەن.

هاوڕێیەکی ترم کەخاوەنی مۆلیدەی کارەبایە سەرەتا رەتیدەکاتەوە ئەو سەرانەیە بدات. دوای ئەوەی هەڕەشەی لێکدەکرێتو پێی دەوترێت کەمۆلیدەکەی دەتەقێنرێتەوە ئەگەر پێداگری بکات، ئیتر جڵەوی شلکرد.

دوکاندارێك پێی وتم رۆژێکیان لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێتو داوای لێ دەکرێت کەپارەیان پێ بدات، ئەمە لەکاتێکدا کەمێك پێش ئەوە سەرانەی مانگانەی دابوو بەقاعیدە. ئەو دوکاندارە قاعیدە لەو تەلەفۆنە ئاگاداردەکاتەوەو لەو کاتەوە ئیتر گروپە نەناسراوەکە تەنگیان پێی هەڵنەچنیوە.

تەنها خەڵکی دەوڵەمەند نەبوونەتە قوربانی. دەستگێڕێك کەرۆژانە زیاتر لە ١٥،٠٠٠ دیناری عێراقی ناباتەوە ماڵەوە، وتی ٣٠ لەسەدای قازانجی خۆی وەك سەرانە دەدات بەقاعیدە.

نەبوونی ئارامی بۆ ماوەیەکی درێژو ناکۆکییە سیاسییەکان لەموسڵ ژینگەیەکی گونجاویان بۆ قاعیدە دروستکردووە تا لەشارەکەدا کاروباری خۆی هەڵبسوڕێنێت. دانیشتووانی شاری موسڵ لەکوردو عەرەب پێکهاتوون. لەوەتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق زیاتر لەساڵێك لەمەوبەر ئەنجامدراوە، بەرپرسانی ئەو دوو نەتەوەیە نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتنێك لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شارەکە.

کەمینە ئاینییەکان، بۆ نمونە مەسیحییەکان، دەڵێن لەنێو بەرژەوەندیی گروپە گەورەکان کەرکابەرایەتی یەکتردەکەن، گیریان خواردووە.

هەرچەندە شەقامەکانی موسڵ پڕن لەخاڵی پشکنینو هێزە ئەمنییەکان، بەڵام بوونی ئەمانە پێناچێت کاریگەری بەسەر یاخیبووانەوە هەبێت. بەرپرسانی شارەکە بەدەگمەن قسە بۆ رۆژنامەنووسان دەکەنو دەڵێن رێگایان پێ نەدراوە ئەو کارە بکەن. وتەبێژەکانی ئەو هێزانەش هەمیشە بەردەست نین.

پێدەچێت هێزە ئەمنییەکان لەجیهانێکیتر دوور لەهاووڵاتیان بژین. دەڵێی ئێمە لەدوو دۆڵی جیاوازدا دەژینو چەندین چیا لەنێوانماندا هەن.

هاوڕێیەکەم پێی وتم هێزە ئەمنییەکان لەڕووی تەکنیکییەوە راستدەکەن کەدەڵێن هەوڵیانداوە لایەنگرانی قاعیدە سەرکوت بکەن، کاتێك ماوەیەك لەمەوبەر هەڵیان کوتایە سەر چەند شوێنێکی بازرگانیی دیاریکراو لەشارەکە.

بەڵام ئەو هاوڕێیەم دەڵێت بەیاننامەیەك کەهێزەکانی ئاسایش لەو بارەیەوە دەریانکردووە تەنها نیوەی راستە. زۆربەی بازرگانەکان دژی ئایدیۆلۆژیای قاعیدەنو ناچارن یارمەتی داراییی بدەن بەو رێکخراوە.

حکومەت بەڵێنی داوە دامودەزگاکانی شارەکە لەگەندەڵیو دەستییاخیبووان پاکبکاتەوە.

بەڵام خەڵکی موسڵ دەپرسن ئاخۆ ئەو کارە تاچەند ئاسانە. زۆرێك لەئێمە پێمانوایە یاخیبووان پەیوەندیی قووڵیان لەناو دەوڵەتدا هەیە، چونکە پێدەچێت هەموو شتێك لەبارەی نوێترین گرێبەستو تەندەری حکومەتەوە بزانن. هەروەها پێدەچێت قاعیدە بەتەواوی دزەی کردبێتە ناو هێزە ئەمنییەکان.

هاوڕێیەکی هاوڕێیەکم کە لەریزی هێزەکانی پۆلیس خزمەتدەکات، لەم ماوانەی دواییدا لەگەڵ سێ لەهاوڕێکانی بەگەشتێك دەچنە دەرەوەی شارەکە. ئەو ئەفسەرانە هەرسێکیان جلی مەدەنیان لەبەر بووەو لەگەڵ چەند هاووڵاتییەك لەناو پاسێکی بچوکدا دەبن.

یاخیبوویەك دەچێتە ناو پاسەکەو ناوی سێ پۆلیسەکە دەخوێنێتەوەو داوایان لێ دەکات بێنە خوارەوە. یەکێك لەئەفسەرەکان ئەوە رەتدەکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەمێژە وازی لەهێزەکانی پۆلیس هێناوە.

لەوەڵامدا، یاخیبووەکە لیستی موچەی هێزەکانی پۆلیسی پێ نیشاندەداتو لێ دەپرسێت، "ئایا ئەوە ئیمزای تۆ نییە کەدەیسەلمێنێت دوو رۆژ لەمەوبەر موچەت وەرگرتووە؟".

سێ پیاوەکە لەپاسەکە دەهێرێنە خوارەوە. ئەو پیاوەی ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە دەڵێت لەوکاتەوە هیچ هەواڵێکی ئەو سێ کەسەی نەزانیوە.

**سەعد موسڵی نازناوی پەیامنێرێکی راهێنراوی IWPRە لەموسڵ.**

www.arsivakurd.org

# "مومکین نییە بڵێی کاردەکەم‌و ئامانجێکت نەبێت"

## ئەندازیار حسێن نەجمەدین بەڕێوەبەری لقی سلێمانی رابیتەی ئیسلامی کورد



سازدانی: دەستوور

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین بەڕێوەبەری لقی سلێمانی رابیتەی ئیسلامی کورد لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بایەخدانی رابیتە بەمزگەوت بەهۆی ئەوەوەیە کە لایەنی خێرخواز دیاریدەکات.**

**حسێن ئەحمەد رەتیدەکاتەوە کەیەکگرتووی ئیسلامی سەرپەرشتی کارەکانیان بکات، یان کارەکانیان لەبەرژەوەندی یەکگرتووی ئیسلامیدا بێت.**

**دەستوور:** کارەکانی رابیتەی ئیسلامی کورد بایەخ بەچی دەدات؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** کارەکانی رابیتە هەر لەدامەزراندنیەوە لەپێنج بواری ئاوەدانکردنەوەدایە، کەگرنگی دەدات بەدروستکردنی مزگەوت‌و نەخۆشخانەو قوتابخانەو بواری ئاو و ئەو پرۆژانەی لەبواری ئاوەدانکردنەوەدان، بواری دووەمیش چاودێری کۆمەڵایەتییە کەگرنکی بەکەفالەتکردنی منداڵانی بێباوك دەدات کەپێیان دەڵێین منداڵانی نازدارانو کەفالەتکردنی کەمئەندامان، بواری سێیەمیش تەندروستییە کەئەویش دوو بەشە عیادەی خێرخوازی جێگیر لەشارو شارۆچەکەکاندا لەگەڵ عیادەی گەڕۆك کە لەگەڵ سەرەتای دامەزراندنی رابیتەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوامبوو، بەڵام ئێستا ئەوانە نەمانوون، تەنها عیادە جێگیرەکان ماونو ١٠ عیادەی خێرخوازیمان هەیە لەکوردستاندا کەگرنگی دەدات بەوکەسانەی بەراپۆرتی پزیشکی کەبیسەلمێنێت، هەروەها رێکخستنی بواری بەربانگ لەرەمەزانداو پۆشاکی جەژن بۆ هەژارانو پرۆژەی قوربانی لەجەژندا، بورای پێنجەمیش فێرکردنی قورئانە کە لەکوردستاندا رابیتەی کورد هەشت مەڵبەندی فێرکردنو لەبەرکردنی قورئانی هەیە کەئێستا نزیکەی ١٠٠ قوتابی تێیدا سوودمەند دەبن، هەروەها ١٣٠ کەس لەم مەڵبەندانەی رابیتەدا هەموو قورئانیان لەبەرکردووە، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تائێستا رابیتە لەو پێنج بوارەدا کاریکردووە؟

**دەستوور:** ئەی لەئێستادا؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** لەساڵانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ەوە بواری ئاوەدانکردنەوەمان تارادەیەك پرۆژەکانمان کەمبووەتەوە، ئەویش لەبەر گرانبوونی کەرەستەی بیناسازی لەکوردستانو کرێکارو ئەو برەپارانەی جاران لەدەرەوە دەهاتو پرۆژەمان پێئەنجامدەدا، ئێستا ناتوانین پرۆژەی پێبکەین.

**دەستوور:** بۆچی زیاتر تەرکیز دەخەنە سەر دروستکردنی مزگەوت، بۆچی قوتابخانەو نەخۆشخانە دروستناکەن؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** رابیتە رێکخراوێکی خێرخوازی ناحکومییەو بۆ پرۆژەکان پشتیوانی لەسەر خێرخوازانە، ئەگەر خێرخوازێك پرۆژەکەی دیاریکرد، تۆ بەشەرعی‌و یاسایی‌و ئیداری ناتوانیت بیگۆڕی بۆ بوارێکیتر، چۆن بۆ مزگەوتەکان کەشفمان ئامادەکردووە، بەهەمان شێوەیە پرۆپۆزەڵمان بۆ قوتابخانەو نەخۆشخانەو پرۆژەی ئاودێری ئامادەکردووە، بەڵام ئەوەی لەلایەن خێرخوازانەوە زیاتر بەدەمییەوە هاتوون، بواری مزگەوت بووە، لەکوردستاندا دەزگاکانی حکومەت‌و چەندین رێکخراو هەبووە گرنگی بەو لایەنانەیتر داوە، بەڵام جگە لەرێکخراوە ئیسلامییەکان هیچ رێکخراوێکمان نەبینیوە مزگەوت لەبەرنامەی پرۆژەکانیدا هەبێت، تەنها رێکخراوە ئیسلامییەکان کردوویەتی ئەو کەسەی پارەکە بۆ مزگەوت دەنێرێت، دەبێت مزگەوتی بۆ بکەین، ئێستا ئەو پرۆژەی مزگەوتانەی دروستمانکردووە، نزیکە لەپرۆژەکانی ئاوو خزمەتگوزاریی تەندروستیدا، لەساڵی ٢٠٠٢تا ٢٠٠٥ لەگەڵ رێکخراوی یونسێفدا کۆمەڵێك پرۆژەی تەندروستی دروستکراوە.

**دەستوور:** بەڵام زۆرجار ئەو هەنگاوەتان گومانی بوونی مەبەست‌و ئامانجی سیاسی لێدەکرێت؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** ئەو کەسەی گومان دەکات بابێت گومانەکەی بخاتەڕوو، تابزانین گومان لەچیدەکات؟ لەم سەر زەویە خەڵك هەمووی کاردەکات، مومکین نییە بڵێی کاردەکەم‌و ئامانجێکت نەبێت، هەر کەسێك بۆچوونی وابێت هەڵەیە، ئێمە وتومانە رێکخراوێکی خێرخوزای ناحکومین‌و مەبەستمان خزمەتکردنی کوردستانە بێگوێدانە هیچ ئینتیمایەکی سیاسی بەشارو لادێوە، جا ئەمە جۆرێکە لەموحاکەمەی نیەت کەئەویش نە لەیاساو نە لەشەرعدا هیچ بنەمایەکی دروستی نییە، ئەو هەموو رێکخراوەیتر هاتوون پرۆژە دەکەن، دەبێت بڵێی چی لەپشت ئەم خزمەتەوەیە، ئێمە لەسەر ئەوە بەرپرسین کەدەیڵێین‌و مومارەسەی دەکەین.

**دەستوور:** ئێوە بۆچی هەوڵنادەن، ئەوان تێبگەیەنن کەمنداڵانی موسڵمانانی کورد لەپاڵ مزگەوتدا پێویستیان بەقوتابخانەو نەخۆشخانەش هەیە؟ نەدەکرا ئێوە لەوبارەیەوە هاوسەنگی دروستبکەن؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** لەهەموو دونیادا مرۆڤی خێرخواز ئازادە پارەی خۆی لەچ پرۆژەیەکدا سەرفدەکات، نەنیزام‌و نەحکومەت ناتوانێت زۆری لێبکات، لەبودجەی حکومەتدا پارە بۆ هەموو ئەو پرۆژانەیتر تەرخانکراوە، رێکخراوی خێرخوازی لێپرساو نییە لەوەی لەوڵاتدا چی دەگوزەرێت‌و کام سێکتەرە پێویستی پێیەتی بچێت ئەوە جێبەجێبکات، رێکخراوی خێرخواز ئەوەی دەیکات بەتەنسیق لەگەڵ حکومەتدا دەیکات‌و ئێمەش بەو شێوەیە کردوومانەو توانیومانە لەو بوارەدا کاربکەین، نەمانوتووە عەسای سیحریمان پێیەو دەتوانین هەموو پێداویستیەکان پڕبکەینەوەو لەو بورانەشدا کارمانکردووە، هێنانی ئەو هەموو پرۆژە لەکاتی گەمارۆی سەر عێراقدا خۆی لەخۆیدا کارێکی گەورەیە ئەگەر کەسێکیش لای وابێت رۆڵی مزگەوت کەمە، ئێمە وای نابینین مزگەوت بەبنەمایەکی گرنگ دەزانین بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان‌و لادێکانی‌و لەکاتی کردنەوەشیاندا بەرپرسانی حکومەت ئامادەبوون، ئەوەندی توانیومانە هاوکاری حکومەتمان کردووەو ئەو پرۆژانەی ئێمەش جیاوازن‌و لەسەر بودجەی حکومەت نەمانکردووە، توانیومانە پارەی خێرخوازان بێنین‌و کاری پێبکەین، ئەمە لەسەر سامانی نیشتمان‌و وڵات نەبووە تا حکومەت دابەشیبکات، ئەگەر زۆر لەخێرخوازان بکەیت، ئەوا دەچن لەوڵاتانیتر دەیکەن، ئێمە لەهاوکاریکردنی منداڵانی بێباوکدا بەهیچ شێوەیەك ئینتیمای سیاسیمان باسنەکردووەو کەئەو کەسە باوکی بەچ شێوەك مردووە.

**دەستوور:** جگە لەخۆبەخشەکان یارمەتی مادی لەوڵاتانیتر وەردەگرن، بۆ نمونە سعودیەو وڵاتانی تری کەنداو؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** لەهیچ وڵاتێك کۆمەك وەرناگرین لەو قسەیەی خۆشم بەرپرسیارم، ئەو کارانەی هەمانە کاری خێرخوازی‌و شەخسین‌و لەکاتی خۆیدا ئەو ناوانەش رەوانەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوەو بەناوی حکومەتەوە نییە، بەڵکو بەناوی کەسەکان‌و کەسە خێرخوازەکانەوەیە هەندێکیشان بەناوی کەسانی ترەوە ناونراون، بەشی بێباوکانمان هەیە کەئێمە دەزانین ناوی خێرخوازەکە چییە، لەبەرئەوە هیچی حکومەت نییە چ لەوڵاتانی عەرەبی‌و غەیری عەرەبی‌و وڵاتانی ئەوروپی، بەڵکو هەمووی شەخسیەو لەرێی ئەو کەسە خێرخوازانەوە کراوە، لەکاری رابیتەوە تائێستا لەخێرخوازانی سعودی هیچ کۆمەکێکمان نییە بەداخەوە.

**دەستوور:** بەڵام زۆرجار رەخنەی ئەوە هەبوو لەسەرتان کە بەپارەی ئەو وڵاتانە دەتانەوێت، بیری ئیسلامی سیاسی بڵاوبکەنەوە لەهەرێمی کوردستاندا، نەك یارمەتی هەژاران؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** ئەگەر رابیتە بیویستایە کاری سیاسی بکات، لەو کاتەی باری ئابوری خەڵك خراپ بوو، کەفەرمانبەرێك ٢٠٠ دیناری وەردەگرت منداڵێك لەرابیتە ١٠٠٠ دیناری وەردەگرت، ئەگەر بتدایە بەکەسێکی گەنج دەبوو بەحیمایەو چەکەکەشی لەسەر خۆی دەکڕی، بەهیچ شێوەیەك ئەو کارانە راست نییەو بێبنەمایە ئەو منداڵانەی کەدەبنە ١٨ ساڵ، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نامێنیت، ئەگەر وابوایە دەبوو رابیتە رێکخراوێکی سیاسی بوایە، بەڵام ئێمە رێکخراوێکی خێرخوازی مرۆڤدۆستین، ئێمە بەنهێنی کارناکەین، بەڵکو مۆڵەت بۆ کارەکانمان وەردەگرین لەناوەوەو دەرەوە، ئەوەی بەدوای ئەو وەهمانەدا دەگەڕێت دەبوایە بهاتایە بیوتایە ئەو ١٧ هەزار منداڵە بێباوکە کێیە؟ ئێمە بەنهێنی ئیشناکەین، بەئاشکرا کاردەکەین مۆڵەتمان لەحکومەت هەیەو رێکخراوێکی نێودەوڵەتین‌و هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو کارانە بکات بەبێ مۆڵەت، ئەگەر وابوایە دەبوو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەیهێشتایە کاربکەین‌و کاری لەگەڵ نەکردینایە، بەتایبەت لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە خەڵك پێیوابوو هیچ رێکخراوێکی ئیسلامی نامێنێت، بەڵام چونکە ئێمە کارەکەمان شەفافەو ریکخراوێکی مرۆڤدۆستین جگە لەسوپاسنامە هیچ شتێکیتر رووبەڕوومان نەبووەتەوە، ساڵانە کۆنگرێەکی نێودەوڵەتی لەدوبەی هەیە تاکە رێکخراو لەکوردستاندا کەبەشداربێت رابیتەی ئیسلامی کوردە، رەنگە رۆژێك لەرۆژان کەسێك هەبووبێت ئەو کارەی کردبێت، بەڵام ئەگەر رابیتە وابووبێت، ئەوا هەر زوو نەدەمان.

**دەستوور:** ئێستا لەلایەن یەکگرتووەوە زۆربەی چالاکییەکانتان بۆ سازدەکرێت‌و ئەوان بوونەتە لایەنی سەرەکە لەکارەکانی ئێوەدا؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کەدەبێت ئەو منداڵانە ئاگاداربکەینەوە تابێن موچەکەیان وەربگرن، ئەو چالاکیانەی دەیکەن دەیخەینە روو، چۆن دەینێرین بۆ یەکگرتوو کەبڵاویدەکاتەوە بۆ هەموو کەناڵەکانی تریشی دەنێرین، بەڵام بەشیکیان بڵاوی ناکەنەوە، دەزگای راگەیاندن هەبووە هاتووەتە ئێرەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووین، بەڵام بڵاوینەکردووەتەوە، کاتێك ئاگادارییەك دەنێرین بۆ وەرگرتنی موچەی ئەو منداڵانە، بەڵام هەندێك راگەیاندن بڵاویدەکەنەوەو بەشێکی بڵاویناکەنەوە، لەسەرەتای کارمانەوە ئەو گومانانە زۆربوو کەئەو منداڵانە دەکەین بەئینتیمایەکی سیاسی دیاریکراو، منداڵ هەبوو باوکی لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بووە، بەڵام ئێمە هاوکاریمان پێداوەو نەمانوتووە ئەوە سەر بەو لایەنەیە، تەنانەت هاوکاری منداڵی مەسیحیشمان کردووە کەئەو کەسانە کەفالەتیان بۆ کردوون.

**دەستوور:** رەخنەی ئەوە لەئێوە دەگیرێت، کەکارەکانتان بەقازانجی یەکگرتوو بووە، بەرهەمەکانتان دەچووە گیرفانی ئەوانەوە؟

**ئەندازیار حسێن نەجمەدین:** یەکگرتوو سەرپەرشتی ناکات، ئەوە راست نییە، ئێمە رۆژێك لەرۆژان لەسەر ئینتیمای سیاسی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو منداڵانەدا نەکردووە.

> **لەهیچ وڵاتێك کۆمەك وەرناگرین لەو قسەیەی خۆشم بەرپرسیارم**

> **ئەوکاتەی فەرمانبەرێك موچەی ٢٠٠ هەزار دینار بوو، هەر منداڵێك لەرابیتە ١٠٠٠ دیناری وەردەگرت، ئەگەر بتدایە بەکەسێکی گەنج دەبوو بەحیمایەو چەکەکەشی لەسەر خۆی دەکڕی**

**رابیتەی ئیسلامی کورد رێکخراوێکی خێرخوزای کوردی سەربەخۆیە.**

**لەساڵی ١٩٨٨ بەسەرۆکایەتی د. عەلی قەرەداغی لەوڵاتی ئەڵمانیا دامەزراوە.**

**ساڵی ١٩٩٢ لقەکانی لەشارەکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك کردووەتەوە.**

**دوای ساڵی ٢٠٠٣ لقی لەشارەکانی موسڵ‌و بەغداو کەرکوك کردووەتەوە.**

**١٠٠٠ پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ئەنجامداوە.**

**تائێستا ١٠٠٠٠ منداڵی بێباوکی لەلایەن وڵاتانی کۆمەك بەخشەوە کەفالەتکردووە.**

**١٥٠٠ منداڵی لەلایەن خێرخوازانی کوردستانەوە کەفالەتکردووە کە ٧٠٠ یان لەسلێمانی بووە.**

# فیلمی "ملۆیٚ خەما" لەهەورامان کۆتاییهات



محەمەد نەجیب لەهەورامان

ماوەی ٨ مانگە کۆمەڵێك ئەکتەری ناوچەی هەورامان سەرقاڵی دەرهێنانی فیلمێکن لەناوچەی هەورامان، بەناوی "ملۆیٚ خەما"، کەباس لەکلتووری هەورامان دەکات بەگشتی، هەفتەی پێشوو کۆتایی بەوێنەگرتنی ئەو فیلمە هات.

مقداد حەمەسالح ئەندامی کارگێری فیلمی "ملۆیٚ خەما" لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "فیلمی ملۆیٚ خەما باس لەکلتووری هەورامان دەکات بەگشتی، بەڵام ئێمە خۆمان نەبەستووەتەوە بەو کلتوورەوە، بەڵکو کۆمەڵێك شتی جوان هەبوو لەهەوراماندا کەخەریکە بەرەو نەمان دەچن، بۆیە هەوڵماندا ئەو شتانە بهێنینەوە ناو گەنجانی ئێستای هەورامان، کەبیٚ ئاگان لەو شتە جوانانە".

ئەو وتی "یەکێك لەو شتانە کەزیندوومانکردووەتەوە مەسەلەی پەروەردەکردنی منداڵە لەهەوراماندا، ئەمە سەرەڕای پەروەردەکردنی منداڵ لەرووی دەروونی‌و کۆمەڵایەتییەوە".

هەروەها مقداد وتی "فیلمەکە بەسیٚ وەرزدا ڕۆیشتووەو نزیکەی ٨ مانگی خایاندووەو دەفتەرو نیوێك تا دوو دەفتەری تێچووە، کە لەلایەن خەڵکی هونەردۆست‌و هەندێك کەسی ناو حکومەت وەك تاك هاوکاریان کردووین".

سەبارەت بەماوەی فیلمەکە وتی "نزیکەی سەعات‌و نیوێك دەبێت‌و ئێستا خەریکی مۆنتاژکردنین، هەر بۆیە بە ناڕاستەوخۆ لەلایەن چەند کەناڵێکەوە داوایانکردووە".

# لەحەمەتاڵەوە بۆ سابیری موزەمید



دەشتی ئەنوەر

حەمەتاڵ یەکێك لەئەکتەرەکانی درامای گەردەلوول ئاشکرایدەکات، کەبەشداری بەشی سێیەمی گەردەلوول دەکاتەوە بەهەمان کەسایەتی‌و ڕۆڵی پێشووی. هەروەها لەدرامایەکی تریشدا بەشداریدەکات کەئەو ڕۆڵی سابیری موزەمید دەبینێت.

هونەرمەند هادی مەحمود کە لەناو خەڵکدا لەدوای دەرهێنان‌و بڵاوکردنەوەی گەردەلوول زیاتر بەحەمەتاڵ ناسراوە، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ دەستوور رایگەیاند "بۆ بەشی سێیەمی گەردەلوول بانگکراومەتەوەو بەهەمان کەسایەتی پێشوو بەشداریدەکەم کەرۆڵی حەمەتاڵم دەبینی، کەکۆمەڵێك منداڵم بەسەردا کەوتبوو".

هەروەها وتی "لەم بەشە نوێیەی گەردەلوولدا هەندێك گۆڕانکاری کراوە کە بەلای هەموو کەسێکەوە موفاجەئەیە، با ئیشەکانی تەواوبێت‌و نمایشبکرێت، ئەوا ئەو کات بەچاوی خۆتان دەیبینن".

ئەو هونەرمەندە ئەوەشی ئاشکراکرد کەبەشداری لەدرامایەکی نوێتردا کردووە کە لە ٢٠ ئەڵقە خۆی دەبینێتەوەو لەو درامایەدا ڕۆڵی سابیری موزەمید دەبینێت.

هونەرمەند هادی مەحمود وتی "بەڵام تائێستا بڕیار نەدراوە لەچ کەناڵێکەوە بڵاودەکرێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبەرێتی گشتی سینەما بڕیار لەسەر ئەوە دەدات لەکویٚ دابەزێت، سینارۆکەشی لەلایەن کامەران رەئوفەوە نووسراوە".

# جوانترین چاو، عاشقەکەی خۆی توڕەدەکات

دوێن هاشم لەهەولێر

هونەرمەند شانیا کەئێستا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی (C.D)یەکە بەناوی جوانترین چاو، بڕیارە لەئایندەکەی نزیکدا بڵاوببێتەوە.

ئەم بەرهەمەی شانیا کە لەلایەن ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیرەوە کاری بۆ کراوەو لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە، لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە.

ڕەوەند جەواد بەڕێوەبەری کارەکانی هونەرمەند شانیا بەدەستووری راگەیاند "ماوەیەکی زۆرە شانیا کار بۆ ئەو سیدییە دەکات کە لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە کاری بۆ دەکرێت‌و ماوەیەکیتر کارەکانی تەواودەبێت".


هەروەها وتی "ئەم بەرهەمەی شانیا لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە، کە کاری دابەشکردنی میوزیکی لەلایەن (هێمن حسێن) و دابەشکردنی دەنگیش لەلایەن کاوە شێخ‌و تێکستی حەمە سەعید ئیبراهیمە".

دەرهێنانی ئەلبومەکەش لەلایەن محەمەد جەمیل‌و کامیراش لەلایەن شوان تاڵیب‌و حەسەن ئەمیریش کاری مۆنتاژی بۆ کردووە.

بەڕێوەبەری کارەکانی شانیا ئەوەشی وت "یەکێك لەگۆرانییەکانی دەکرێتە کلیپ بەناوی (هەموو ڕۆژێك) ئەم گۆرانیە باس لەخۆشەویستی نێوان کچ‌و کوڕێك دەکات، کەکوڕەکە هەموو ڕۆژێك هەڵەدەکات‌و کچەکەی پیٚ توڕەدەکات".

شانیا جگە لەوەی کەئێستا سەرقاڵی ئەم بەرهەمە نوێیەیەتی پێشتر وەکو ئەکتەر لەدراما عەرەبییەکاندا بەشداریکردووەو ڕۆڵی باشی تێدا بینیوە، کلیپی هەموو ڕۆژێکیش لەلایەن کۆمپانیای domus بۆ دروستکردنی خانووبەرەو یەکەی نیشتەجێبوون ئەنجامدەدرێت.






**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

هەرچەندە کە بەنیاز نەبوویت‌و پلانت بۆ دانەنابوو، بەڵام بەهەندێک کاری ناوماڵ هەڵدەستیت کە لەوانەیە خۆی لەنۆژەنکردنەوەدا ببینێتەوە. پشووەکانی ئەم ماوەیەت زۆر خۆشدەبن. شەوی شەممە یەکێکە لەو کاتە خۆشانە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەلەکانی ژیانت لەدەستمەدەو بەرەو پیریان بچۆ. لەوانەیە هەلێکی باشت بێتە پێش‌و دڵنیادەبیت لەبڕیاردان لەبارەیەوە. کارەکان زۆر لەوە ئاسانتر دێت بەدەستەوە کەبیریان لێدەکەیتەوە، بەڵام پێویستیان بەتەرکیز هەیە.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەوڵبدە هۆکارەکانی گواستنەوەت بەتایبەتی ئەگەر ئۆتۆمبێلت هەیە ئاگاداری بیت نەوەکو توشی گرفت بیت لەگەڵیدا. لەکەسێکی دوورەوە پەیامێکت پێدەگات‌و لەوانەیە توشی کەمێک سەرسوڕمانت بکات. ڕۆژی بەختت یەکشەممەیە.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

هەوڵبدە کەمێک لەماڵەوە دوورکەویتەوەو پلان بۆ گەشتێکی بچوک دابنێیت. هەرچەندە باری داراییت گونجاو نییە، بەڵام کڕینی هەندێک شتی پێویست کاریگەری لەسەرت نابێت، پێویستە ئاگاتا لەخەرجییەکانت بێت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

ئاگات لەو لایەنانەی ژیانت بێت کەپشتگوێتخستوون‌و پێویستیان بەبایەخی زیاترە، ئەگەر نا خۆت چاوەڕێی دەرەنجامەکانی بکە. باری داراییت باشە بەمەرجێک سەرکێشی نەکەیت. ڕۆژی خۆشەویستیت دووشەممەیە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەندێکجار بەخت یاوەرت نییەو هەواڵێکی ناخۆشیشە ئەگەر پێت بڵێن ئەو کاتانە یەکێک لەم هەفتانەی ئایندەیە. هەرچەندە هەموو شارێک لەبارە بۆ ئەوەی هەفتەیەکی خۆش بەسەر بەریت، بەڵام لەوانەیە گیرفانت ڕێگەت نەدات.

# ئەرسەلان دەروێش: بودجەیەکی زۆر بۆ شانۆ تەرخاندەکرێت، بەڵام بەبێ بەرنامە سەرفدەکرێت



سازدانی: دەشتی ئەنوەر

هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش کەماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کاری هونەرییەو نزیکەی ٣٠ ساڵ ئیشکردن لەو بوارەدا، وایکردووە کەئێستا خاوەنی ئەزموونێکی زۆربێت لەناو هونەری کوردیدا، لەم چاوپێکەوتنەیدا هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش تیشکدەخاتە سەر کاری هونەری لەساڵەکانی حەفتاو هەشتاکانەوە تاوەکو ئەم سەردەمەی ئێستا.

ئەرسەلان دەروێش رەخنەی ئەوە دەگرێت کەساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ بواری شانۆ تەرخاندەکرێت، بەڵام بەبێ بەرنامەو پلان سەرفدەکرێت.

**دەستوور:** ماوەیەکە باس لەسەردەمی زێرینی شانۆی کوردی دەکرێت، کەسەردەمی حەفتاو هەشتاکانە، بەڵام نەوەی دوای راپەرین رەتیدەکاتەوە، ئەو هۆکارە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**ئەرسەلان دەروێش:** ئەوەی لەکۆتایی حەفتاکانەوە تاراپەڕین هاوچەرخی رەوتی شانۆی کوردی بوو بێت، ئەو راستییە دەزانێت ئەو سەردەمە دەرەوشاوەترین مێژووی بزاڤی شانۆی کوردییە، لەبەرئەوەی زۆربەی بەرهەمەکان پەیامێکی سیاسییان هەبووە، ئەم خەسڵەتە کەهەندێك بەلاوازیی ئەو سەردەمە شانۆییەی دادەنێن‌و رەخنەی خۆیان لەسەر ئەوە بونیاد ناوە، کەگوتاری سیاسی ئەو نمایشانە بەهای جوانکاریی‌و داهێنانی لێ زەوتکردووە. هەرخۆی فاکتەرێکی بەهێزی درەوشاوەیی ئەو شانۆیەیە، چونکە ئەودەمە شانۆ بەئیمتیازەوە کوڕی رۆژگارەکەی خۆی بووە. جێی شانازییە کەشانۆکارانی کورد لەئاستی نەبەردی گەلەکەیان بوون. شانۆی پێش راپەڕین تەنها پەیامە سیاسییەکەی جیایی ناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك خەسڵەتی جوانی تریش وەك: ئاستی هونەریی (بەتایبەتی لەرووی هونەری نواندنەوە)، یان جۆراوجۆری شێوازو ستایلی ئەو نمایشانەی کەپێشکەشدەکران (شانۆی منداڵان، شانۆی کرێکاران، شانۆی زانکۆ، شانۆی ئەکادیمی، شانۆی ئەزموونگەریی، شانۆی ئاهەنگسازی، لەپاڵ بزاوتێکی نمایشی جادی پڕ لەداهێنانی کۆمەڵەو تیپە شانۆییەکان. بۆ هەر یەکێك لەم ئاقارانە چەندین نمایش هەیە بەنمونە بیهێنینەوە، لەئاکامدا بەتێکرای بەخششەکانی ئەم ناوەندە، جەماوەرێکی شانۆیی وشیارو بەرفراوانی هێنابووە ئاراوە. خۆ ئەگەر تایبەتمەندێتی پێشەنگەکانی شانۆی کوردیش لەناوەندی بیستەکانەوە تا کۆتایی پەنجاکان بپارێزین، ئەوا بەروونی بۆمان دەردەکەوێت کە لەحەفتاکان‌و هەشتاکاندا زۆربەی هەرە زۆری ناودارانی شانۆی کوردی لەبواری نووسین‌و نواندن‌و دەرهێناندا ناو و تواناکانیان درەوشاوەتەوە. ئەگەر لەسەردەمانێکیتر شانۆی کوردی بتوانێت کوڕی سەردەمەکەی خۆی بێت، بزاوتێکی پڕداهێنان‌و هۆگری بەپرسەکانی کۆمەڵگا بێنێتە ئاراوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناوی جوانی لێدەنرێت.

**دەستوور:** جگە لەتێکستە جیهانییانەکان، بایەخێکی زیاتریش بەتێکستی خۆماڵی داوە، هۆکاری ئەم گرنگیپێدانە بەدەقی کوردی چییە، لەکاتێکدا کەزۆربەی دەرهێنەرەکانی ئێمە پەنا بۆ دەقی جیهانی دەبەن؟

**ئەرسەلان دەروێش:** رەنگە زیاتر لەهۆکارێك هەبێت، بەڵام گرنگترینیان، وابەستەبوونی ئەو تێکستانەیە بەمرۆڤی کوردو پرسە ئینسانی‌و نەتەوەیی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانییەوە. وێڕای هەستکردن بە بەرپرسیارێتی سەبارەت بەو تێکستانە کەزادەی بیرو روانین‌و توانای هونەریی داهێنەرانی کوردە، من پێموایە پشتیوانیکردن لەنووسەرانمان‌و هەڵبژاردنی دەقەکانیان هۆکاری سەرکەوتنی زیاتربێت بۆ کارەکانمان، بۆ نمونە نمایشەکانی (لەژێر تارای سورمەچندا، کۆتەڵەکەی ئەحمەد مۆختار جاف) کە لەنووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار) بوون، هەروەها نمایشی (من یەکێك نیم لەئێوە) هونەرمەند (دڵشاد حوسێن) لەرۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی رۆمانووسی ناسراو (بەختیار عەلی) یەوە ئامادەی کردبوو، نمایشەکانی (بکوژەکان)و (پاسەوان)کە لەنووسینی هونەرمەند (دڵشاد مستەفا) بوون، گەرمترین پێشوازی جەماوەریی‌و ستایشی هونەریی بەرکەوتووە، من شانازی دەکەم کە بەنمایشێکی کوردی وەك (پاسەوان) لەشانۆیەکی نیشتمانی ئەوروپیدا میوانداری بکرێم‌و لە(نۆ) شاری وڵاتێکی وەك (سوێد)داپێشکەشی بکەم، کەتەواوی پێکهاتەکانی چ وەك دەق یان نواندن یاخود دەرهێنان، زادەی توانای شانۆکاری کوردە، وەك ئەوەی تێکستکەم بیانی بێت.

**دەستوور:** بەشێکی زۆر لەشانۆکاران ئۆباڵی ئەم ئەدائەی شانۆی کوردی بۆ حکومەت دەگێڕنەوە بەتایبەتی بۆ وەزارەتی رۆشنبیریی‌و بەڕێوەبەرێتیە پەیوەندیدارەکانییەوە، ئێوە دەڵێن چی؟

ئەرسەلان دەروێش: ئەم بۆچوونە راست نییە! چونکە لەهیچ شوێنێکی دونیا ساغڵەمی بیناوە هونەریی‌و رۆشنبیرییەکە بەتەنها لەئەستۆی دەسەڵاتدا نییە، بەڵکو حکومەت جەمسەرێکی ئەو هاوکێشەیە، جەمسەرەکەی تریان خودی داهێنەرە، لەڕاستیدا کاتی ئەوەهاتووە کەراست‌و چەپ بەسەر شتەکاندا نەهێنین، رەنگە ئەو ئۆباڵەی کە لەملی حکومەتە، یان باشتر بڵێم ئەو ئەرکەی کەباش پێی هەڵنەستاوە، ئەوە بێت کەهەماهەنگی لاوازە لەگەڵ ناوەندە شانۆییەکە. ساڵانە بەسەدان ملیۆن دینار وەك بودجە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی کوردستانەوە تەرخاندەکرێت بۆ برەودان بەشانۆی کوردی، بەڵام بەداخەوە پلان‌و بەرنامەی کاری تۆکمەو شارەزایانە ئامادە ناکرێت بۆ باشترین شێوەی بەکارهێنانی ئەو بودجەیە لەپێناو راستکردنەوەی رێڕەوی بزاڤە شانۆیەکەمان بەرەو کارایی‌و داهێنان، چونکە پرس ناکرێت. ئەم گرفتە بنچینەییەش میکانزمی جۆراوجۆر هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ئەگەر نییەت هەبێت بۆ چارەسەرکردن، پێموایە ئەو کۆنفرانسە شانۆییەی کەبەڕێز وەزیری رۆشنبیریی‌و لاوان رایگەیاندووە هەنگاوێکی بایەخدار دەبێت لەم پێناوەدا ئەگەر بیرۆکراتییانە بەڕێوەنەچێت.

**دەستوور:** ساڵانێکە بانگەواز بۆ دروستکردنی سەنتەرێك دەکەیت، تایبەت بێت بەدراماو فیلمسازی، پێتوایە پرۆژەیەکی لەو جۆرە ئەنجامبدرێت؟

**ئەرسەلان دەروێش:** بەڵێ پێویستە سەنتەرێکی گەورەی بەرهەمهێنانی هونەریی لەکوردستاندا دابمەزرێت، پرۆژەیەکی لەم جۆرە ئەستەم‌و زەحمەت نییە، بەڵکو زۆر گرنگ‌و کاریگەرەو کاردانەوەیەکی بەکەڵکیشی دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ بەرجەستەکردنی پێشکەوتنی ئەم ئەزموونەی کوردستان. ئینجا ئەوەی ئێمە بەنیازین ئەنجامی بدەین پرۆژەیەکی بچوکە بۆ دروستکردنی ستۆدیۆیەکی شیاو و بلاتۆیەکی کراوە بۆ کاری درامای تەلەفزیۆنی، ئێمە بەتەنها زەوییەکەو بیرۆکەکەمان هەیەو توانای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی هونەریمان نییە، بەڵکو لەکاردایین بۆ دۆزینەوەی شەریکێك یان پشتیوانێکی خەمخۆر بۆ ئەم پرۆژەیە، کەبڕیارە لەسەرەتادا دیزاینی چەند خانوو و کۆڵانێکی کۆنی شاری سلێمانی تیا دروستبکەین بۆ ئەنجامدانی ئەو زنجیرەتە تەلەفزیۆنییەی وائێستا سیناریۆکەی تەواودەکەین.

**دەستوور:** زنجیرە نوێیەکتان کەتازە سیناریۆی بۆ دەکەن دەربارەی سلێمانییە؟

ئەرسەلان دەروێش: بەڵێ، بەرهەمێکی ئەویندارێی کۆمەڵایەتییە، بەئاراستەی وێناکردنی خۆشەویستی جاران‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تۆکمەو جوانەکەی‌و هەڵکەوتوویی ئەم شارە لەرووی تێکۆشان‌و روناکبیرییەوە بەرجەستە دەکات. هونەرمەندو نووسەری بەتوانا (دڵشاد مستەفا) سیناریۆکەی دەنووسێتەوەو بڕیارە یاریدەدەرم بێت لەکاری دەرهێنانیشدا. ژمارەیەکی زۆری ئەکتەریشم دەستنیشانکردووە، بەڵام هێشتا زووە ناوەکان باس بکەم.

# عەبدوڵلا خەیات: لەگەمەی باڵندەکاندا کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەجوانی روونکراوەتەوە



دەشتی ئەنوەر

بڕیارە بۆ مانگی رەمەزانی ئەمساڵ لەرێگەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤیەوە درامای گەمەی باڵندەکان نمایشبکرێت، بەقسەی یەکێك لەئەکتەرەکانی ئەو درامایەش بەجوانی کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی کوردی‌و کێشەی گەنجان بەتایبەت‌و کێشە کۆمەڵاتییەکانی ناو خێزانەکان روونکراوەتەوە.

هونەرمەند عەبدوڵلا خەیات بەدەستووری راگەیاند "دوای ماوەیەکی زۆرو هەوڵدانێکی زۆر لەگەڵ درامای گەمەی باڵندەکان، بۆ مانگی رەمەزانی ئەمساڵ ئەو درامایە لەکەناڵی (کوردستان تیڤی) نمایشدەکرێت".

هەروەها وتی "ئەم درامایە لەچواردە ئەڵقە خۆی دەبینێتەوەو رووداوی ناو دراماکەش باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە لەئەمرۆی کۆمەڵگای کوردیدا بەتایبەت کێشەکانی گەنجان‌و کۆچ بەرەو دەرەوەو کێشەی خێزانی‌و زۆر کێشەی تریش لەدراماکەدا بەجوانی روونکراوەتەوە".

عەبدوڵلا خەیات کەوەکو ئەکتەرێك رۆڵ لەو درامایەدا دەگێڕێت وتی "تەواوی وێنەگرتنی دراماکە لەسلێمانی‌و هەندێکشی دەوروبەری شاری سلێمانی‌و هەندێکیشی لەتورکیا ئەنجامدراوە".

درامای گەمەی باڵندەکان لەلایەن هونەرمەندو دەرهێنەر بەکر رەشید بەرهەمهێنراوە لەنووسینی مەسعود حەسەنە.





**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

سەفەرێکی خۆش لەرێتە، هەسارەکانیش بەوە ئامۆژگاریت دەکەن کە کەمێک بگەڕێیت. ژیان بەدەمتەوە پێدەکەنێت‌و بەختەوەر دەبیت. گرژییەکانت لەگەڵ کەسێکی نزیکدا وەک بەفری بەر هەتاو دەتوێنەوەو وەک جارانتان لێدێتەوە.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری. لەڕووی کارەوە هەندێک کێشەی بچوکت دێتە رێ، بەڵام چارەسەریان دەکەیت. هەندێک بارودۆخ وات لێدەکات هەست بەغیرە بکەیت بەرامبەر خۆشەویستەکەت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

لەژیانی تایبەتیدا شتێک نییە بێجگە لەو کەسەی بەم دواییانە هەولدەدات بێتە ناو ژیانتەوە، بەڵام ئەوەش بزانە کەئەو لەکاتێکی گونجاودا هاتووەو تۆش حەز بەو حاڵەتە دەکەیت. هاوڕێکانت هەست بەگەشانەوەت دەکەن.




**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

لەلایەنی سۆزدارییەوە هەندێک کات ناتوانی کارەکانت بەباشی رێکبخەیت‌و توشی گرفت دەبیت. ئەگەر هەوڵبدەیت باشتر دەبیت‌و شایەنی باشتریشیت لەژیانتدا. هاوڕێ‌و کەسە نزیکەکانت هەست بەخۆشی‌و ناخۆشییەکانت دەکەن.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

لەوانەیە هۆکارێک هەبێت بۆ ئەوەی هەندێک شت بەجۆرێک ببینیت کە لەبنەڕەتدا وا نین. بەباشی گوێ لەدەوروبەرەکەت بگرەو جارێکی دیکە بەتێڕوانینەکانتدا بچۆرەوە. موفاجەئەیەک لەژیانی تایبەتیتدا روودەدات.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

بەم زوانە بەکەسێکی ئازیزت شاددەبیتەوە. گوێ بەئامۆژگارییە باشەکان بدە، ئەگەرنا خۆت پەشیماندەبیتەوە. کاتەکانت رێکبخەو کاتی زیاتر بۆ خێزانەکەت تەرخانبکە. رۆژی خۆشەویستیت یەکشەممەیە.

# هاوینان زانکۆکان لەناوەندێکی ئەکادیمیدا بەتاڵدەبنەوە



## مامۆستایانو خوێندکاران دەڵێن زانکۆکانی هەرێم نەیانتوانیوە وەک ناوەندێکی ئەکادیمی دەربکەون

مەعاز فەرحان

مامۆستایانی زانکۆو خوێندکاران رەخنەی ئەوە لەزانکۆ دەگرن کە تائێستا نەتوانراوە زانکۆ لەقەیرانی بێ چالاکی دەربهێندرێتو رۆڵی لەپرۆسە سیاسیو ئابوورییەکاندا هەبێت، باس لەچەند هەوڵێکیش دەکرێت بۆ ئەوەی زانکۆ لەو قەیرانە دەربهێندرێت. ساڵانە هەرکە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لەزانکۆکان کۆتاییدێت، زانکۆکانی کوردستان بەتەواوی چۆڵدەبنو هیچ جۆرە بەرنامەیەکی ئەکادیمیو زانستی پێشکەش ناکرێن، ئەوانەی سەردانی زانکۆکانیش دەکەن، تەنها بۆ بەسەربردنی کاتە.

خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆ دەڵێن وەرزی هاوینان زانکۆ لەناوەندێکی ئەکادیمییەوە دەگۆڕێتو وەکو قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی لێدێت، بەهۆی ئەوەی هیچ جۆرە جموجۆڵێکی زانستیو ئەکادیمی لەزانکۆدا بەدیناکرێت. نەبوونی جموجۆڵی زانستیو ئەکادیمی لەلایەن زانکۆکانەوە بەتایبەت لەهاویندا مامۆستایانو خوێندکارانی نیگەراندەکات، چۆڵبوونی زانکۆکانیش لەهاویندا دەبێتەهۆی ئەوەی کەزانکۆش وەك قوتابخانە بنەرەتیو ئامادەییەکان دەربکەون، مامۆستایانی زانکۆ باس لەوەدەکەن کەزانکۆکان دەتوانن لەهاویندا زیاتر وەکو ناوەندێکی ئەکادیمی دەربکەون. مامۆستایانی زانکۆ ئاماژە بەوەدەکەن کەزانکۆکانی هەرێم تائێستا نەیانتوانیوە سوود لەپشووی هاوین وەربگرنو چالاکی ئەنجامبدەن، ئەوەش دەڵێن کەزانکۆکان بەتەنها بڕوانامە دەبەخشن.

د. سلێمان جەعفەر مامۆستای کۆلێژی زانست لەزانکۆی سەلاحەدین بەدەستووری وت "زانکۆکان چالاکیان نییە، ئەو توێژینەوانەی کەدەکرێن هیچیان پێناکرێت، چونکە توێژینەوەیەك نەتوانێت کێشەیەك چارەسەربکات، نەتوانێت لایەنێك پێش نەخات کەی توێژینەوەیە؟، زانکۆکان بەتەنها بڕوانامە دەبەخشن".

ئەو مامۆستایە پێیوایە لەپشووی هاویندا دەتوانرێت چالاکی زۆر ئەنجامبدرێت، ئەو وتی "لەهاویندا دەتوانرێت فێستیڤاڵی وەرزشیو هونەری گەورە لەزانکۆکاندا بکرێن، جاران ئەم شتانە هەبوون، بەڵام ئێستا ئەمانەش نەماون، بێجگە لەمانە دەتوانرێت خولی فێربوون بکرێتەوە".

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای بەشی راگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی وتی "دەبێت وەرزی رۆشنبیریو فێستیڤاڵی زانکۆ هەبێت، دەبێت کێبڕکێی زانکۆکان هەبێت، پێویستە ناوەندی توێژینەوەی زانکۆی هەبێت، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی تەنها ئیشی خوێندنی باڵا نەبێت، دەبێت بەشەکەی تریشی تەواوبکات کەتوێژینەوەی زانستییە".

خوێندکارانی زانکۆ ئەوە دەخەنەڕوو کەئەو چاوەڕوانییەی لەزانکۆ هەیانبووە، بەو شێوەیە دەرنەچووە کەبینوویانە.

شالاو مەحمود خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی مێژوو لەزانکۆی سلێمانی وتی "لەماوەی چوار ساڵی خوێندندا چالاکی زانکۆم زۆر بەکەمی دەبینی".

رێکخراوە خوێندکارییەکان پێیانوایە کەدەتوانرێت لەهاویندا توێژینەوەی زانستیو جموجۆڵی ئەکادیمی ببینرێت. ئەوان داوادەکەن زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەکو مینبەرێکی زانستیو ئەکادیمی بەکردنەوەی خولی جۆراوجۆرو پێشکەشکردنی بەرنامەی زانستی کار بکەن.

ئەرسەلان حەسەن سکرتێری رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان وتی "لەهاویندا دەتوانرێت کاری پراکتیکی زۆر ئەنجامبدرێت، لەبواری رۆشنبیریو زانستیدا، بەڵام لەزانکۆکانی ئێمەدا ئەوشتانە نین، زانکۆکان هاوشێوەی قوتابخانە سەرەتاییو ناوەندییەکان کەتاقیکردنەوەکان تەواوبوون، ئەوانیش چالاکییان دەوەستێت".

ئەرسەلان دەڵێت ئێمە پڕۆژەمان هەبووە کە لەهاویناندا چالاکی ئەنجامبدەین بۆ هەموو خوێندکارانی زانکۆ، بەڵام رێگەمان نەدراوە ئەو دەرفەتەی کەبۆ دوو رێکخراوەکەی سەر بەدەسەڵات دەدرێت بەئەوان نەدراوە.

د. سلێمان پێیوایە کەنەتوانراوە سوود لەزانکۆکان وەربگیرێت، ئەو بەدەستووری وت "زانکۆ وەکو دامودەزگایەکی حکومی نەتوانراوە وەکو پێویست سوودی لێوەربگیرێت، وەزارەتی خوێندنی باڵاو مامۆستایانیش بەرپرسن ئەگەر لەهەر بەشێکدا پێنج مامۆستا کۆببنەوەو بیرۆکەیەك یان توێژینەوەیەکی باش پێشکەشبکەن، دیارە حاڵی زانکۆکان بەو شێوەیە نابێت کەهاوینان بێکار بن".

د. خدر مەعسوم سەرۆکی زانکۆی کۆیە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی ترەوە، ئاماژە بەوەدەکات کەزانکۆکان لەهاوینیشدا کاری خۆیان دەکەن.

ئەو وتی "زانکۆکان لەهاویندا بەو شێوەیەنین کەداخراویان پێوە دیاربێت، خەریکی کارکردنی خۆمانین، زۆربەی مامۆستایان خەریکی دانانی پرۆگرامی خوێندنن بۆ ساڵی ئاییندە".

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای زانکۆ وتی "لەچالاکی زانکۆکان ڕازی نیم، دەبوو ئێستا هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە لەزانکۆدا بکرانایە نەك زانکۆ نوێنەرێکی هەبێتو بەشداریبکات، ئێستا کەپڕۆژەی گەورە دەکرێتو سامانی گەورە بەرهەمدەهێنرێت، دەبوو زانکۆ گەورەترین مەرجەعی راوێژکاری هەموو دامودەزگاکان بوایە، لەپەرلەماندا دەبوو زانکۆکان پرۆژەی چاککردنی یاساو بنەمادەستوورییەکانیان هەبوایە کەنیمانە".

د. سلێمان وتی "چەند هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی زانکۆ لەقەیرانی بێ چالاکی دەربهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی رێکخراو نییە تاكو تەرایە".

د. خدر مەعسوم ئاماژە بەوەدەکات سازدانی کۆنفراسو فێستیڤاڵ لەزانکۆکاندا بەهەدەردانی پارەیە، مەعسوم وتی "توێژینەوەی زانستی دەکرێت، بەڵام هیوادارم شێوازەکەی بگۆڕدرێت، مەسەلەی کۆنفراسو فێستیڤاڵ بەهەدەردانی پارەیە، لەو وڵاتانەی کەئەو شتانە دەکرێن، مەسروفی خۆیان بەزیادەوە دەردەهێننەوە، بەڵام لێرە دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا مەسروفەکەی بکێشێت، هێشتا ئێمە بەو قۆناغە نەگەیشتووین کەئەوچالاکیانە ئەنجامبدەین".

> زانکۆکان لەهاویندا بەو شێوەیەنین کەداخراویان پێوە دیاربێت، خەریکی کارکردنی خۆمانین

## جیهانبینی پەروەردە



فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

### چەمکی خێرایی لەنێوان ئەنشتاین و پیاژێدا

لەو سەردەمەدا کەئەنشتاین خەریکی تیۆری رێژەیی بوو، پێویستی بەوەڵامی چەندین پرسیاری جۆراوجۆر هەبوو لەبارەی خێراییو کاتو تێڕوانینی منداڵ لەبارەی ئەم چەمکانەوە. ئەنشتاین ئاگای لەوە هەبوو کەپیاژێ لەجنێڤ کاری لەسەر جیهانبینی منداڵان دەکرد لەبارەی پرسە هەمەجۆرەکانەوە. لەساڵی ١٩٢٨ دا هەردوو زانا بەیەکەوە بەشداری کۆنفرانسێکی زانستی دەکەنو ئەنشتاین ئەوە بەهەل دەزانێت بۆ ئەوەی پرسیاری پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی خێراییو کات لەپیاژێ بکات، ئایا چەمکی خێرایی پابەندە بەکاتەوە یا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەکاتەوە نییە، لەهەمان کاتیشدا ئەنشتاین دەیویست لەروانگەی دەروونناسیەوە شارەزاییەکی گەورەتر لەچەمکی خێرایی پەیدا بکات. ئەنشتاین پێویستییەکانی خۆی بەپیاژێ راگەیاندو گفتوگۆیەکی جدیشیان لەبارەی هەوڵەکانی خۆی بۆ دانانی تیۆری رێژەییەوە کرد.

پیاژێ پێی وابوو لەگۆشەنیگای کلاسیکیەوە خێرایی بەندە بەدرێژی کاتەوە، بەڵام لەروانگەی تیۆری رێژەییەوە کات بەندە بەخێراییەوە. سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پیاژێ لەم بارەیەوە بووە جێگای بایەخی ئەنشتاین کەکاری لەتیۆری رێژەییدا دەکرد. پیاژێ پێی وابووە کەچەمکی خێرایی بەدوو شێوەی جیاواز دەردەکەوێت: وەکو ریزبەندی رووداوەکانو وەکو درێژی کات یا ئەو کاتەی دەکەوێتە نێوان دوو رووداوی یەک لەدوای یەکەوە. ئەوەی پەیوەندی بەمنداڵەوە هەبێت ئەوە زۆر بەسادەیی دەتوانین ئەوە بڵێین تێگەیشتنی ئەوان لەریزبەندی پەیوەندی بەخێراییەوە هەیە.

پیاژێ لەدرێژەی روونکردنەوەکانی سەبارەت بەچەمکی خێرایی لەلای منداڵ چەندین تاقیکردنەوە ئەنجامدەداتو پێی وایە ئەگەر دوو تەن یا دوو یاری قورمیشکراو بەهەمان خێرایی لەهەمان خاڵەوە لەسەر دوو رێگای هاوتەریب بخرێنە گەڕ، منداڵ هیچ جۆرە قورساییەک لەدەسنیشانکردنی خاڵی دەسپێکو کۆتاییدا یا جوڵانەوەو وەستانەوەیاندا بەدی ناکات. بەڵام ئەگەر یەکێک لەیارییەکان خێراییەکی زیاتری هەبوو، واتە یەکێکیان رێگایەکی زۆرتری بڕیو ئێمە لەپڕ هەردوو یارییەکەمان بەیەکەوە راگرت، ئەوکاتە منداڵەکان وابیر دەکەنەوەو هەردوو یارییەکە لەهەمان کاتدا دەستیان بەجوڵانەوە کرد، بەڵام لەهەمان کاتدا نەوەستانەوە. ئەمەیان پەیوەندی بەهەڵەیەکی پێرسێپشنانە یا درکپێکردنەوە نییە، چونکە منداڵەکان لەوە تێدەگەن کاتێک یەکێک لەیارییەکان وەستایەوە ئیدی ئەوی دیکە ناڕوات. بەڵام چەمکی هەمان کات یا هاوکات لەلای منداڵەکان لەم قۆناغەدا هیچ مانایەکی نییە، واتە تا ئەم کاتەش هیچ شتێک بەناوی هەمان کات بۆ دوو جوڵانەوە بەدوو خێرایی جیاوازەوە لەئارادا نییە. منداڵ تا نزیکەی شەش ساڵی بەشێوەیەکی گشتی پێیوایە تەنەکان یا یارییە قورمیشکراوەکان لەهەمان کاتدا دەست بەجوڵانەوە دەکەنو لەهەمان کاتیشدا دەوەستنەوە. بەڵام منداڵ ناگاتە ئەو دەرئەنجامەی کەهەردوو رێگاکە وەکو یەک کاتیان پێویست بووبێت، چونکە منداڵەکان پێیانوایە بڕینی رێگایەکی زۆرتر یا دوورتر پێویستی بەکاتێکی زۆرتر هەیە.

بەشێوەیەکی دی پیاژێ دەیەوێت ئەوە بڵێت کەچەمکی کات پابەندی چەمکی خێراییە یا لەسەر خێرایی وەستاوە. واتە هەرچەند خێرایی زیاتر بێت کات کەمتر دەبێتەوەو پێچەوانەکەشی دروستە. بەڵام لەشێوەی کلاسیکیەکەیدا خێرایی پەیوەندی بەهەماهەنگی نێوان دووریو کاتەوە هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە لەتاقیکرددنەوەکانی پیاژێدا سەرنجی ئەوە دەدرا کەمنداڵەکان تێڕوانینی دیکەیان بۆ چەمکی کاتو دووری هەبوو. هاوکات لەگەل□ باسکردنی دوو تەندا کەبەپەنای یەکتریدا دەڕۆن، منداڵەکان لەبری چەمکی کات باسیان لەپێشو پاش دەکرد، هەروەها لەبری چەمکی دووری باسیان لەدواوە یا پێشەوە دەکرد. منداڵەکان لەتەمەنێکدا تەنها قورسایی خۆیان دەخەنە سەر خاڵی وەستانەوە یا بەشێوەیەکی دی کەی تەنەکان (یارییەکان) دەوەستنەوە یا کامەیان دەگاتە ئەو سەرو پێش دەکەوێت یا بەزمانێکی منداڵانە دەیباتەوە. بەڵام منداڵ لەتەمەنێکی گەورەتردا بەشێوەیەکی دیکە باس لەچەمکی خێراییو کات دەکات. پیاژێ خۆشحاڵی خۆی بەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە دەردەبڕێت کە لەژێر کاریگەری ئەنشتاین یا لەسەر داواکاری ئەنشتایندا ئەنجامدران، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم کارانەی پیاژێ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەو پێداچوونەوانانەوە هەبوو کەدوو زانای فەرەنسی لەسەر تیۆری رێژەیی ئەنجامیاندابوو. پیاژێ لەم بارەیەوە دەنووسێت

(منداڵ قورسایی لەپێناسەکردنی چەمکی کاتو خێراییدا بەدی دەکات. کاتێک مرۆڤ پێناسەی خێرایی دەکات (خێرایی=دووری ⁄کات)، دەبێ لەکاتەوە دەستپێبکات، بەڵام کاتێک مرۆڤ دەیەوێت کاتەکە بپێوێت، ناتوانێت ئەم کارە بەبێ یارمەتی خێرایی ئەنجامبدات. ئەو دوو فیزیک ناسە فەرەنسایی‌یەی بەپێداچوونەوەی خاڵە بنەڕەتییەکانی تیۆری رێژەییەوە خەریکبوون لەپێناوی ئەوەی نەکەونە ناو هەمان بازنەوە، توانیان سود لەزانستەکانی ئێمە ببێن لەبارەی سەرهەڵدانی دەروونناسیانەی چەمکی خێرایی لەلای منداڵ)

# هەندەرانییەکان شێوازی ژیانیان دەگۆڕن

## ئەو کچو کوڕانەی لەئەوروپاوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، دەڵێن ناچارین دەستبەرداری هەندێك مامەڵەو هەڵسوكەوتی ئەوروپا ببین

هاوژین جەمال

ئەو کچو کوڕانەی ساڵانێکە لەوڵاتانی ئەوروپا ژیاونو ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگاوە ناچارن شێوازی ژیانیان بگۆڕنو واز لەهەندێک مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئەوروپا بێن.

ئەوان دەڵێن ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی کە لەئەوروپا دەکرێت، ئەگەر لەکوردستانیش لەسەر هەمان شێوە بەردەوامبێت، تووشی گرفتێکی زۆر دەبێت، ئەوەش بەهۆی جیاوازی گو□ڕینی ژینگەو هەڵسوکەوتی مرو□ڤەکانو پابەندبوون بەئایینەوە.

سادق جەمال ٣١ساڵ، ٣ ساڵ لەوڵاتی سوید ژیاوەو ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەدەستووری راگەیاند "لەئەوروپا هەموو تاکێک ئازادە لەچو□نیەتی بەڕێکردنی ژیانی چ لەڕووی کو□مەلا□یەتییەوە یان ئاینەوە، واتە ئازادییەکی تەواوی پێبەخشراوە، هێنانی ئەو شێوە ئازادییەو ژیانی ئەوروپا بۆ کوردستان دەبێتە هو□ی گرفت لێرە".

سادق جەمال وتی "وازهێنان لەشێوازی هەڵسوکەوتی ئەوروپا، بەشێوەیەکی زو□ر لەدەست خو□ماندا نییە، بەڵکو دابونەریتی وڵاتەکەت وات لێدەکات واز لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بهێنیت".

شێوازی هەڵسوکەوتی هاوڕێیەتی لەکوردستان جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوروپادا، لەوڵاتانی ئەوروپا



مرۆڤ پابەنددەبێت بەهاوڕێیەتیەکی ئازاد، بەتایبەت لەگەڵ کچاندا، بەڵام لەکوردستاندا کۆمەڵگاو ئاین ڕێگرن لەو جۆرە هاوڕێیەتییە.

بەیان حەسەن ٣١ ساڵ، ٤ ساڵ لەوڵاتی بەریتانیا بووەو ماوەی ٥ مانگە هاتووەتەوە بۆ کوردستان وتی "لەئەوروپادا بەهو□ی تەنیاییەوە مرو□ڤ پابەنددەبێت بەهاوڕێیەتییەکی ئازاد، بو□ نمونە هاوڕێیەتی کچ کەدەبێتە هو□کارێک بۆ نەمانی گرفتی تەنیایی وەک قسەکردن، گەڕان، پێکەوە ژیان".

بەیان حەسەن دەڵێت "جیاوازییەکی ئەوتو□ نابینم لەنێوان جیاوازی جلوبەرگ لەبەرکردن لێرەو لەئەوروپا، من بو□ خو□م ئەو کالا□ییەی کە لەئەوروپا بەکارمهێناوە، لێرەش بەکاریدەهێنم".

کارزان حەسەن ٢٥ ساڵ، ٦ ساڵ لەوڵاتی سوید بووە وتی "کوڕو کچ لەوڵاتانی ئەوروپادا خاوەنی کلتوورێکی تایبەت بەخو□یانن کە بەئەندازەی خواستو تەمەنی خو□یان، ئەزموونی ژیان دەکەن لەناو کلتوورێکی گەورەتردا کەکو□ی گشتی کلتووری رو□ژئاوا دەتوانم بڵێم هاوکاری ئەو کلتوورەی گەنج دەکات بەهەردوو رەگەزەکەیەوە".

بەشێکی زۆر لەوانەی لەدەرەوە دەگەڕێنەوە، کاتێک جۆرێک جلوبەرگ لەبەردەکەن یاخود بەشێوەیەک هەڵسوکەوتو مامەڵەدەکەن، دەکەونە بەر توانجی خەڵک.

کارزان حەسەن رایگەیاند "کلتوورێک ئەگەر نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کەسی نامو□دا بکات، ناشتوانێت رێزی بگرێت، توانجیش بەشێکە لەو نەزانییەی کەدەبێت چاوەڕێی بکەین".

ئەو گەنجانەی ساڵانێکە لەئەوروپا ژیاونو ئێستا گەڕاونەتەوە، دەڵێن باش نییەو ئەو جۆرە هەڵسوکەوتو رەفتارەی لەئەوروپا دەکرێت، لەکوردستانیش بکرێت، چونکە بەڕای ئەوان ئەوە گرفتیان بۆ دروستدەکات.

سادق جەمال وتی "پێ□م باش نییە ئەو شێوازە هەڵسوکەوتەی کە لەئەوروپا دەکرێت، لێرەش بکرێت، چونکە ئێمە نەوەی ئەم نیشتمانەین نەوەی کو□مەڵگای کوردەوارین".

هەندێک شێوازی رەفتارو مۆدەی جلوبەرگو قژتاشێن لەئەوروپا گەنجە کوردەکانیشی گرتووەتەوە، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە کوردستان ئەو گەنجانە دەستبەرداری ئەو جۆرە رەفتارانەیان دەبن.

ئەوان دەڵێن لەکوردستان ئاینو کو□مەڵگاو دابونەریت دەبێتە رێگر لەبەردەمیدا، وەک خواردنەوە لەشوێنە گشتییەکانو چونە دەرەوە بو□ دیسکو□و تێکەڵبوون لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر کەلێرە نامو□ن.

بەیان حسن دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی هەموو تاکێک لەم نیشتمانەی خو□ماندا، پێویستە کەم تا زو□ر پابەندبێت بەژیانی کو□مەلا□یەتی خێزانەوە، لێرە مرو□ڤەکان هەموو ئازادییەکیان پێ نەبەخشراوە، بەڵکو ژیان لێرە بەندە بە (خێزان، کو□مەڵگا، ئایین، دەستوور) کەئەمەش ئەگەر شێوە هەڵسوکەوتێک ئەنجامبدەیت، کە لەئەوروپا ئەنجامتدابێت، دەکەویتە بەر توانجو قسەی ناشیرین".

کارزان حەسن پێیوایە نیگاکردن بو□ ئەوانەی کەدەگەڕێنەوە کوردستان نیگایەکی نامو□یە، نامو□ بەواتای هاوولا□تی نیشتمانیو شێوازێکی تری هەڵسوکەوت، کەواتە مرو□ڤی نامو□ تەمەنێکی ساوایی هەیە لێرە.



# شووکردنی پێش ١٨ ساڵ یەکسانە بەکێشە

## «کچانو کوڕان لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە پێنەگەیشتوون بۆ بڕیاردانی هاوسەرگیری»



سۆزان عەلی

توێژەرانی کۆمەڵایەتی رایدەگەیەنن پێویستە کوڕانو کچان بەر لەئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری، بەقۆناغی سروشتی خۆیان گەیشتبێتن لەڕووی جەستەییو رۆشنبیریو عەقڵییەوە، بەشێک لەو کچانەشی پێش تەمەنی ١٨ ساڵی شوویانکردووە، دەڵێن زوو شووکردن تووشی گرفتی کردوون.

توێژەران دەڵێن ئەگەری زۆر هەیە کێشە بۆ ئەو کچو کوڕانە دروستبێت، کەهێشتا کامڵ نەبوونو بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی هزریو رۆشنبیری ئەو کچو کوڕانە.

هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی دابونەریتی کۆمەلا□تی خۆی ئەو تەمەنە دەستنیشاندەکات کەکچانو کوڕان دەتوانن تێیدا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، کە بەگشتی تەمەنی یاسایی بۆ کچان ١٦تا١٨ ساڵەو بۆ کوڕانیش ١٨تا٢٠ ساڵە.

بەڕای پسپۆڕان دیاریکردنی کاتی گرێبەستی هاوسەرگیری، رەنگە ببێتە رێگر لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری بەر لەو ماوەیەی کەبۆی دیاریکراوە.

هێمن مەحمود حەسەن توێژەری دەروونی وتی "لەکاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەریدا، پێویستە ئەو کچو کورە بەقۆناغی سروشتی خۆیان گەیشتبێتن لەڕووی سروشتیو رۆشنبیریو کامڵبوونی عەقڵییەوە، واتا هەموو ئەو بوارانەی کاریگەریان دەبێت لەسەر داهاتووی ژیانیان".

ژین کەناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ١٩ ساڵانەو ماوەی سێ ساڵە شوویکردووە، دەڵێت مێردەکەی زۆر بۆی خراپەو رۆژانە بەهۆی لێکتێنەگیشتنەوە دەبێتە شەڕیان.

ژین بەدەستووری وت "تائێستا دووجار چوومەتەوە ماڵی باوکم، بەڵام دواتر خێزانی هەردوولامان کێشەکەیان چارەسەرکردووە".

ژین کاتێک شوویکرد بەئارەزووی خۆی بوو، وتی "کەس زۆری لێنەکردم، بەڵام لەهەموو تەمەنمدا مێردەکەم پێشووتر نەبینیبوو".

بەشێک لەو ژنانە پەنجەی پەشیمانی بۆ ئەوە دەگەزن کەسەرکەوتوو نەبوون لەهەڵبژاردنو چۆنیەتی بڕیاردانیان لەپرۆسەی هاوسەرگیری، دڵتەنگیشن بەوەی ژیانی گەنجێتیان نەبینووە.

لاوێن کە لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا شوویکردووەو منداڵێکی هەیە وتی "گەنجێتیم نەبینی، رۆژێک کوڕی هاوڕێیەکی باوکم لەڕێگەی باوکمە هاتنە داوامو منیش رازیبووم".

لاوێن دەڵێت بیزانیایە ئەرکو بەرپرسیاریەتی خێزان لەتەمەنێکی منداڵیدا قورسە، هەرگیز شووی نەدەکرد. ئەو وتی "ئێستا خەمی هەموو شتێکمەو سەرەڕای دەنگەدەنگو ناخۆشی لەگەڵ مێردەکەمدا".

هێمن ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە وتی "ئەگەر کەمتر لەقۆناغی دیاریکراو بڕیاری گرێبەستی هاوسەرگیری درا، کەموکوڕی دروستدەبێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی هزریو رۆشنبیری کچو کوڕەکەو وایان لێدەکات بیرکردنەوەو تێبینیان بۆ رووداوەکانی دەورو پشتیان تاڕادەیەک لاوازبێت".

هەروەها وتی "دوابەدوای ئەو بڕیارە سەختانەش، هەمیشە کۆڵە قورسو گەورەکە دەکەوێتەوە سەر شانی رەگەزی مێینە، بۆ نمونە جارێکیتر چوونەوە بۆ ماڵی باوکو دروستبوونی کۆمەڵێکیتر لەقسەو قسەڵۆک، کەئەمەش زیاتر لەکۆمەڵگەی خۆماندا باوەو بێڕەحمانە دوای جیابوونەوەی هاوسەران، وازیان لێناهێنن".

هەنسک ناوی خوازراوی ژنێکی تری تەمەن ٢٥ ساڵەو دوو ساڵە جیابووەتەوە، یەکێکە لەو کەسانەی بووەتە قوربانی بڕیاردانی بەپەلە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا.

ئەوکاتەی هەنسک شووی بەکوڕە مامێکی کرد، تەمەنی تەنها ١٦ ساڵ بوو، لەو کاتەوە وەک خۆی دەڵێت خۆشی لەتەمەنی خۆی نەبینووە.

هێمن وتی "کچو کوڕ لەتەمەنی هەرزەکاریدا لەلایەنی سۆزو سۆزدارییدا پێنەگەیشتوون، هەردەم هەست بەدڵەڕاوکێو نائارامی دەکەن، لەبڕیارداندا خێراو هەڵەشە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەن، سیمای لەخۆباییو نکوڵیکردنیان پێوە دیارە".

www.arsivakurdi.org

# "دەسەڵات ئۆپۆزیسیۆنی ئیحتیوا نەکردووە"

## ئارام قادر سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان بۆ دەستوور



سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لەپەرلەمانی کوردستان

سازدانی: گۆران وەهاب

**ئارام قادر سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان لەئەدای کاری فراکسیۆنەکانی پەرلەمان رازییە. پێی وانییە دەسەڵات ئۆپۆزیسیۆنی ئیحتیواکردبێت، دەڵێت دەیبینم ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی بەرچاوی بینی بۆ ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵك.**
**ئارام قادر دەڵێت کۆمەڵو یەکگرتوو وەك ئۆپۆزیسیۆن تایبەتمەندی خۆیان پاراستووەو لەدەروپشتی گۆڕاندا وننەبوون.**

**دەستوور:** رەخنەی زۆر لەئەدای ئۆپۆزیسیۆن دەگیرێت، بەتایبەت کۆمەڵو یەکگرتوو، چالاکیو جموجۆڵەکانتان سنووردار بوون؟

**ئارام قادر:** بەپێچەوانەوە،وو ئۆپۆزیسیۆن بەهەر سێ لیستەکەیەوە لەسەرەتای راگەیاندنی ئاراستەی ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەماندا بەکاراییو چالاکی هاتوونەتە مەیدانو کاری خۆیان دەکەن، کاری ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لەچاودێریکردنی کاری حکومەتو دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان خەڵكو دەسەڵاتدا، بەتایبەت دەسەڵاتی یاسادانانو جوڵاندنی رای گشتی سەبارەت بەو کەموکورتیانەی هەیە، بێگومان ئێمەش بەمکارە هەستاوین، لەبەرئەوە بەپێچەوانەوە دەیبینم ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی بەرچاوی بینی بۆ ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەئەرکی دەسەڵاتو ئەرکی خۆیان.

**دەستوور:** دەڵێن دەسەڵات زۆر زوو ئیحتیوای کردن، کارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێزیان نەماوە، ئێستا دۆشداماون؟

**ئارام قادر:** هەر لەسەرەتاوە کەهاتوینەتە ناو پەرلەمان، ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن بریتی بووە لەوەی کۆمەڵێك پرۆژەیاسا پێشکەشبکات، سەبارەت بەباشکردنی بژێوی خەڵكو چاککردنی سیستمی سیاسیو یاسایی، ئەگەر بێتو سەیریش بکەین ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشکراوە، رێژەیەکی باشی لەلایەن لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە پێشەشکراون، ئەگەر سەیری گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان بکەیت، ئەو گەرموگوڕیو چالاکیو گفتوگۆیانەی لەسەر پرۆژە یاساکانو هەڵوێستە سیاسیەکان هەیە، دەبینین پشکێکی باشی بەر ئۆپۆزیسیۆن دەکەوێت، ئۆپۆزیسیۆن داهێنانیکرد لەوانە ئەندام پەرلەمانەکان دەچنە ناو خەڵكو دەزگاکانو پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکدا هەیە، هەڵوێستی ناوازەیان پێشکەشکردووە، بۆ نمونە لیستی گۆڕان پارەی ئۆتۆمبێلەکانیان وەرنەگرتووە، لیستی کۆمەڵ پارەی ئۆتۆمبێلەکان دەکەنە پرۆژە بۆ ناردنەدەرەوەی بریندارانی کیمیاباران بۆ دەرەوەی کوردستان. هەروەها قسەکردن لەسەر ئەو دۆسیانەی بووەتە جیی پرسیاری خەڵك، مەسەلەی بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانو ناردنە دەرەوەی نەوت بەشێوەی نایاسایی، ئەمانە هەمووی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە دەجولێندرێتو باسی لەسەر دەکرێتو هەوڵدەدات حکومەت بەشێوەیەکی یاساییو خێرا جموجۆڵی لەسەر بکاتو بڕیاری لەسەر بدات.

**دەستوور:** بۆ نمونە لەم دواییەدا دەسەڵات کەوتە دوو ئابڕوبەرییەی (فەزیحە) زۆر گەورەوە ، یەکەم تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، دووەم بەقاچاخبردنی نەوت، ئەمە سەرەڕای کەموکورتییە کۆنو رۆژانەییەکانی دەسەڵات، ئەوە دوو ئابڕوبەرییەی گەورەبوون، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن لەدوورەوە تەماشادەکات، نەیتوانی هەرایەکی گەورە بنێتەوە؟

**ئارام قادر:** بەهیچ شێوەیەك وەکو ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەو مەسەلانە لەدوورەوە نەوەستاوین، زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ ئەو کەیسانەدا مامەڵەمانکردووە، هەر لەسەرەتای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە لەپەرلەماندا ئیدانەمانکردووەو داوامانکردووە پەرلەمانو حکومەت بەزووترین کات لەو کەیسە بکۆڵنەوەو بکوژانی ئاشکرابکەن. ئەوە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن بووە بەرەسمیو بەدواداچوونیشمان بۆ کردووە. سەبارەت بەمەسەلی نەوتیش یەکەم هێزێك لەکوردستاندا باسی بردنەدەرەوەی نەوت کرد بەشێوەیەکی نایاسایی، لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون، کە لەناو پەرلەمانو میدیاکانو رای گشتیدا ئاشکرایانکرد کەداهاتەکانی نەوت لەساڵی ٢٠٠٩دا نەخراونەتە سەر خەزێنەی دارایی حکومەتی هەرێم، ئۆپۆزیسیۆن بوون لەمیدیاکاندا ئەم مەسەلەیان وروژاندو باسیان لەسەر مەسەلەی نەوتو پاڵاوگەکان کرد، کەئایا مۆڵەتیان لەکوێ وەرگرتووەو داهاتەکەی بۆ کوێ دەڕوات؟ وەزارەتی دارایی ئاگای لەم داهاتە هەیە یان نا؟ هەروەها حکومەتی ناوەندی هەڵویستی سەبارەت بەم مەسەلانە چییە، کۆمەڵێك پرسیاری تریشمان وروژاندو لەناو هۆڵی پەرلەماندا راستەوخۆ ئەو پرسیارانەمان ئاراستەی وەزیرانی داراییو سامانە سروشتیەکان کرد، بەردەوام لەڕێی لیژنەکانی پەرلەمانەوە بەدواداچوونمان بۆ کردووە، هەرگیز لەدوورەوە سەیری کێشەکان ناکەینو چووینەتە ناو قوڵایی کێشەکانەوە. داوامانکردووە بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەربکرێنو هەوڵبدرێت بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کەبەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بێنێتەدی.

**دەستوور:** ئایا چاوەڕێدەکەن دەرفەتی لەوە باشتر هەبێت بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەنو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات بۆ خەڵك روونبکەنەوە؟

**ئارام قادر:** بێگومان لەبەرئەوەی دیاردەی ئۆپۆزیسۆنبوون لەکوردستاندا لەسەرەتایدایە، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە قسەو پێشنیازو پرۆژەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەچاوێکی گومانەوە سەیردەکرێنو هەوڵدەدرێت لەباربرێن، ئەمەش زۆر بەڕوونی دیارە، ئێمە بەشێوەیەکی ئاسایی سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەین، چونکە دیارەی ئۆپۆزیسیۆنبوونو مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا لەکوردستاندا تازەیەو سەرتایەتی، هەروەها ئۆپۆزیسیۆنبوون تازەیەو پێویستمان بەئەزموونێکی تازەترو هەنگاویتر هەیە، بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بزانێت ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن چییەو چۆن ئۆپۆزیسیۆنبوون دەکات، هەروەها دەبێت دەسەڵاتیش بەخۆیدا بچێتەوە بزانێت چۆن سەیری ئۆپۆزیسیۆن دەکات، چونکە ئێمە بەلامانەوە وایە کەهەمشیە ئۆپۆزیسیۆن لەبەرژەوەندی حکومەتو هاووڵاتیانو خەڵکی کوردستانە، چونکە ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە حکومەت چالاك دەکاتو ئەدای حکومەت بەهێزدەکات، بێگومان ئەمانەش لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی حکومەتو دەسەڵات لەهەرێمی کوردستاندا.

**دەستوور:** دەڵێن خێرایی ئەو ئیحتیواکردنەی دەسەڵات لەپەرلەماندا هێندە زۆرە، ئۆپۆزیسیۆن بۆخۆی تووشی سەرسوڕمان هاتووە، وایکردووە کەئۆپۆزیسیۆن نازانێت چۆن بەرەکانی تری ململانێ بەکاربهێنێت؟

**ئارام قادر:** دەسەڵات ئۆپۆزیسیۆنی ئیحتیوارنەکردووە لەواقیعدا پێچەوانەیە، چونکە بەردەوام ئۆپۆزیسیۆن خەریکی کاروچالاکیو ئاراستەی خۆیەتی، ئێستاش کە لەپشووی پەرلەمانداین، پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو لیژنەکانی خۆیاندا سەرقاڵی کۆبوونەوەو راپۆرتی لیژنەکانن، ئەوە بەقسەیەکی دوور لەڕاستی دەزانم کەدەسەڵات ئۆپۆزیسیۆنی ئیحتیواکردبێتو نەیهێشتبێت بەئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت، دیاردەیەکی سروشتیشە کاتێك زۆرینەو کەمینە هەبێتو زۆرینە دەسەڵاتبێتو کەمینەش ئۆپۆزیسیۆن، ململانێی سیاسی هەیە لەنێوانیاندا، کەمینە هەوڵدەدات زۆرترین فرسەت بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بۆ هاووڵاتیانی بسەلمێنێت کەدڵسۆزی هاووڵاتیانە، کەبتوانێت ببێتە خزمەتکار بۆ هاووڵاتیان، بەهەمان شێوەش لیستی دەسەڵاتیش دەیەوێت ئەو بەرنامانەی هەیەتی جێبەجێبکاتو ئەو بیرۆکانەی هەیەتی بۆ هاووڵاتیانی بسەلمێنێت.

**دەستوور:** سەرباری ئەوانەش تێبینی ئەوە دەکرێت کۆمەڵو یەکگرتوو، خەریکە وندەبن لەدەورو پشتی گۆڕاندا، دوای ئەوان کەوتوونو خۆیان پرۆژەی جدیان نییە لەسەر ساحەی سیاسی؟

**ئارام قادر:** نە گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ وندەکات، هەروەها هێزو بوونی کۆمەڵو یەکگرتووش کەهێزێکی ریشەداری ناو ساحەی سیاسی کوردستانن، لەدەوروپشتی هیچ هێزێکی تردا وننابن، بە بەڵگەی ئەوەش لەهەردوو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەرسێ لایەنی کۆمەڵو یەکگرتوو و گۆڕان رێژەیەك لەکورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، بێگومان بەپرسوراو بڕیاری یەکتری بڕیاریانداوە کە لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا لیستی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروستبکەن، لەبەر پاراستنی مافە نەتەوەییەکان، تا ئەو هەڵوێستە بنوێنن، پرسوڕای پێشتر هەیە لەگەڵ لایەنەکانداو کەسیان نایەوێت ئەویتر داپۆشێت یان ئەویتر فەرامۆشبکات، ئەو سێ لیستە بەیەك ئاراستە کاردەکەن کەئەویش ئاراستەی ئۆپۆزیسیۆن لەناو کوردستاندا، بەڵام بۆ بەغداد لەسەر تەئکیدکردن لەسەر پرسی نەتەوەو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیەکانمان بەیەك ئاراستە چوینەتە بەغداد، لەزۆرێك لەکاروبارەکانماندا پروسوڕا هەیە لەنێوانماندا، چونکە هەرسێکمان یەك ئاراستەی ئۆپۆزیسیۆنین، بەڵام لەزۆر هەوڵوێستیشدا یەکگرتوو یان گۆڕان یان کۆمەڵ، هەڵوێستی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بۆ نمونە مەسەلەی ئۆتۆمبێلەکان گۆڕان هەڵوێستێکی هەیە، کۆمەڵ هەڵوێستێکی تری هەیەو یەکگرتووش هەڵوێستی خۆی هەیە، مانای ئەوەنییە دژ بەیەك بین، نەخێر هەرسێکمان یەك ئاراستەمان هەیە، ئەویش ئۆپۆزیسیۆنبوون لەهەمان کاتیشدا هەر لیستەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**دەستوور:** کۆمەڵو یەکگرتوو، لەپەرلەمانو مزگەوتەکاندا قەتیسماون، چالاکی بچوكو سنووردارتان هەیە، لەکاتێکدا لەخولی پێشوودا، لەچوارچێوەی چوار حیزبەکەدا کاریگەری زیاترتان هەبوو؟

**ئارام قادر:** ئەو قسەیە زۆر سەیرە، بەپێچەوانەوە لەم خولەدا کەخولی سێیەمەو بەهۆی بوونی کۆمەڵو یەکگرتوو بەلیستی ئۆپۆزیسیۆن، بەشێوەیەکی کاراو چالاکانە لەناو پەرلەماندا هەڵوێستیان بینیوە، کۆمەڵێك پرۆژەی باش پێشکەشکراوەو لەناو پەرلەماندا کۆمەڵێك خاڵی گرنگ تۆمارکراوە، لەبەرئەوە دەبینین بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگمان زیاتربووەو لەڕووی هەڵوێستی سیاسیەوە هەردوو حیزبەکە پێگەیان بەهێزتربووە، بەپێچەوانەوە ئەو دوو حیزبە ئێستا دیارترنو خەڵك هەڵوێستیان بەدیار دەزانێت، چونکە لەخولی پێشووی پەرلەماندا هەردوو حیزب لەناو حکومەتدا بوون، راستە رەخنەیان لەحکومەتو پەرلەمان هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەحکومەتدا بەشداربوون، نەتوانراوە وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی راشکاوانە بێنە مەیدانو کاری خۆیان بکەن.

**دەستوور:** سەبارەت بەوەی کەدەڵێن ئیسلامییەمان هەمیشە لەکاتە چارەنووسسازەکاندا سازشدەکەن، بەدوای دەستکەوتنی کەمو بچوکەوەن، چی دەڵێیت؟

**ئارام قادر:** لەکاتێکدا قسەدەکرێت و نمونە بهێنرێتەوە بەهەڵوێستێك، بەڵام ئەوانە پێچەوانەی مێژووی ئەو دوو حیزبەن، سەبارەت بەهەڵوێستی نەتەوایەتیو داکۆکیکردن لەئەزموونی کوردستان، هەرچەندە لەکوردستاندا زۆر ستەمی سیاسیو ئابووری لەو دوو حیزبەو ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەزموونە نەتەوەییو داکۆکیکردن لەئەزموونی نەتەوەیمان، ئێمە بەشداریمان لەئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانەکاندا کردووە، بەپێچەوانەوە دەڵێم سازشمان لەسەر خەڵك نەکردووە تابەنە خاڵێك بەسەر ئەو دوو حیزبەوە.

**دەستوور:** ئێوە هەمیشە دەڵێن چاوەڕێی دۆخێکی گونجاوترن، کەیاسای بودجەو حیزبەکانو شتی وا هەبێت، دۆخەکەش وا بڕوات بەو کورسیانەی هەتانە، پێناچێت ئەو یاسایانە پەسەندبکرێن، کەواتە چاوەڕێی چین، دەڵێن رۆحی ریسککردنو موجازەفەکردنتان نییە؟ یەکێتیو پارتی دڵنیابوونەتەوە لێتان، بۆیە بەجدیش بەدەنگ داواکارییەکانتانەوە نایەن.

**ئارام قادر:** بێگومان پارتیو یەکێتیش مافی خۆیانە، لەبەرئەوەی ئەوانیش خەباتو بەرنامەی خۆیان هەیە، هیچ کاتێك کەس داوای لێنەکردوون بەدەم داوای لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بێن، ئێمەش چاوەڕێی ئەوە ناکەین، بێگومان ئەوان بەئاراستەیەك ئیشدەکەنو ئێمەش بەئاراستەیەکیتر ئیشدەکەین، ئەوە سروشتی ململانێی سیاسیە، نە ئێمە چاوەڕێدەکەین بەدەم داواکارییەکانمانەوە بێنو خواساتەکانی ئێمە جێبەجێبکەن، نە ئێمەش بەهەمان ئاراستەی ئەوان کاربکەین، ئێمە کەئۆپۆزیسیۆنین ئەرکمان بریتیە لەچاودێریکردنی ئەرکی حکومەتو ئەو کەموکورتیانەی لەپرۆژەو ئەرکی حکومەتدا هەیە بۆ رای گشتیو میدیاکان، هەریەکە بیرۆکەو تێڕوانینی خۆی هەیەو چاوەڕێی لایەنەکەی تر بکەین، ئەگەر ئەو پرۆژانەی پێشەکەشیدەکەین ئومێدەوارین پەسەندبکرێنو ببنە یاسا، چونکە ئەمە بەس سەرکەوتن نییە بۆ ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکو سەرکەوتنە بۆ پەرلەمانو حکومەت، چونکە هەر یەکێك لەو پرۆژانەی ئۆپۆزیسیۆن پێشکەشیدەکات پەیوەندی بەحیزبو کەسایەتییەکی دیاریکراوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەهاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیەو لەبەرژەوەندی ئەواندایە، کاتێك پرۆژەیەکی لیستی ئۆپۆزیسیۆن پەسەنددەکرێتو دەنگی زۆرینە بەدەستدێنێت، نابێت بوترێت ئەمە دەستکەوتە بۆ ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەستکەوتە بۆ پەرلەمانو حکومەتو هاووڵاتیان، هەروەها کاتێك لیستی دەسەڵات پرۆژە یاسایەك پێشکەشدەکات، لەبەر تێڕوانینی حیزبیو سیاسی رەتدەکرێتەوەو لەبەر ئەوەی لیستی دەسەڵات زۆرینەیە زیانەکەی ئەوەنییە بۆ لیستی ئۆپۆزیسیۆن بێت، بەڵکو هاووڵاتیانو سیستمی سیاسی کوردستان زیانی لێدەکەن، چونکە ئەو پرۆژە یاسایانە بەقازانجی دەسەڵاتی سیاسیو حکومەت کۆتاییدێتو ئێمە بەردەوامدەبین لەپێشکەشکردنی پرۆژە یاساو رەخنەکانمان.

> **هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەوڵدەدرێت قسەو پێشنیازو پرۆژەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەباربرێن**

> **هێزو بوونی کۆمەڵو یەکگرتووش کەهێزێکی ریشەداری ناو ساحەی سیاسی کوردستانن لەدەوروپشتی گۆڕاندا وننابن.**



# ئابڕوبەرییەکەی شەڕی ئەفغانستان، ئێرانیشی گرتەوە

## بەڵگەنامە نهێنییەکانی "ویکی لیکس" ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو دوژمنەکانی توڕەدەکات

هیوا سەلیمی

بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی شەڕی ئەفغانستانو پاکستانو خستنەڕووی ئابروچوونەکانی سوپای ئەمریکا لەکوشتنی خەڵکانی مەدەنی، حکومەتی ئەو وڵاتەی تورە کردووە، هاوکات پشتگیرییەکانی ئێران لەگروپە توندڕەوەکان ئاشکراکردووە.

ماڵپەڕی "ویکی لیکس" زیاتر لە ٩٠ هەزار بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەجەنگی ئەفغانستانی بڵاوکردەوەو دواتر چەندین رۆژنامەی ناسراوی جیهانیش ئەم بەڵگەنامانەیان بڵاوکردەوە. هاوکات بەڕێوەبەری ئەم ماڵپەڕە باس لەوەدەکا کە ١٥ هەزار بەڵگەنامەی دیکەیان لەبەردەستدایە، ئەمریکاش داوای لێکردوون کە ئەو ١٥ هەزار بەڵگەنامەیەتر بڵاونەکرێتەوە. لێکدانەوەو شیکاری ئەم بەڵگەنامانە درێژەی هەیەو ئەفغانستانو پاکستان بەتوندی ڕەخنەیان لەم ڕەفتارە گرتووە، بەرپرسانی ئەمریکایی باس لەوەدەکەن کەبڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگەنامانە، گورزی لەئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا داوە. رۆڵی وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستانو بەتایبەت حکومەتی ئێران، جێگەیەکی تایبەتی لەم بەڵگەنامانەدا هەیەو چەندین بەڵگەی گرنگ سەبارەت بەپشتگیریکردنی ئێران لەگروپە توندڕەوەکانی ئەلقاعیدەو تاڵیبان بڵاوکراوەتەوە.

### وێنەیەکی ڕووناکتر لەجەنگی ئەفغانستان بەدەستەوەدەدات

بەڵگەنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی جەنگی ئەفغانستان لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩. ئەگەرچی سەرجەمی ئەم بەڵگەنامانە نهێنی نین، بەڵام ریزکردنی ئەم بەڵگەنامانە لەپاڵ یەکتردا وێنەیەکی ڕاستو واقعیی لەئەفغانستان بەدەستەوەدەدات. بەشێك لەبەڵگەنامە بڵاوکراوەکان ڕاپۆرتەکانی بارودۆخی جەنگی ئەمریکا لەئەفغانستانەو بەوردی کوژرانو لەناوچوونی کەسانی سڤیل لەگەرماوگەرمی جەنگ نیشاندەدا. ئەم بەڵگەنامانە نووسینەکانی ڕۆژانەی جەنگی ئەفغانستانە لەزمانی سەربازەکانی ئەمریکا کەوەك ڕاپۆرتی ڕۆژانەی سەربازی بۆ فەرماندەو ناوەندە سەربازییەکانی ئەمریکا بەرزکراوەتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە نیشانیدەدا کەتاڵیبان وردە وردە بەرەو بەهێزبوونی زیاتردەچێت، هاوکات زیانەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بەوردی ئاشکرادەکات. زانیاری ناو ئەو بەڵگەنامانە ئەوە دەردەخا کەتەنانەت لەباکووری ئەفغانستان کەوەك ئارامترین ناوچەی ئەفغانستان دەستنیشاندەکرا، ئاڵۆزیو لێکدادانەکان زیادیکردووەو ئەم ناوچەش خەریکە بەرەو چارەنووسی ناوچەکانیتری ئەفغانستان دەچێ. لەچەند ڕاپۆرتدا ئاماژە بەوەدەکرێ کەئەمریکا لەئەفغانستان هێزێکی تایبەتو کارامەی بۆ کوشتنی بەرپرسو فەرماندەکانی تاڵیبان ڕێکخستووە.

چەندین تەوەری گرنگی جەنگی ئەفغانستان ناوەڕۆکی بەڵگە ئاشکراکراوەکان پێکدێنێ، کەبەشێکیان بریتین لەکوشتنو لەناوبردنی چەکدارەکانی تاڵیبان بەبێ دادگاییکردنیان، چەندین بەڵگە سەبارەت بەچۆنیەتی شاردنەوەی بەڵگەکانی پەیوەندیدار بەدەسڕاگەیشتنی تاڵیبان بەمووشەکی دوورهاوێژ، چەندین ڕاپۆرتی سەبارەت بەکەڵکوەرگرتنی سوپای ئەمریکا لەفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ بەدواداچوونو لێدانی ڕابەرانی تاڵیبانو ئەلقاعیدە، ڕاپۆرت دەربارەی چوونەسەرەوەی ڕێژەی زیانەکانی هێزەکانی هاوپەیمان بەهۆی بۆمبە چێندراوەکانی نزیك شەقامەکان، پێوەندی نهێنی مەئمورانی پاکستان لەگەڵ تاڵیبان، دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکاروباری ناوخۆیی ئەفغانستان لەڕێگەی پڕچەککردنی تاڵیبانو پڕوپاگەندەو سیخوڕیو کڕینی بەرپرسانی سیاسیی ئەفغانستان، ئاستی بەربڵاوی کوژرانی خەڵکی سڤیلی ئەفغانستان بەهۆی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی.

بەپێی ناوەڕۆکی یەکێك لەو بەڵگەنامانە، پلانی پووچەڵکراوەی ڕفاندنی فڕۆکە لەفڕۆکەخانەی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان ئاشکرادەبێت، پلانێك هاوشێوەی کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەر کەئەگەر سەرکەوتنی بەدەستبهێنایە کابوڵ بەدەردەکەی نیویۆرك دەچوو. ئەیمەن زەواهیری ڕابەری ژمارەی دووی ئەلقاعیدە گروپێکی ٢٢ کەسی بۆ ڕفاندنی چەندین فڕۆکە لەفڕۆکەخانەی کابوڵ ڕادەسپێرێ، داوایان لێدەکات چەندین ناوەندی گرنگی ئەو شارەو لەوانە بینای سەرۆك کۆماری، ناوەندی فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆ لەئەفغانستانو باڵیۆزخانەکانی ئەمریکاو بەریتانیا کاول بکەن.

ئەم بەڵگەنامانە هەڵگری چەندین ڕاپۆرتی نهێنی دەربارەی "هەڵە خوێناوییەکانی" هێزەکانی هاوپەیمان لەئەفغانستانە، کۆمەڵێك زانیاری نهێنی سەبارەت بەهێرشی هێزەکانی فەڕەنسی بۆ سەر پاسی هەڵگری منداڵانی ئەفغانی لەساڵی ٢٠٠٨، هێرشی هێزەکانی پۆڵۆنیا بۆ ڕێوڕەسمێکی زەماوەند لەیەکێك لەگووندەکان، کوشتنی بووكو زاواو ژنێکی دووگیانو هەروەها تەقەکردنی هێزەکانی بەریتانیا لەهاووڵاتیانی سڤیلی ئەفغانی. هەروەها لەنووسراوەکانی ڕۆژانەی جەنگی ئەفغانستاندا هاتووە کەهێزەکانی هاوپەیمان ڕاپۆرتی لانیکەم ١٤٤ هێرشی سەربازییان بۆ فەرماندەو دەزگا سەربازییەکانی بەرپرس نەگەڕاندووەتەوەو لەم هێرشانەدا بەسەدان خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی.

### ڕۆڵی هێزە هەرێمییەکان ئاشکرادەکات

دەستتێوەردانی پاکستانو ئێران لەکاروباری ناوخۆیی ئەفغانستان تەوەرێکی سەرەکی ئەم زانیارییە ئاشکراکراوانەیە. ئەگەرچی لەساڵانی ڕابردووشدا بەردەوام ئەم بابەتە لەڕۆژەڤی هەواڵنێریو چاپەمەنییەکانی جیهان بووە، بەڵام ئەم بەڵگانە وردترو بەربڵاوتر لەم مەسەلە دەدوێ. ئەوەی بۆ پاکستان دەگەڕێتەوە بریتیە لەشیکردنەوەی چۆنیەتی هاوکاریکردنی ئاژانسەکانی سیخوڕیو هەواڵگری پاکستان لەگەڵ تاڵیبانو ئەلقاعیدە. لەم زانیارییانەدا جەنەڕاڵ "حەمید گووڵ" وەك کەسێکی لێهاتوو و بەرجەستە وەك پردی پێوەندی نێوان پاکستانو تاڵیبان دەستنیشانکراوە.

سەبارەت بەدەستوەردانی ئێران لەئەفغانستان لەڕابردووشدا قسە زۆر کراوەو ئێران تۆمەتبارکراوە بەپشتیوانیکردن لەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی. ئێران بەردەوام ئەم هەواڵو ڕاپۆرتانەی ڕەتکردووەتەوەو ڕایگەیاندووە کەئەم ڕاپۆرتانە بەشێك لەجەنگی دەروونی لەدژی ئێرانە. بەڵام بڵاوبوونەوە ئەم بەڵگەنامانە دەتوانێ پشتگیری بانگەشەکانی پێشووتری ئەمریکا بێت.

بەشێك لەزانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکان سەبارەت بەڕۆڵی ئێران بریتین لەحکومەتی ئێران پێشنیازی داوە بەڕابەرانی تاڵیبان کەبەرامبەر بەکوشتنی هەر سەربازێکی ئەفغان ١٧٤٠ دۆلارو کوشتنی هەر بەرپرسێکی حکومی ئەو وڵاتە ٣٤٨٠ دۆلار خەڵات دەکات، حکومەتی ئێران بەدانی بەرتیلێکی زۆر بەبەشێك لەپەرلەمانتارانی ئەفغانستان هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەوانەوە پەرلەمانتارانی ریفۆرمخوازی پەرلەمانی ئەفغانستان وەلابنرێن.

لەبەشێکیتری ئەم ڕاپۆرتە کەبۆ مانگی مارچی ٢٠٠٩ دەگەڕێتەوە، لەزمانی هێزەکانی هەواڵگری ئەمریکاوە، ڕاگەیەندراوە کەگروپێکی سەد کەسی لەهێزەکانی تاڵیبان کەئەفغانی نەبوون، بۆ خۆتەقاندنەوە لەئێرانەوە هاتوونە خاکی ئەفغانستان. هەروەها بەپێی نووسراوەکانی ئەم ڕاپۆرتە بەشێك لەئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان لەشاری "بیرجەند"ی ئێران بۆ تەقینەوە ئامادەکراون.

لەبەشێکیتری ئەم ڕاپۆرتەدا کەبۆ فیبریەی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە، باس لەوەکراوە کەڕابەرانی تاڵیبان بۆ خۆئامادەکردنی هێرشی سەربازی لەدژی هێزەکانی هاوپەیمان لەپارێزگاکانی "هێلمەند"و "ئەروزگان" بەشێوەیەکی بەردەوام لەنێوان ئێرانو ئەفغانستان هاتوچۆیان کردووە. لەم ڕاپۆرتانەدا بەڵگەگەلێکی پەیوەندیدار بەسێپتەمبەری ٢٠٠٩ ش بڵاوکراوەتەوە کەکۆمەڵێك زانیاری دەربارەی کەڵکوەرگرتنو بەکارهێنانی چەكو تەقەمەنی دروستکراوی ئێرانی تێدایە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە تاڵیبان لەشەڕەکاندا جۆرێك لەقازیفەی بەکارهێناوە کە لەسەریان بەفارسی نووسراوە "دروستکراوی ئێران". هەروەها بەپێی بەڵگەیەکی ساڵی ٢٠٠٧، ئەلقاعیدە بەیارمەتی ئێران، ٧٢ مووشەکی لەجەزائیر کڕیوەو بۆ زاهیدانی ئێرانی گواستووەتەوە تا لەوێوە بۆ ئەفغانستانی بەرن.

لەم بەڵگانەدا ئاماژە بەڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەستنی گرێبەستی فرۆشتنی مووشەك لەنێوان کووریای باکوورو تاڵیبانو ئەلقاعیدە کراوە. بەسەرهاتەکە بەمشێوە دەبێ کە "گولبەدین حکمەتیار" ڕابەری حیزبی ئیسلامی ئەفغانستانو ڕاوێژکاری دارایی "ئوسامە بن لادن" لەمانگی ١١ی ٢٠٠٥ لەئێرانەوە بۆ کووریای باکوور سەفەر دەکاتو گرێبەستی کڕینی مووشەکەکان واژۆدەکات. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی ئێران بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بە ٩٠ پەرلەمانتاری ئەفغانستان دەدات.

ئاشکرابوونی ڕۆڵی ئێران لەگەمە سیاسیو سەربازییەکانی ئەفغانستان لێکدانەوەی جیاجیای لێکەوتووەتەوە، سەرجەمی ئەم لێکدانەوانەش باس لەزیاتربوونی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لەهەمبەر سیاسەتە دەرەکییەکانی ئێران دەکات.

### کاردانەوەکان بەردەوامە

هەر لەیەکەم ساتەکانی دوای بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی سوپای ئەمریکا لەئەفغانستان، کاردانەوەکان بەرامبەر بەم کارە دەستیپێکردو تا ئێستا بەردەوامە. کۆشکی سپی بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك لەقاودانی رووبەرێکی بەرفراوان لەزانیارییەکانی ئیدانە کردووەو ئاماژەی بەوەش داوە کەئاشکراکردنی ئەم زانیارییانە پێدەچێ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بخاتە مەترسیەوە. پێنتاگۆنیش بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانەی بەدوژمنکارانە وەسفکردووەو ڕایگەیاندووە کەخەریکی لێکدانەوەی ئەگەرەکانی زەرەرمەندبوونی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانان لەئەفغانستان بەهۆی ئەم لەقاودانانەن.

لەبەرامبەردا بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ئینتەرنێتی ویکی لیکس ئەم قسانەی بەرپرسانی ئەمریکایی ڕەتکردووەتەوەو لەچەندین لێدواندا پشتیگری لەم هەنگاوە کردووە.

پاکستان وەك لایەنێکی ئاماژەپێکراو لەبەڵگەنامەکان، بەتوندی بەرپەرچی ئەم ڕەفتاری داوەتەوەو بڵاوبوونەوەی ئەم زانیارییانەو هەروەها تۆمەتبارکردنی پاکستانی نابەرپرسانە وەسفکردووە.

نووسینگەی حامید کەرزای سەرۆك کۆماری ئەفغانستان لەبڵاوکراوەیەکدا نیگەرانی حکومەتەکەی لەبڵاوبوونەوەی زانیارییەکانو ڕۆڵی وڵاتانی هەرێمی لەئەفغانستانو هەروەها کوژرانی خەڵکی سڤیل ڕاگەیاندووە.

بەڵام لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی ئێران کاردانەوەیەکی پەرگیری لەخۆی نیشانداوە. ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێران وێرای ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە لایەنگریکردنو پشتیوانیکردنێك لەگروپێکی تایبەت لەئەفغانستان، وتوویەتی "ئێمە تەنیاو تەنیا لەخەڵکی ئەفغانستان پشتیوانی دەکەین".

هاوکات نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی ئێران لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەرچەشنە پەیوەندییەکی ئێران لەگەڵ گروپە توندڕەوە سوونەکانی بەدرۆخستووەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی زانیاری بەرچاو لەسەر دەستتێوەردانی ئێران لەئەفغانستانو هاوکاریکردنی گروپە توندڕەوەکان، دەربازبوون لەم هەموو تۆمەتانە زەحمەتەو زۆربەی ناوەندە سیاسییەکانی جیهانو چاپەمەنییەکان سەرسوڕمانی خۆیان لەرادەی ڕۆڵی ئێران لەئەفغانستان دەردەبڕن. بۆ وێنە رۆژنامەی ناسراوی "واڵ ستریت جۆرناڵ" لەڕاپۆرتێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە دەنووسێ، هاوکاری ئێران لەئەلقاعیدە زۆر بەربڵاوترو زیاتر لەوەیە کەبیرمان لێدەکردەوە.

ئەگەرچی ئێران بڵاوبوونەوەی ئەم زانیارییانە بەریسواییەکی گەورە بۆ ئەمریکا ناوزەد دەکات، لەبەرامبەردا زۆربەی چاودێرانی سیاسیی لەوبڕوایەدان کەزۆربەی ئەم زانیارییانە لەڕابردوودا بەشێوەی پرژوبڵاو درکێندراوە. هاوکات ئاماژەش بۆ ئەوەدەکەن کەئەم مەسەلە دەتوانێ ئاڵۆزی زیاتری کەیسی ئەفغانستانی لێبکەوێتەوەو هاوکات لەسەر پەیوەندییەکانی ئەفغانستان لەگەڵ دراوسێکانی کاریگەری بەرچاو دابنێ.

بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانی جەنگی ئەفغانستانو ئاشکرابوونی ڕۆڵی زیاتری ئێران لەو وڵاتە بەزیانی بەرژەوەندییەکانی ئێرانەو ئەم مەسەلە دەتوانێ کاریگەری لەسەر قەیرانی ئەتۆمیو سیاسەتی دەرەکی ئێران دابنێ.

**ماڵپەڕی "ویکی لیکس" بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە هەستیارو گرنگەکان دەربارەی حکومەتەکانی جیهان، ناوبانگێکی نێودەوڵەتی بۆخۆی دروستکردووە، ئەم ماڵپەڕە دیسەمبەری ٢٠٠٦ هاتە ناوی جیهانی ئینتەرنێت.**

> «ئەم بەڵگەنامانە هەڵگری چەندین ڕاپۆرتی نهێنی دەربارەی "هەڵە خوێناوییەکانی" هێزەکانی هاوپەیمان لەئەفغانستانە»



# "هەر سروتێک لەگەڵ تەندروستیدا نەگونجێت، واتە لەگەڵ مەبەستی خودادا ناگونجێت، بۆیە بەئەرکی دەزانین کەدەبێت ڕۆژووانان ئاو بخۆنەوە"

سازدانی: هەرێم عوسمان

بەشی یەکەم

ئەم دیدارە ماوەی سێ بۆ چوار مانگ دەبێت ئەنجامدراوە، وەلێ وەك دیدارێکی فەرمی نا، کەبمەوێت بڵاویبکەمەوە، چونکە لەئەنجامی گفتوگۆیەکی هاوڕێیانەو دۆستانە لەنێوان منو م. ئازاد قەزاز لەدەربەندیخان روویداوە، کەبۆ سازدانی کۆڕێك بۆ م. ئازاد چووبووینە ئەوێ. شەوەکەی تا درەنگانێ گفتوگۆمان لەسەر ئاینو بەرهەمەکانی م. ئازاد کرد، دیارە من زۆرم لا گرنگبوو بزانم، ئایا م. ئازاد بڕوای بەبوونی خودا هەیە؟ ئایا ئەو خودایەی ئەو بڕوای پێیەتی ئەو خودایەیە کەئێمە ئاشنای بووین؟ ئەو خودایەیە کەمرۆڤ دەستەمۆو بێدەسەڵات دەکات یان ئەو خوایەی کەمرۆڤ ئازاددەکات تا بیربکاتەوەو خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات؟. شەوەکەی نیوە خەومانکردو سپێدە زوو لەخەو هەستاین بۆ پیاسەکردنو گفتوگۆکردن لەڕۆخی ڕووباری سیروان. من نەمدەویست کات بەفیڕۆبدەم بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ م. ئازاد، ئەو بابەتانەی باسماندەکرد، زیاتر بواری ئاینو فەلسەفەی لەخۆدەگرت، کەزۆر سەرنجی منیان رادەکێشا. ئەوەی راستیبێت هێمنی م. ئازادو کەمدوویەکەی زۆرجار ماندووی دەکردم، چونکە حەزمدەکرد زێدەترو خێراتر بیروڕاکانی خۆی لەبارەی ئاینو خوداوە باسبکات. پێش ئەو دیدارەم لەگەڵیدا، بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەستمدەکرد ئازاد قەزاز یەکێکە لەڕۆشنبیرە مولحیدەکان، وەلێ لەو گفتوگۆ زیندووەدا، هەستمدەکرد نەمتوانیوە باش لەبەرهەمەکانی بگەم، چونکە لەوێدا بۆمدەرکەوت ئەو یەکێکە لەعاشقانی خودا، بەواتا عاریفانە بیردەکاتەوەو دەژی نەك عابدانە. هەربۆیە زوو هەستمدەکرد دەچێتەوە لای عاریفە گەورەکانو باسیاندەکات. هەرچەندە م. قەزاز تێرمی باوەڕ بەخودای پەسەندنەدەکرد، بەڵکو ئەو ناسینی خودای بەباشترو شیاوتر دەزانی بۆ قسەکردن لەسەر خودا، چونکی ئەو قەناعەتی وابوو خودا شتێك نییە تا بڕوای پێبهێنینو ناشبێت خودا شت بێت، دەنا ئەو خودایە دەکرێتە بت، بەڵکو خودا دۆخێکە دەبێت پێی بژینو تیا بژین، هەر بۆیەش لەکتێبی سایکۆپۆلیتیکدا دەڵێت مولحیدو موئمین یەك بەهایان هەیە.

پاش پیاسەکردن، هاتینەوە ناو ئوتێلەکەو لەچاوەڕوانی خواردنی بەیانیدابووین، لەو کاتەدا م. ئازاد باسی ڕۆژوی عاریفانی بۆ کردم. منیش یارمەتیم لێوەرگرت بۆ تۆمارکردنی قسەکانیو ئەم دیمانەیەش دەرەنجامی ئەو گفتوگۆیەیە کە لەو بەیانیە زووەدا ئەنجامدرا، بەڵام بەڕاستی گرنگیی بۆچوونەکانی لەسەر ڕۆژووگرتنو نزیکیمان لەمانگی رەمەزانەوە وایلێکردم داوا لە م. ئازاد بکەم گەر پێی ئاساییە گفتوگۆکە بڵاوبکرێتەوە، ئەویش رازیبوو، بەڵام بەمەرجێ پێش بڵاوکردنەوەی خۆی پێیدابچێتەوە. من دەمەوێ ئەوە بڵێم زۆرم لاگرنگە چەندان گفتوگۆی دی لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵیدا ئەنجامبدەم، چونکە هەستدەکەم ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ ئێستای کورد گەلێك پێویستە، لەبەرئەوەی هزری دینی بەدرێژایی مێژوو لەچەقبەستنو دۆگمایی خۆیدابووە. وەلێ ئەوەی وایکردووە هزری ئاینی لەم دۆگمایيو چەقبەستووییە قورتاربکات، کرانەوەو نوێکردنەوە لەم هزرەدا بەدیبهێنێ، عاریفانبوونە. عاریفان هەمیشە سەرمەشقی ئەو کەسانە بوون کەنوێکردنەوەیان کردووە، ئازاد قەزازیش یەکێکە لەو عاریفانەی خەونی نوێکردنەوەی هەیە. منیش بەگرنگم زانی بەم دیدە نوێیە، ئەو گۆمە مەنگەی ئاین لەکوردستاندا، بشڵەقێنین.

**دەستوور:** پێشەکی پێش ئەوەی بچینە سەر باسی سروتی ڕۆژوگرتن لەئیسلامدا ئایا ئێوە چۆن دەڕواننە ئایینەکان بەگشتی؟ ئایا ئایین بەرهەمێکی دابڕاوە لەم بوونەو لەودیوبوونەوە هاتووەو پەیامی خۆی بۆ ئەم دیووی بوون ئاراستە دەکات یاخود پێچەوانەیە؟

**ئازاد قەزاز:** ئێمە کە لەوە هۆشیاربووینەوە، هەموو ئاینەکانو کتێبەکان بە(ئیسلامو قورئان)ەوە راستەوخۆ کەلامی خودا نەبن، یەکێکبن لەو هەموو ئەزموونانەی کەمرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕدەبن، لەوەش تێگەشتبین کەئاینەکان بەرهەمی تێکۆشانێکی سەختی ویژدانێکی خاوێنو ئەزموونێکی رووحانی تایبەتمەندانبن، کەهەریەکە بۆ ساتەوەختی خۆیان بوونەتە هۆی گۆڕانو پێشخستنو گەورەبوونی بیروهزری مرۆڤایەتی، دیسان لەوەش هوشیاربووبینەوە کەهەریەکە لەم ئەزموونانە، کاتێ بەژیانی واقعی مرۆڤ تێکەڵدەبن، خاسیەتی ئیدیالیستيو رۆحانیی خۆیان هێدی هێدی لەدەستدەدەنو بەناوی خوداوە دەبنە یەکێك لەهۆکاری نەهامەتيو شەڕو کوشتار بۆ مرۆڤایەتی، دەڵێین مادام کەئێمە لەم هەقیقەتە هۆشیاربووینەتەوە، ئیدی پێویست بەوە نەماوە، وتەو گوتاری کتێبە پیرۆزەکان (ئایندارەکان کردوویانن بەپیرۆز) دەقاو دەق وەرگرین، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی بارودۆخ بکەین. جا ئیتر ئەو ڕەچاوکردنە پێچەوانەی دەقە پیرۆزەکانیش بێت گرنگ نییە، چونکی یەکەم ئەوانە ئیجتهادبوون کراونو دووەمیش بەرژەوەندیی راستەقینەی مرۆڤ لەگشت سەردەمێکدا دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، نەك پاراستنی دەقی پیرۆز بەئامانج وەربگیرێت. پێویستمان بەوە نییە پابەندی دەقەکان بینو تەئویلیان بۆ بهێنینەوەو خۆمانی تێدا گیربدەین، بەبیانووی ئەوەی گوتەی خودا دەبێت وەك خۆی بمێنێتەوە. ئەم بۆچوونە گیردانی خودایەکی رەهایە لەدەقێکی سنووردارداو، کەئەم کارە بەبۆچوونی ئێمە تاوانە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کەدەشێ قورئان وەك دەستوورێك بخوێنرێتەوەو دەقەکانی تەفسیرو تەئویل بکرێن، بەڵام دەستوریش وەك دەقی پیرۆز نابینرێت، کاتێك کەمرۆڤ بیەوێت دەست لەدەستووری وڵاتەکەی وەربدات.

بەڵێ دەوترێ ئیسلام ڕەچاوی ئەمەی کردووە، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەو ڕەچاوکردنەی مێژووی ئیسلام بۆ ئیمرۆ لەدوو لاوە کورتدەهێنێت: یەکەمیان ئەوەیە کەئیسلام ڕەچاوی ڕۆژگاری کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی دەقەکان لەبۆچوونی ئەواندا راستەوخۆ لەخوداوە هاتوون، هزری مرۆڤ سنووردار دەکەن، دەبێت هەمیشە ئەو دەقانە تەئویل بکرێنەوە، بۆیە لەدەرەوەی ئەو دەقانە توانای بیرکردنەوە نامێنێت. دووەمیشیان ئەوەیە کەهەر خودی ئەو ڕەچاوکردنانەی لەئیسلامەوە هەڵقوڵاون، ناتوانن بەرگەی ئیمرۆ بگرن. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو دەقانە وەختی خۆی ڕەچاوی کۆمەڵگەیەکی گچکەی نیوەدوورگەی عەرەبی لەماوەی بیستو سێ ساڵدا کردووە، ئەی بەرژەوەندیی مرۆڤی سەردەمی عەولەمەو دیموکراسيو عەلمانی ئەم سەردەمە، کەنزیکەی هەزارو چوارسەد ساڵی بەسەر ئەو دەقە پیرۆزانەدا تێپەڕاندووە، چۆن لەبەرچاوبگرین! تۆ بڵێی خودا پەیامبەرێکیتر بنێرێت، یان دەبێ خۆمان خەمی خۆمان بخۆین!

لەولاشەوە ماریفەو زانستی مرۆڤ پەیتا پەیتا فراوانتر دەبن، هەر سەردەمێك جۆرێك لەنوێکردنەوە، خۆی بەسەر یاساو رێساکانی ئەو ئاینەدا دەسەپێنن. ئەمڕۆ مرۆڤ لەوە هۆشیاربووەتەوە کەهەرچی بەناوی ئاسمانەوەیە، دەبێتەوە بەزەمینيو هەرچی بەناوی خوادوە دەکرێو دەوترێ، دەدرێتەوە پاڵ مرۆڤو هەرچی غەیبو میتافیزیکاشە هێدی هێدی دەچنە وە بەر رۆشنایی زانست، تەنیا خودا خۆیەتی ناکەوێتە بەر ئەو پێوەرە. نهێنيو پەیامەکانی ئەم تێکۆشانە رۆحیانە بەتێپەڕبوونی کات لەمرۆڤ ئاشکرادەبن. ئەمە وادەکات، ئیتر مرۆڤ خۆی جڵەوی بەڕێوەبردنی خۆی بگرێتە دەستو ئەمجار ئەو بەدوای ناسینی ئەو نهێنیەدا بگەڕێو ئەو نهێنیەش چاوەڕێی مرۆڤ دەکات تا ئاشکرایبکات، نەك مرۆڤ چاوەڕێی ئەو بکات، تا ئەو کەسێك وەك پەیامبەر هەڵبژێرێت. ئەمە واتای ئەوە ناگەیێنێت کەپەیامبەرێتی، دیاردەیەکی ساختە بێت، نەخێر هەرگیز وانالێین، بەڵکو دەڵێین پەیامبەرێتی بەری تێکۆشانی مرۆڤ خۆیەتی، وەلێ ڕێگەیەکی تایبەتەو هاوکێشەیەکی تایبەتە لەنێوان مرۆڤو خواداو ئەو مرۆڤە خۆی ئەو هاوکێشەی هاوسەنگ دەکات. هەرکاتێ مرۆڤێك توانی ئەو هاوکێشەیە هاوسەنگبکاتەوە، مانایوایە ڕێگەیەکی درێژی بریوەو گەشتووەتە هەقیقەتی خوداو لەپاڵ ئەودا ئیدی حەساوەتەوە.

**دەستوور:** ئێوە وەك کەسێك کە لەدووبواری دەروونناسی لەلایەك و ئیلاهیاتناسیدا لەلایەکی تر خۆتان سەرقاڵکردووە، پێتانوایە ئەم جۆری ڕۆژوگرتنەی ئیسلام لەئێستادا تاچەند لەگەڵ زانستی سەردەمی ئەمڕۆدا یەکانگیردەبێتەوە؟

**ئازاد قەزاز:** ئێمە بیروباوەڕمان وایە کەپرەنسیپی خۆگرتنەوە بۆ مرۆڤ، بەسوودو پێویستە، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانین چاومان داخەینو بیرکردنەوەمان بوەستێنین لەئاستی ئەوەی کەشێوەو فۆڕمی ئەم وەسیلەیە یان ئەم سروتە، بەپێی زانستی ئەمڕۆ، زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت. لەدوو رووەوە ئەو زیانە دەبینین:

- ئاو نەخواردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ: وەك هەموو دەزانین جەستەی مرۆڤ لەشەوو رۆژێکدا پێویستی بەدوو لیتر ئاو هەیە، ئەو ئاوەش دەبێ وەك یەك بەسەر ئەو چەند کاتژمێرەدا دابەشببێت. ئەمە جگەلەوەی کە ئاوخواردنەوەی تەندروستانە ئەوە نییە کاتێ کەتینوت بوو، ئەوجا ئاو بخۆیتەوە، چونکە وەك شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن، ئەوکاتەی کەتینوت دەبێت مانایوایە کەجەستەت لەدۆخێکی ناتەندروستایە. بۆیە مرۆڤ دەبێت ناوبەناو ئاوبخواتەوە، پێشئەوەی بگاتە رادەی تینووبوون. سەرپێچیکردنی ئەم یاسایە لەڕۆژوی ئیسلامدا لەم سەردەمەدا، بەبۆچوونی ئێمە، پێچەوانەی مەرامی خودایەکی هەقیقیە.

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی وا درێژ رێگەی خواردنو خواردنەوەی لێبگیرێت، هەر کەماوەکە کۆتاییهات، هەڵپەی خواردنو خواردنەوەی تێدا دروستدەبێو زۆر دەخواتو دەخواتەوە، بێئەوەی گوێ بەجۆری خواردنەکە بدات. زۆرجاریش لەبەر زۆریی ئاوخواردنەوە، خواردنەکەش بەباشی ناخورێت، بەتایبەتی لەشوێنە گەرمەکاندا. ئەم حاڵەتە زیان بەتەندروستیی لەش، بەتایبەتی گەدە، دەگەیەنێت. سەرباری ئەمانەش زیادەڕەویەکی زۆر لەئامادەکردنی خواردنو خواردنەوەدا دەکرێتو مرۆڤ خۆی چەندە چڵێسە، کەچی لەڕەمەزاندا هێندەیتر چڵێس دەبێت. ئەو زیادەڕەوییەو ئەو ناهۆشیارییەش، سەبارەت بەچۆنیەتی خواردنو خواردنەوە، دەبێتە هۆی گرانبوونێکی زیاتری بازاڕ لەڕەمەزانەکاندا. لەکاتێکدا دەبوایە لەڕەمەزاندا لەسەر شمەك داوا کەمبووایەتەوەو بازاڕ هەرزان ببوایە لەمانگی خێروبەرەکەتدا، نەك گرانببووایە.

**دەستوور:** بەڵام هیچ نەخواردنو نەخواردنەوە لەخۆرهەڵاتن تا خۆرئاوابوون، بۆ ئەوەیە مرۆڤ فێری ئارامگرتن بێت، ئایا لەڕووی دەروونییەوە ئەم جۆرە رۆژووەی ئیسلام مرۆڤ فێری ئارامگرتن ناکات؟

**ئازاد قەزاز:** خۆگرتنەوە بەمانا گشتیەکەی دوو جۆرە: خۆگرتنەوەیەکی تەواوو خۆگرتنەوەیەکی ناتەواو. خۆگرتنەوەی تەواوەتی ئەو ڕۆژووەیە کە لەئیسلامدا هەیە. واتە خۆگرتنەوە لەهەموو خواردنو خواردنەوەیەكو کرداری سێکسی لەنێوان رۆژهەڵهاتن تا رۆژئاوابوون. ئەمجۆرە رۆژووەیان زانست پشتگیری ناکات، چونکە لەگەڵ رێساکانی تەندروستیدا ناگونجێت. هەر سروتێکیش لەگەڵ تەندروستیدا نەگونجێت، واتە لەگەڵ مەبەستی خودادا ناگونجێت، بۆیە ئێمە بەباشی دەزانینو بەڵکو بەئەرکیشی دەزانین کەدەبێت رۆژووان ئاو بخۆنەوە. خۆڕاهێنان لەسەر ئاوخواردنەوە ناو بەناو، ئەویش ئەرکێکە مرۆڤ دەبێت لەسەری رابێت. هەروەك ئارامگرتن لەسەر نەکردن هەیە، ئارامگرتن لەسەر کردنیش هەیە، واتە مرۆڤ زووزوو جەستەی خۆی وەبیربێتەوە، نەك لەبرساندا تەنیا بیر لەچێژی خۆراك بکاتەوەو جەستەی خۆی وێرانبکات. گومان لەوەدا نییە گۆڕینی ریتمی خواردن ساڵانە، مرۆڤ لەجۆرێك لەبێزاریی دووبارەبوونەوە رزگاردەکاتو کاریگەرییەکی باشی دەروونی لەسەر مرۆڤ دەبێت. ئەمە جگەلەوەی کەمرۆڤ بەچاوەڕوانیی ئێوارانەوەو بەکۆمەڵ خواردن دەخۆن، کارێکی کۆمەڵایەتیی بەسوودە. گشت سروتێكو لەگشت ئاینێکدا بەتایبەتی لەکۆککردنەوەی مرۆڤەکاندا رۆڵی گرنگ دەگێڕێت .

> ئەمڕۆ مرۆڤ لەوە هۆشیاربووەتەوە کەهەرچی بەناوی ئاسمانەوەیە، دەبێتەوە بەزەمینيو هەرچی بەناوی خواداوە دەکرێو دەوترێ، دەدرێتەوە پاڵ مرۆڤو هەرچی غەیبو میتافیزیکاشە هێدی هێدی دەچنەوە بەر رۆشنایی زانست، تەنیا خودا خۆیەتی ناکەوێتە بەر ئەو پێوەرە

> تۆ بڵێی خودا پەیامبەرێکیتر بنێرێت، یان دەبێ خۆمان خەمی خۆمان بخۆین!





# "فەلسەفە حەزە بۆ ئازادبوونو دانایيو خۆناسين، دينيش هۆكارە بۆ گەيشتن بەو دانايىو ئازادىو خۆناسينە"

## هاوبير كامەران بۆ دەستوور

**سازدانی: هەرێم عوسمان**

**بەشی دووەم**

**لەم بەشەی چاوپێكەوتنەكەدا هاوبير كامەران باس لەگرنگيی ئاين بۆ مرۆڤ دەكاتو هەروەها نزيكيی ڤيداييەكان لەمرۆڤەوە، ئاماژەش بەگرنگيدانی ڤيداييەكان دەكات بەرامبەر بەئەدەبو هونەر، پێشيوايە ئاين هۆكارێكە بۆ گەيشتن بەدانايیو ئازادیو خۆناسين.**

**دەستوور:** گرنگی ئاين بۆ مرۆڤ چييە، دیارە هەر ئاينێك بەپێی دوورو نزيكی لەمرۆڤو پەيرەوكارانيەوە جياوازی هەيە، بەڵام ڤيدا چی جيايدەكاتەوە لەئايينەكانيتر؟ ئەو خەسڵەتە گرنگو مرۆييانە چين كە لەڤيداكاندا هەيەو لەئايينەكانی تردا نييە؟

**هاوبير كامەران:** ئايينی ڤيداييش وەك هەر ئايينێكيتر لەسەردەمێك لەسەردەمەكاندا دوچاری دۆگمابوون هات. بودا هاتو ئەم دۆگمايەی تا رادەيەك رەواندەوە، پاشان يۆگييەكان درێژەيان بەم رەواندنەوەيەدا، بەڵام روانينی قووڵی فەلسەفیو روونكردنەوەی پەيامەكانی بەشێوەيەك كەخەڵكی تێبگەن لەخەسڵەتە ديارەكانی ئەم ئاينەن. ڤيداكان مرۆڤ بەرۆحەوە دەبەستنەوەو پێتدەڵێن خودا لەناخی خۆتدايە، بێگومان ئەمە ديارترين فەلسەفەی ڤيدايەو يارمەتی مرۆڤ دەدات هەميشە لەگەڵ خودا دابێت. بەڵام پێموايە بۆ تێگەيشتنی ئەم فەلسەفەيەو يان لەگەڵيدا پێويستمان بەيۆگا هەيە. يۆگايەك كەخودامان لەهەموو شتەكاندا پێ نيشاندەدات.

**دەستوور:** گرنگيی ئاشنابوونی كورد بەڤيدا چييە؟

**هاوبير كامەران:** ئێمە هينديەكان بەگاپەرست دەزانين، پێمانوايە ئەوان بتپەرستو كافرن، لەكاتێكدا رووكردنە كەعبە بۆ نوێژكردن يان رووكردنە تيمسالێكی شيڤا بۆ نوێژكردن، هيچ جياوازيەكيان نييە ئەگەر مەبەستی هەردووكيان خودابێت، هەم بتەكەو هەم كەعبە هەردووك قوڕو خاكن، ئەگەر رووكردنە هەركاميان ئاگايیو مەعريفەيەكی قووڵی لەگەڵدا نەبێت، دەبنە بتپەرستی. كاتێك خودا لەهەموو شوێنێك دەبينی مەكەو مەدينەو قودسو بنارسو ڤاتيكانو رۆماو نيويۆرك، بۆ تۆ دەبنە شوێنگەلێكی پيرۆزو دەتوانيت خودای تيا بەديبكەيت. فەلسەفەی ڤيداكان هەڵگری پەيامی راستەقينەی قورئانن، كەپەيامی خودا لەهەموو شوێنێكە (فانما تولوا فپم وجە اللە) دەدەن بەمرۆڤ. لێكۆڵينەوە لەڤيداكان ئێمە بەرەو جيهانی قووڵتری رۆح بانگهێشتدەكەن، خاڵێكی زۆر گرنگيش لەڤيداكاندا ئەوەيە كەتۆ بۆ سوودوەرگرتن لەڤيداكان، پێويستناكات ببيتە ڤيدايی يان واز لەئايينی خۆت بێنيت، هەمووان دەتوانين يۆگا بكەين بۆ ئەوەی موسڵمانێكی باشترو قووڵترين، يان مەسيحييەكی باشترو قووڵتر بين، يۆگايەك كەيەكێكە لەگرنگترين فەلسەفەكانی ناو ڤيدايە.

**دەستوور:** ڤيداكان تا چەند لەمرۆڤەوە نزيكن، بەوەی كە لەكتێبی زانستو فەلسەفە ڤيدييەكاندا دەڵێيت "ڤيداكان لەوێنەيەك دەچن كەهونەرمەندێكی ئيلاهیو ئاسمانی كە بەزمانی مرۆڤ دوابێتو بەچاوی مرۆڤ بينيبێتی، رەنگەكانی نەخشاندوون"؟

**هاوبير كامەران:** هەروەك چۆن پرۆتاگۆراس دەڵێت مرۆڤ پێوەری هەموو شتێكە، ڤيداكانيش گەورەييەكی زۆر دەدەنە مرۆڤو ئەو دەكەنە باڵا مرۆڤ، ئەو باڵا مرۆڤەی شۆبنهاوەرو نيچە بەشوێنيدا دەگەڕان، پێموابێت بيرۆكەی باڵامرۆڤی نيچە سەرچاوەكەی هەر لەئوپانيشادی نێو ڤيداكانەوە هاتبێت. ڤيداكان بوونەوەر بەمرۆڤێكی گەورەو مرۆڤ بەبوونەوەرێكی بچوك لەقەڵەمدەدەن ، واتە جيهانی گەورەو جيهانی بچوكمان هەيە كەهەردوو دەركەوتەی يەك هەقيقەتن كەخودايە. خوداو مرۆڤ ئاوێزانی يەكترنو لەيەكتردا تواونەتەوە. گەيشتنی مرۆڤ بەو دەركەو تێگەيشتن لەو هاوكێشە رۆحانييە، دەبێتە هۆی كرانەوەی مرۆڤ بەرووی نهێنييەكاندا. حەزرەتی خەيام لەهۆنراوەيەكی زۆر گەورەدا دەڵێت:

اسرار ازل را نە تو دانیو نە من
وين حل معما نە تو خوانیو نە من
هست از پس پردە گفتوگويی منو تو
چون پرد برافتد نە تو مانیو نە من

واتە :

ئەسراری ئەزەل خۆ نەتۆ دەيزانی نەمن
چارەی ئەم كێشە نەتۆ دەيفامی نەمن
پشت پەردەيە هەرچی كە منو تۆ دەيڵێين
هەر پەردە نەما نەتۆ ماويتو نەمن

پەردەی (بوونی پارچەپارچە جيهانی وێنەكان)و ئاگاييەكی شەقوشڕی بچوكی (من)ی مرۆڤ كاتێك لاچوو دەرگای مەعريفەی كەونی بەڕوويدا كرايەوە، نهێنييەكان ئاشكرادەبنو مرۆڤ دەبێتە رازو رەمزی خوداو كليلی دۆزينەوەی. ئەمە نزيكی ڤيداكانە لەمرۆڤەوە.

**دەستوور:** لەزۆرێك لەنووسينەكانتدا گرنگی بەشيعرو هونەر دەدەيت، پرسيارەكە ئەوەيە كەگرنگيدان بەئەدەبو هونەر لای ڤيداكان تا چەند لەبەرچاو دەگيرێت؟ بەچ مەبەستێك دەوترێت؟

**هاوبير كامەران:** كاتێك دەچيتەوە ناو خۆتو دەتەوێت دەركی هەقيقەت بكەيت، كاتێك رادەمێنيت لەبوون وەك ئەوەی كەهەيە لەناو تێڕامانێكی قووڵدا، ئەوكات هەندێ دێڕ هەيە لەناوەوە وەزنو قافيە وەردەگرێتو كورتدەبێتەوەو مانای زياتر پەيدادەكات. ئەو دێڕانە دەبنە هۆنراوە. بۆيە زۆر لەعارفو پياوانی گەورەی رۆحانی وەك مەولاناو حافزو سەعدیو شانكاراچارياو خەيامو مەحویو ئيبن عەرەبیو تاگور دەبينين كە هۆنەر بوونو شاكاری جيهانيان هەيە. منيش وەك شوێنكەوتەی ئەو پياوانەو ئەنجامدەری هەندێ لەڕاهێنانە رۆحانييەكانی ئەوان، سەروكارم لەگەڵ هۆنراوە هەيە، يان راستترە بڵێم جار جار هۆنراوە سەرم لێدەدەنو لەگەڵ يەكتر دادەنيشينو لەوێوەيە كەناتوانم فەلسەفە لەشيعر دابڕم، شيعر ئەگەر جيهانيبينيەكی فراوانی لەپشتەوە بێت، دەبێتە فەلسەفەيەكی جوان. فەيلەسوفو دانا ڤيداييەكانيش بەهەمان شێوە يان موزيكژەنن يان شاعير. شيعر زياتر لەنووسينی وتارێك لەڕۆحی مرۆڤەوە نزيكە. بۆ نمونە دێڕە شيعرێكی مەحوی كەدەڵێت:

هەركە دەركەوتی مەپرسە چی بەسەردێ گيانو دڵ
حاڵەتی شەونم تەماشاكە بەوەختی خۆرهەڵات

هەردوو دنيای مادەو رۆحت بۆ گرێدەداتو باس لەوەحدەتێكی قووڵو توانەوەيەكی عيرفانيی نێوان خوداو مرۆڤ دەكاتو يەكتاييو نادوانێتی دەسەلمێنێت. ئەوەی بەكتێبێك دەيڵێيت مەحوی بەدێڕێك لەم هۆنراوەيەدا وتوويەتی.

دەستوور: نووسينی ئەو شيعرانە زياتر لەپەيڕەوەی يۆگادا دەخولێتەوە يان جۆرێك لەڕۆچوونی تێدايە بۆ ناو سۆفيزم؟

هاوبير كامەران: شيعر ناكەوێتە نێو هيچ ياسايەكەوە، لەوانەيە لەدێڕە هۆنراوەيەكدا بەمورشيدەكەم وتبێت:

كێ دەزانێ خوايت وەيا بەندە بەڵام مەعلومە كێيت
تۆ (ئەو)ی دەستم بەدامان ئەو نەبوونم چارەكە

هەندێك وتبوويان هاوبير زۆر كافرەو مامۆستاكەی بەخودا لەقەڵەمدەدات، نەيانزانيبوو من خيتابی رۆحی مامۆستاكەم دەكەم، كەهەمان رۆحی خودايە، نەك لەشی فانی ئەو. لەشوێنێكی تردا وتوومە:

يادی تۆ وەك مەی دەكا مەست هۆشەكەی بێهۆشی من
هۆشی چی، چی ماوە نەيبا زوڵفی چينو تاری تۆ

لێرەدا وشەی زوڵفو چينو تارو مەی هاتووە كەپێموانيە خودا هيچ كام لەوانەی هەبێت يان نەبێت، بەڵام بۆ دەربڕينی ئەو مەبەستەی ئيحساسە رۆحانييەكە داوايدەكات مەجبورم ئەو وشانە ريزبكەمو بڵێم. كەواتە دەكرێت سۆفييەك ئەو شيعرانە بخوێنێتەوە وەك شيعرگەلێكی تەسەوفو يۆگيەكيش وەك هۆنراوەگەلێكی يۆگا. چونكە كاتێك خودا دێتە مەيدانی شيعرەوە هيچ رێبازو تەريقەتو سنوورێك نامێنێت.

**دەستوور:** خۆناسين، خودهۆشياری تاچەند گرنگە لەڤيدادا؟ ئايا تا چەند سروشت هۆكارێكە بۆ ئەم خۆناسينە ؟ دەكرێت ڤيداكان بەدۆستی سروشتو مرۆڤ لەقەڵەمبدەين؟


**هاوبير كامەران:** وتمان كەمەبەستی ڤيداكان ئازادبوونە لەهەموو ئەو چوارچێوانەی ئاگايیو بوونی مرۆڤيان كۆتو بەندكردووەو ئەويان خستووەتە نێو چوار ديواری ئيگۆو (من)ەوە. خۆناسين يەكەم قۆناغ بۆ ئەو ئازادبوونە. ئەوەی خۆی نەناسێ ئەو كۆتو بەندانەش ناناسێت كە بەدەوريدا هەن. ريگ ڤيدا كەيەكەم ڤيدايە زۆر كەم باسی مرۆڤ دەكاتو هەموو سوتراو دێڕەكانی تەرخانە بۆ ستايشكردنی سروشت. ڤيدا لەرێگەی سروشتەوە وەسفی مرۆڤ دەكاتو وادەكات مرۆڤ بەتێگەيشتن لەسروشتی دەرەكی، سروشتی ناوەكيی خۆی بناسێت. جياوازيی ڤيداو تانتراش لێرەوە دەستپێدەكات، كە ڤيدا لەدەرەوە بەرەو ناوەوەت دەباتو تانترا لەناوەوە بەرەو دەرەوەت دەباتەوە، هەرچەند هەردووكيان لەكۆتاييدا دەگەنەوە يەك شوێن. بەڵام زۆر گرنگە بزانين ئەو سروشتەی ئێمەی تيا دەژين، بەشێكە لەئێمەو ئێمەش بەشێكين لەو سروشتە، خودا لەو سروشتەوە زۆرجار خۆی بۆ ئێمە بەياندەكات، ئەم تيۆريەش تەنيا لەڤيدادا نييە، ئەوەتا تەورات دەڵێت سەرەتا وشە هەبوو، وشە خودا بوو. قورئان دەڵێت بڕوانن لەحوشتر چۆن دروستكراوە، بڕوانن لەشاخەكانو زەرياكانو چينەكانی زەویو ئاسمانەكان، تا بۆتان ئاشكرابێت كەخودا هەيە. لەڤيدادا هەريەك لەديارده سروشتييەكان وەك فريشتە ناويانهاتووە وەك خاوەن هێز چوێنراون، بۆ نمونە سوريا فريشتەی خۆرەو وتراوە كەخۆر چاوەكانی خودايە، ئاگنی فريشتەی ئاگرەو وتراوە كەئەو گەرميی لەشی خودايەو هتد..

**دەستوور:** ڤيداكان بەوە دەناسرێت كەهەم ئايينیو هەم فەلسەفیو هەم مادی، ئايا ئەمە دژايەتی دروستناكات لەم رێبازەدا لەكاتێكدا فەلسەفەو ئايين لەزۆر شتدا كۆكنين؟

**هاوبير كامەران:** نەدين لەهيندستان ئەو مانايەی هەيە، كەلای ئێمە هەيەتی، نەفەلسەفەش. فەلسەفە حەزە بۆ ئازادبوونو دانايیو خۆناسين، دينيش هۆكارە بۆ گەيشتن بەو دانايیو ئازادیو خۆناسيە. ئەم دووانە لەگەڵ يەك ناتەبانين. كێشەكە لێرەدايە كەمرۆڤ پێيوابێت بێ فەلسەفە دەبێتە كەسێكی ئايينيی زۆر دانا، يان پێيوابێت بێ ئايين دەگاتە سەرئەنجامی فەلسەفە. بەپێی بيروڕای ڤيدا فەلسەفە بەشێكە لەئايين، بۆيە دەوترێت فەلسەفەی ڤيدا يان فەلسەفەی ئيسلامی يان فەلسەفەی بودايی. ئەگەر مرۆڤ بيرنەكاتەوەو سەرنجنەداتو پرسيارنەكاتو حەزی بۆ كەشفكردنی نهێنييەكان نەبێ، بێگومان پێويستی بەئايين نييە، چونكە ئايين لەپێناو گەيشتن بەوەڵامی ئەو پرسيارانەيە، كەفەلسەفە ناتوانێت وەڵاميانبداتەوە.



# دوو توخمی سەرەکی نووسینەکانی شاملوو



ئەردەڵان فەرەجی

ئەحمەدی شاملوو بێگومان یەکێك لەسیما گەورەو بنیاتنەرەکانی بواری شیعری فارسییە، کەئەم تایبەتمەندییانەی لەسێ توخمەوە وەرگرتووە، کەبریتین لەجۆری روانین، گوتەزای بەڵێن (پابەندی) و زمان (مۆسیقای وشەکان "توخمێك کەبەشێکی گرنگی تایبەتمەندییە شاعیرانەکەی شاملووی بەکۆڵ هەڵگرتووە").

ئەگەرچی کەم نین ئەوانەی وا حافیزی شیرازی لەشاملوو بەرزتر هەڵدەسەنگێنن، بەڵام بەدڵنیاییەوە شاملوو بەرجەستەترین شاعیری چەند ساڵەی رابردووی ئەدەبیاتی فارسە.

ئەگەرچی شاملوو وەك شاعیرێکی ئێرانی کە لەئاستی جیهانیدا ناسراوە، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی شیعرییەوە، شاعیرێکی فرەڕەهەندەو ناکرێت تەنیا لەرەهەندێکەوە خوێندنەوە بۆ بەرهەمەکانی بکرێت، بەڵام ئەم سێ تەوەرەی کەئاماژەی پێدرا (جۆری روانینو زمان) بەبڕوای من کاریگەرترین رەگەزو توخمەکانی هەرمانی شاملوون.

جۆری روانین (روانین):

گرنگترین شت لەروانگەی شاملووەوە، چەمکە گەورەکانی "مرۆڤ" و "ئازای"یە. شاملوو لەزۆرێك لەشیعرەکانی گێڕەرەوەی دەردو ئازاری هاوبەشی مرۆڤایەتییە کەئازادییەکەی لەقورگی مێژوودا کپکراوەو شیعری شاملوو لەم گوزەرەدا، هاواری دەمکوتکراوی نەوەیەکە کە لەژێر چەقۆو تەوری زۆرداریو ستەمکاری لەت لەت دەبنو بۆ قوربانیبوونیان هیچ خەڵاتو پاداشتێکیش قبوڵ ناکەن. شاملوو کەوەك تاکەکانی هاونەوەی خۆی، چارەنووسی مەحکومە بەستەمکاریو سانسۆر، هۆشداری نەبوونی ئازادی هاوار دەکات (بەڵام ناناڵێنێت) و بە لەبەردەستدابوونی هەموو ریتمەکانی جیهان، کارەساتی ئەم نەبوونە وێنا دەکاتو نەخشەکەی لەمێشکی هەموو هاونەوەکانی خۆیدا دەکێشێتەوە:

"هەموو لەفزەکانی جیهانم لەبەردەستدا بوو
و ئەوەمان نەوت کە بەکارما بێت
چونکە تەنیا یەك قسە
قسەیەك لەگۆڕێدا نەبوو
ئازادی!
ئێمە نەمانوت
تۆ لەمێشکی خۆتدا وێنای بکە."
(شاملوو، ابراهیم در اتش)

شتێك لەتەوەرەی باسکردن سەبارەت بەروانینو نیگای شاملوو سەرنجراکێشە، دەربڕینی بەداخیو حەسرەتە لە"رابردوو" و نارەزایەتیو بێزاری لە "ئەمرۆ". شاملوو ئەزموونەکانی رابردووی خۆی خۆشدەوێتو لەراستیدا لەزۆرێ لەشیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو. لەمرۆ دادەبڕێت، بەڵام بەئایندە هیوادارە. داهاتوویەك کەسەرەنجام دێتو بەلێکدانەوەی ئەو "دلۆڤانی دەستە جوانەکانی" ئەو دەگرێت:

رۆژێك ئەو دێتو ئێمە دووبارە کۆترەکانمان
دەدۆزینەوەو دلۆڤانی دەستی جوانی دەگرێت
رۆژێك کە کەمترین سروودمان ماچ بێت
و هەر ئینسانێك
بۆ هەر ئینسانێکی تر
برا بێت."(٢)

بەداخیو حەسرەتی شاملوو بەهۆی رابردوویەکەوەیە کە لەدەستچووە، نەفرەت لەمرۆو کردنی رابردوو بەهیوا یان بێهیوایی لەداهاتوو، تا کۆتایی لەزۆرێك لەسروودەکانی شاملوو بەردەوامدەبێتو بە لێکدانەوەی "بەراهەنی" ( رەزا بەراهەنی_شاعیرو بیرمەندی ئێران کەئێستا دانیشتووی وڵاتی کەنەدایە): "بەردەوام بەداخە بۆ رابردوو کەنییەو دەیەوێت بەرەو ئەو "رابردوو" سەرەڕای نەبوونی، بگەڕێتەوە، کەناتوانێتو بۆ دەربڕینی ئەم نەبوونەیە کەگوتەزای حەسرەتی "رابردوو" و نەفرەتو بێزاری لە "ئەمرۆ" سەر هەڵدەداتو وێڕای دەربڕینی ئەم دابەشکارییە، بەداخی بۆ رابردوو دەبێتە هیواو بێهیوایی بەرامبەر بەداهاتوو کەداهاتووی ئێمەیە، ئایندەی ئەوە."

عەهدو پەیمان:

پەیمانی شاملوو لەشیعردا، پەیمانێکی ئیدیئۆلۆژیکیو حیزبی نییە. پەیمانی ئەو بەندە لەسەر بەها جیهانی-مرۆیی. بەواتایەکی رۆشنتر دەتوانین بڵێن کەپەیمانی شاملوو وەك مرۆڤێك کەزۆرتر باوەڕی بە بەها گشتیو جیهان_ نیشتمانی هەیە، بنیاتنراوەو ئەمە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی کاری شاملووە لەباسی پرسی عەهدو پەیمان لەشیعردا:

چیرۆك نیم کەبمڵێیتەوە
ئاواز نیم کەبمچڕی
دەنگ نیم کەبمبیستی
یان شتێك کەبیبینی
یان شتێك کەبیزانی ...
من ئازاری هاوبەشم
هاورام کە."

خاڵێکی گرنگ کە لەباسی گوتەزای پەیمان لەشیعری شاملوودا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، دەروونی بوونەوەی ئەم گوتەزایەیە لەناوەڕۆکی شیعرو مێشکی شاعیردایە، واتە هەڵسوکەوتی شاملوو لەگەڵ پرسی پەیمان لەشیعردا، هەڵسوکەوتێکی لەپێشەوە داڕێژراو، چوارچێوەییو بینراو نییە، بەڵکو گوتەزای پەیمان لەمێشکی ئەودا "سەروەر"ـە و ئەم دۆخە، شاملووی لەناخەوە پابەندکردووە. لەکاتێکدا کەزۆرێك لەشاعیرانی هاونەوەی شاملوو لەهاوسەنگی لەگەڵ ئەو، وەك نۆرمە لەپێش داڕێژراوەکان سەیری گوتەزای پەیمانیان کردووەو ئەم چەشنە پەیمانێکە کەمەترسییە درێژماوە ئیدئۆلۆژیکەکان لەهەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی پەیمانو پابەندی بۆ ئەوانی تری بەدواوە بووە.

مۆسیقای وشەکان لەشیعردا:

لەسەرەتای ئەم باسە بەجۆرێك ئاماژە پێدرا کەسەرنجدان بەتوخمی مۆسیقای وشەکان لەشیعر (بەتایبەت لەشیعرە سپییەکان) یەکێك لەتایبەتمەندییە شاعیرانەکانی شیعری شاملووە. شاملوو لەکلاورۆژنەی سەرنجدان بەتوخمی مۆسیقای وشەکان لەشیعری سپیدا، پێشەنگو پێشەوای بواری شیعری فارسییەو ئەمەش کاتێك ئاشکرادەبێت، کەسەمای موزیکاڵی وشەکان لەزمانی شیعری ئەودا تاووتوێ بکەین:

"تۆ کێی کەمن
بەمجۆرە
بەمتمانەوە
ناوخ خۆم
بەتۆ دەڵێم
کلیلی ماڵەکەم
دەخەمە ناو دەستت
نانی شادیم
لەگەڵت بەش دەکەم."

بەرجەستەترین کاری شاملوو وەك شاعیرێکی پێشڕەو و بەئەزموون فۆڕمدان بەتوخمی مۆسیقای وشەکانە لەشیعری سپیدا، بەرهەمهێنانی ئاهەنگو ئاواز لەجیاتی قافییەو عەرووزی گرێبەستی ناو شیعرکە لەراستیدا بەم کارە نەبوونی وەزنی لەشیعری قەرەبووکردەوە.

لەو شێوازانەی کەدەتوانین بۆ درکپێکردنی توخمی مۆسیقای وشەکان لەشیعری شاملوو یارمەتی بەردەنگو خوێنەر بکات، بەدەنگی بەرز خوێندنەوەی، ئاوازئاسا خوێندنەوەو چەندینو چەند جار خوێندنەوەی شیعرەکانیەتی. توانایی مۆسیقای وشەکان دەبێتە هۆی پێکهێنانی مۆسیقا لەهەموو شیعرەکەدا.

لەتایبەتمەندییەکانیتر لەشێوەی بەکارهێنانی مۆسیقای وشەکان لەزمانی شیعری شاملوودا، شارەزایی شاملووە بەسەر وەزنی شیعری کلاسیكو نیماییو بەئاگابوون لەدەقە کۆنەکانەو ئەمەش شتێکە کەدەکرێت بەفراوانی لەتوخمی مۆسیقای وشەکان لەزمانی شیعری شاملوودا بیدۆزیتەوە:

"میوەی سەر دارم
بەردی دەستی چەتوون منداڵێك.
سیحری موعجیزەیەك
مەگەر پەناهم دا لەزیانی خۆم
وەها کەدەستی ملهوڕی خۆبەخۆ کراوە
منم."

شێوازی بەکارهێنانی وشەکان بەمەبەستی پێکهێنانی جۆرێك مۆسیقا لەشیعری سپیداو کەڵکوەرگرتن لەشێوەنووسینی دەقە کۆنەکان، تایبەتمەندی شاملووە، بەڵام کاری گرنگتری ئەو کە لەشیعرەکانیدا بەئامرازی دەقی کۆن، زمانێکی نوێی لەشیعر پێکهێناوەو بەتوخمی مۆسیقای وشەکان لەزماندا، زیادیدەکات.

# پاسپۆرت

* دێب ئۆلین ئانفێرت
و: هیوا حسەین

لەژووری ئوتێلەکە لەگەڵ کەلو پەلەکانیتر دزرابوو. رەنگە لەژووری ئوتێلەکەش نا، لە ناو شەمەندەفەر لەخۆیان دزیبێت. یان رەنگە لەناو شەمەندەفەریش نە، لەناو سندوقێکی داخراو یان جانتاکەی. رەنگیشە لەناو دالآن یان سەر قاڵدرمەکان، رەنگیشە بەدەستی نەگەیشتبێو ئەو ناچاربوو وەك سەگێك کۆنی کردبێت بانگی بکات. یان رەنگە یەکێکی هەبووبێت کەهەموو ساڵێك بیگۆڕێتەوە، هەموو ساڵێك لەمانگی نۆڤەمبەرداو ئەمە بۆ ١٠ ساڵ وا بێت. یان بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لەناو هۆڵی گواستنەوەدا دادەنیشتو دەیگرت بەدەستەوە. رەنگە ئاواتی بێت یەك دانەی هەبێت، بەلا□م نەیبوو، بەڵکو ونی کردبوو یان وندەبوو. رەنگە هەرگیز نەیبووبێت، یان لەوانە بوو هەیبێت، یان کەسێکی هەبوو، کەسێك کەناو هەیکەلی وەك ئەو دەچوو، یان کەسێك کەبیرکردنەوەو مێشکی وەك ئەو دەچوو.

نەکا دابێتی بەبێگانەیەك، یان نەیداوا، یان سوێنددەخوا کەنەیداوە، یان لەسەر پردێك وەستابوو و لەناو دەستی کەتبووە خوارو کەوتبووە ناو ئاو. بۆ ئەوەی نەیدەویست بگەڕێتەوە ولا□تەکەی، بۆ ئەوەی لای وا بوو ولا□ت لێرەیە. یان رەنگە، زۆر باشە، خراپتر لەمە چی دەبێت؟

بەڵگەی شینەکەی کاتی حەمام، ئاماژەیە یان لەگەڵ سەرجەم ئەمریکاییو نائەمریکایەکانیشدا دەبێت سوێندبخوات وەلا□می ئەم پرسیارانە بداتەوە. یان ئەوەی سوێندێکی نووسراوەیی دەخوارد کەماوەیەکی زۆرتر دەمایەوەو پێویست بەشایەت نەبوو و دەیووت تائێستا وەرینەگرتووە، نەیفرۆشتووە بەکەس، مافی هەبوونی لەدەستنەچووە، نەیخستووەتە ژێر خۆڵ یان بەکەسی نەداوە. بەخواو پێغەمبەر سوێنددەخوات ، وەك ئەو نەفامانەی سوێند دەخۆن بەزێڕەکانیان، سوێند بەشەرەفو ویژدانی دەخوات بەدەنگی لەرزۆکی مرۆڤێکی شکستخواردوو، بەلێوە لەرزۆکەکانیو ئەو چاوانەی کەبڕیویەتە ئاسمانو دەست بەخاچەکەیدا دێنێتو زەینێك کەوەك کەرەسەیەکی دەرخەری درۆ دەچێت. بەڕێزان دەیەوێ سوێندبخوات.

نەیداوە بەسێربییەکان، نەیداوە بەچێکییەکان، بەنایجریاییەکانیشی نەداوە، بەهایتییو ئەرژەنتینییەکانیش. ئەگەر ئەلسالوادۆرییەکان هەیانبێت کاری ئەو نییە. بەدەست رۆژهەلا□تی ناوەڕاستییەکانیشەوە نییە.

پێشوازی لێ دەکەن،......

یان لەشوێنێکی گەرمو شێدارو غەم هێنەر لەژێر دارێك بەگەلا□ی ترەوە وەك ناو لەپی دەست لەتەنیشت پیاوێك دانیشت کەجگەرەیەکی بەرگی پێ بوو و پێی دەوت نیگەران نەبێت. ئەگەر زۆر نیگەرانە، یەکێکی بۆ پەیدادەکات، ئەمریکایی نە، مەکسیکی باشترە. پێنج هەزار دۆلاری تێ دەچێتو ناوی دەخەنە ناو سیستمەوە. هەموو دونیا مەکسیکییەکانیان خۆشدەوێ. سەرەنجام یەکێك دەدۆزێتەوە، بەلا□م مۆری چوونەناوەوەی کوبای پێوەیە. تاوانی خۆی نییە، بەلا□م بەوەها شتێك ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا.

یان ناتوانێ وەك جان ڤین رێزی لێ بگیردرێ کە لەریۆ ...کەشتییەکەی لەقوڕدا گیری کردبوو و بەویان دەووت تەکسیەك بگرە، دواتر پاسێك، دواتر پاسێکیترو دواتر بەلەمێكو برۆ بەردەم کەشتییەکەو پێی بڵێ هەر کەس بمباتە ئەو بەروە هەرچییەکی بوێ پێی دەدەم. هەر کەس هەرچی دەوێ. لێرە بەرەلا□م مەکەن لەناوەڕاست ئەم قوڕو لیتەدا لەبەردەم خۆ. وا مەکەن جارێکیتر لێرە بڕۆمو کەلەپچە بەدەست بگەڕێمەوەو وەك جوولەکەیەکی وێڵ ئاوارەی بیابان بم.

کارتە مۆر کراوەکەی، هەموو شتەکانیو سەفەرە خۆشەکەی.

درەنگ یان زوو پیاوێك بەقاتەوە پێی دەوت، تکایە دەکرێ پاسپۆرتەکەت ببینم؟ یان خۆی لەسەر ریزەکە دەیووت، کوا پاسپۆرتەکەم؟ یان دەستیدەکرد بەناو جانتاکەیداو پشت سەری خۆی، زەوی دەگەڕا، یان نە. یان بەشێوەیەکی نیگەرانو غەمناك چاوی لەم پیاوە دەکرد کەدەستی دەنا بەسەر تەسجیلەکەداو دەیووت زۆر باشە، سەر لەنوێ دەستی پێ دەکەینەوە. پاسپۆرتەکەت چی لێکرد؟

*دێب ئۆلین ئانفێرت، لەنووسەرانی بەرەی نوێی چیرۆکنووسی ئەمریکایە، کەکۆمەڵێك چیرۆكو رۆمانی نووسیووە. تازەترین رۆمانی بەناوی ( Minor robberies ) ساڵی ٢٠٠٩ چاپو بلا□وبووەتەوە. یەکێکیتر لەبەرهەمەکانی ئەم نووسەرە رۆمانێکە بەناوی .Vacation



# گوڵی سوور

ن: رۆبێرت والْز
و: باران سەلیم

ژنەی گوڵفرۆش: گوڵی سوور ناکڕیت؟
ئارتۆر: نە، ئەمرۆ نە!
ژنەی گوڵفرۆش: هەموو رۆژێك ئەم قسە دەکەی. "رووودەکاتە ئێدگار" ئەی تۆ؟
ئێدگار (گوڵێك دەکڕێتو دەیدا بەکچە خزمەتکارێك کە لەگەڵیدا قسەدەکات)
ئارتۆر: من تەنها بیر لەخۆم دەکەمەوە. زۆر لەخۆم رازیم، بەلا□م ئەمەش کارێکی باشە. خزمەتکارێکی خوێن شیرینە. هەم رێزم لێدەگرێتو هەم تورەم دەکات. هەڵبەت ئەم کارە باشتر لەو کاتەیە پێدەکەنێت بەدەممەوە.
مرۆڤ لەژیاندا یان خۆی بەرەزاسووكو دلۆڤان دادەنێتو زۆر زوو لەگەڵ خەڵك تێکەڵ دەبێت، یان ئەوەی نەپۆڕو لەدڵەوە بەدوورە. من بۆ خوم ئەوەی دووهەمم پێ باشە. پیاو دەبێت بەرامبەر بەکچەکان خۆی قورس بگرێت. ئەمە باشترە.
ئێدگار: هەڵدەستێتو خواحافیزی دەکاو دەڕوات.
ئارتۆر (بەرەو گوڵێك دەڕوات کەکچە خزمەتکارەکە دەیخاتە ناو ئینجانەکەوە) ئەو مرۆڤێکی بەخشندەیەو من بەپێچەوانەی ئەوەوەم. بەڵام ئایا راستە دڵکراوەییو بەخشندەبوون دەبێت بەهۆی ئەوەی خۆشەویستی دروستدەکات؟ (بۆن دەکات بەگوڵەکەوە) چ بۆنێکی خۆشت هەیە!
کچەی خزمەتکار (بەئارامی پێدەکەنێت) هەموو دەم ئەو پیاوانەی هەوڵدەدەن خۆیان دەربخەن سەرنجی ژنان راناکێشن. ئێمە ژنەکان حەزمان لەو پیاوانەیە کەزۆر خۆیان دەرناخەن لەلامان. مرۆڤە سەرقاڵ فیزاوییەکان زیاتر سەرنجمان رادەکێشن.
رووودەکاتە ئارتۆر: تۆ تەنها هاتووی خۆت تێرکەی: چی لەپشتی ئەم تەوێڵەتەوەیە؟ (دەست بەتەویلیدا دێنێت)
ئارتۆر: لاتوایە کەسێکی بێ هەستم
کچەی خزمەتکار: نە! چاوەکانت زۆر نهێنییەکانت پێ دەدرکێنن. تۆ تەنها هەوڵت ئەوەیە وا نیشانبدەی کەسێکی وای: تۆ دەردێکی هاوبەشی، بۆیە خۆشم دەوێی.
ئارتۆر: لەمەو بەدوا قسەت لەگەڵ دەکەم. ئەو گوڵەی ئەو پیاوە پێشکەشی کردی زۆر جوانە.
کچەی خزمەتکار: خۆزگە تۆ پێشکەشت بکردمایە.
ئارتۆر: من گوڵی خۆمم پێشکەش کردی.
راستبێژی، ئەمە ئەو شتەیە من باوەڕم پێیەتیو لامواية گەرەنتی خۆشەویستی دەکات

# دابڕان لەنێوان رەخنەی سوننەتیو رەخنەی مۆدێرندا




یونس رەزایی

بەشی یەکەم

(١)

کێشە بەمانا گشتییەکەی هەوڵێکە بۆ مانەوەو خۆداسەپاندن، کۆشانێکە بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی تازەو پاراستنی مەتەرێزێکی لەمێژینە، هەنگاوێکە بۆ پاککردنەوەی عادەتو دوگماکانی سەردەمو تەقەللایەکیش بۆ شیرین خەوێکی ئەبەدی لەنێو موقەددەسە پارێزراو و بێ بایخەکاندا. هەمیشەش ئەو هەوڵە وەك گەڕیانێکی دوو لایەنە بوونی هەبووەو هەرگیز لەوەستان نایە، چۆن نەبوونی کێشە، واتە نەبوونی هانەیەك کەدوولایەن بەرەو دوو هەرێمی جیاواز بەرێ، کە لەیەکێك لەو هەرێمانەدا، داهێنان بەدیدێو لەویتردا، یا ئاڵوگۆڕ روودەدات ، یا فەوتان سەر هەڵدەدا. بەڵام ئەوەی جێی لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کەکێشە چۆن بەدیدێت؟ کێ بەدیهێنەریەتیو ئاکامەکەی چیدەبێ؟

(٢)

سەردەمێك "ئاندرێ ژیدە وتی: هەموو شتەکان لەوەو پێش وتراون، بەڵام چۆن گوێیەك نەبووە بیان بیستێ، دەبێ بەردەوام دووپاتکرێنەوە. ئەو هەموو شتانە، دەبێ ئەوشتانە بن کە لەگەڵ تێگەیشتنی باو لەدژایەتیدان. ئەو بیرەی وەك عادەتێکی باو سێبەری بەسەر هەمووان‌دا چڕدەکاتەوە، ئەگەر نەگۆڕانە پێ بچەقێنێ، بۆی هەیە ئەوەندەی لەسەرەتاوە ژیان بەخشو بەهرەدار بووبێ لەئاکامدا بەو رادەیە کوشندەو دزێو بنوێنێ. کەواتە تێگەیشتنی باو لەنێوخۆیدا کۆمەڵێك دابڕانی زۆرو دژواریو بێدەنگییەکی پەرەدار پەروەردە دەکا، بەو شێوەیە بێ کیفایەتیو ناکارامەیی خۆی بۆ تاقمێك دەردەخا. ئەو تاقمەی کە بەئاگانو سەرچڵی دەکەن.

تێگەیشتنی باو مرۆڤی خیبرەی دەق گرتوو بەرهەمدێنێو رێگەی ئەوەش نادا ئەو مرۆڤە ناتەواوە جێی خۆی بدا بەراڤەکارو پسپۆڕ. لەو کەشو هەوایەدا، وتووێژێك لەئارادا نییە. رەنگە گومانی وتوێژێکی یەك لایەنەو تاك دەنگی لەئارادابێ، بەڵام ئەوەش بەپێچەوانەی وتوێژێك کەلۆژیکیو توێژ دەیناسێ سنووردارە. تاکبێژییەك کەدژەو ئەویتر وەلادەنێو خۆی بەئاخرینو رەسەنترین دەنگ دەزانێ. ئەوەندی لەسەر ئەزموونی کۆن سوورە هێندە گوێ ناداتە ئایدیاو بیری تازە. مرۆڤ بەسەرچاوەی ماناو کردەوەو مێژوو دەزانێو هەر چەشنە ماناو چەمكو مەعریفەیەکیش بەتەرازووی ئەزموونی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. ئەزموون سەرەتی هەیە بەسەرزەینو عەقڵو بیرکردنەوەیەکدا کەتەنانەت شیکاری خۆیەتی.

مرۆڤی ئەو فەزا فیکرییە، مرۆڤی گەشبین بەخۆو بەئەزموونی خۆیەو کەڵکەڵەی غەیرو ئاسۆی بیری تازەی نییە. هەر وتەیەکی دژ بەخۆی وەك زمانێکی تایبەتی ناپێویست دەناسێنێ. گومان هەڵگرنییەو لەگۆڕان نەهاتووە.

(٣)

مرۆڤی تێگەیشتنی باو ئەو بیرەی پەیڕەوی دەکا بەتەنیا رێگاو دەرەتان دەزانێ. بەڵام وەها بیرکردنەوەیەك بە هۆی مانەوەو پێداگری لەسەر نەگۆڕی دەگاتە "ناکارامەیی" و "ئیبتزال".

لەوەها بارودۆخێکدا، تاقمێك گومان لەبوونی ئەو سیستمانە دەکەن کەرۆژی مەرگیان هاتووە. بەوتەی "ئاندرئاس ریم" لێرەدایە کەرۆشنبینی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ چەوتیو داوەری ناپوختە قۆڵ هەڵدەماڵێ، بەڵام بۆ گەیشتن بەپلەی رۆشنبینی چ هەوڵێك پێویستە؟ "کانت" لەوتاری رۆشنبیریدا شەرتێك دادەنێ بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ئەو دەڵێ: "بۆ گەیشتن بەرۆشنبینی هیچ شتێك پێویست نییە بێجگە لەئازادی، ئەویش بێ زەرەرترین چەشنی ئازادی، واتە ئازادی دەربڕینو بەکارهێنانی هزر". روشنگری، ل ٢٠/.

بۆچی کانت پێیوایە بەکارکردنی هزر مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو پلەیە؟ ئەو دەڵێ لەسەردەمێکدا کەهەمووان جارێ دوورەپەرێزی لەهزر دەدەنو هزرئامانیانە (واتە دژ بەبیرکردنەوەو عەقڵن)، ئەوەی ئەو چەکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بەکاردێنێ، مەبەستی شڵەقاندنی ئەو بیرەی هەیە کە لەسەر وەستان پێداگری دەکا. ئەو مرۆڤە کەسێکە بەشێك لەبیری چەقبەستووی زەمانی قبوڵ نییەو لەهەموو ئەو یاساو کایانە ماندوو بووە کەزاڵییەتی ناپێویستیانی دیوەو بەکۆنیان دەزانێ. لەبیری "بەختیار عەلی" دا ئەو کەسە رۆشنبیرەو لەسەختترینو ئاڵۆزترینو وردەکارترین پرۆسەدا بەشداریکردووە، کەدیاریکردنی مانای کۆنو نوێیە. جا ئەو کەسە چ سیاسەتوان بێو چ رەخنەگری ئەدەبی. ئەو بەستێنەش چ رەخنەی ئەدەبی بێو چ سیاسەت.

ئەوەندی مرۆڤی تێگەیشتنی باو گوتاری بووە، گوتارێکی دەم بەپێکەنینو گاڵتەجاڕانە بووە، یا گوتارێك بووە ستایشی باڵادەستیی خۆیو رابردووی ئەزموونی خۆی کردووە. گوتارێك نەبووە هیچ گومانێك دروستبکاتو لەسەر نەگۆڕی سوور بووەو داکۆکی لێکردووە. رۆشنبیر بەدژی ئەو گوتارە سەپاوە هەڵدەستێو "دەست لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئەدەبی وەردەدا، هەتا بیانگەیەنێتە ئاستی گەشەی دونیا" (رۆشنبیرو کۆمەڵگا ل ٨) بەواتایەکیتر ئەو بوێرییە لەزاتیدا هەیە کەبەربەست بخاتە پێش بڕواو نەریتە کۆنەکانو بەجێی ئەوانە رێیەکی نوێ دەستنیشاندەکا بۆ بەرهەمهێنانو تێفکرین. هەڵبەت نەك رێیەکی ئەبەدی کەخۆی لەئاکامدا ببێتەوە تێگەیشتنی باوی بەرەکانی داهاتوو و تابۆی مرۆڤی نوێ. "چۆن ئەوەی رۆشنبیر هەوڵی بۆ دەدا، گەرانە بەدوای ئازادیو جوانی لەدەقو کۆمەڵدا" و هەروەها خاپوورکردنی ئەو تابۆو حەرامە ئەدەبیو هونەریانەیە کە بەشێکی گرنگ لەحەقیقەتو ئازادی لەدەقو کۆمەڵدا زەوتدەکەن.

هیچ رۆشنبیرێ بەتەمای دامەزراندنی پێکهاتەیەکی پیرۆز نییە کەتەنانەت خوێنەریش بەتەواوی ملکەچی بێ، ئەوان هەوڵیان ئەوەندی داماویو کلۆڵی نەگۆڕی بیری پێشوو دەرخەن، ئەوەندەش بەستەزمانی بەردەنگو خوێنەری ئەو شێوە بیرە لەقاودەن. ئەو رۆشنبیرانە پێیانوایە خوێنەری ئەمڕۆ دەبێ ئەو کردەیەی نووسەر دەستیپێکردووە بەئاکام بگەیەنێ. کەواتە نەتەنیا نایبەستنەوە لەو سنوورەکراوەیەدا کەسازیان کردووە، بەڵکو ئازادیو دەسەڵاتیان لەداهێنەرێتیدا پێبەخشیوە، ئەو خوێنەرە، خوێنەرێکی چالاکە، تا ئەو رادەیە کەنووسەر دەربەست نایەوێ هەستی داگیربکاو رێی بیرکردنەوەی لێبگرێ. خوێنەری ئەمڕۆ لەسایەی ئەو مامەڵەیەی نووسەری رۆشنبیر لەگەڵی دەکاو ئەو پێگەیەی ئەو بۆی قایلە، وەك راڤەکارێك دونیای نووسەر لەخۆیدا بەرهەمدێنێتەوە، تاوتوێی لۆژیكو روانەو روانگەکانی دەکا.

نووسەرو خوێنەری نوێ هیچیان باڵادەست نینو بەپێی ئەوەی کە "لەمرۆڤایەتیدا شەریکنو بنەمایەکی هاوبەشی دەروونییان هەیەو ئاگاییشیان لەرەگەزێکە توانای شهوودو هاودڵییان پتەوە" (حلقه انتقادی. ل٧٣) نووسەری ئەو مرۆکە تابۆی منی بەر لەهەموو شتێك شکاندووە، داهێنان تەنیا بەموڵکی خۆی نازانێ، راستە دەقێك کەئەو بەرهەمیهێناوە، دەرخەری ئەندێشەو شێوە بۆچوونەکانێتی، بەڵام ئەگەر خوێنەرێکی وریاش لەسیلەی چاوی ئەوەوە بڕوانێتە دەقو پەرە بە بەرینایی دەقەکە بدا، ئەرکی داهێنانێکی نوێ تەجرەبە دەکا، کەوایە ئەو خوێنەرە هەم هەڵوێستی دەوێو هەم داهێنان.

(٤)

لەبەستێنی فیکرو ئەدەبی ئەمڕۆدا ئەوەی بووەتە هۆی کێشەو باسێکی خەستو گەرمی لەسەرە بابەتی کۆنو نوێیە. کێشەیەکی بەردەوامو لەپسانەهاتوو. کێشەی بیرێك کەخۆی پێ پیرۆزو حاکمەو داوای سەڵتەنەت دەکاو خوێنەر بەرەعیەتی خۆی دەزانێو دەقیشی پێ موڵکی بێ ئەملاو ئەولای نووسەرە، لەگەڵ ئەو بیرەی دژ بەو حکومەتە پیرو لەرزۆکە وەستاوەو مەشروعییەتی داڕوشاندووەو بێ دەستەڵاتییەکەی لەقاو داوە، بێ دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەدەبی.

سارتەر پێیوایە وەها بیرێك کە لەنەریتخوازییەوە سەرچاوەدەگرێ، خاوەن ئایدیالۆژییەکی ریاکارانەو شاراوەیە، ئەو تاقمە ئایدیۆلۆژیستە تابۆ پیرۆزەکانیان پەرە پێدەدەنو فەرهەنگی چینەکانی ترو فەزای بیرەکانی تریش بەرەو خۆیان دەکێشنو خۆیان پێ سیستمێکی ئەبەدیو ئەدەبیو خاوەن مافی رەوایە.

رۆشنبیرانی ئاوانگارد بەردەوام خەریکی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو بۆرژوازی ئەدەبییەن. رەنگە لەکۆمەڵگای ئێمەداو لەبەستێنی ئەدەبیاتدا ئەو بیرە ئێستاش زاڵیەتی خۆی پاراستبێ. بۆچی؟ چونکە هەر لەبایەخە هونەرییە نوێیەکانەوە بگرە تا کایە تازەکانی ئەدەبو سیستمەکانی رەخنەیی نوێش، زۆر درەنگ دەتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە رێکخەن، ئەو بابەتەش ریشەی کۆمەڵایەتی هەیەو پێویستی بەتاوتوێکردنی کۆمەڵناسانەی رۆشنبیری هەیە. "رۆژە باستید" بەباشی ئەو بابەتە شیدەکاتەوە، سیستمێك کەئەو نووسەرە ئاماژەی پێدەکا، تەواو لەگەڵ کەشو هەوای کۆمەڵە رۆژهەڵاتییەکاندا تەبایە، ئەو پێیوایە هەموو کۆمەڵگاکان بەئاسانی بایەخە نوێیەکانی هونەریو ئەدەبی وەرناگرن بەتایبەت ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کەکۆمەڵە رۆژهەڵاتییەکان زۆر کەم سەرنج بەو بایەخانە دەدەن. دەتوانی هۆیەکانی دژایەتیکردنی ئەو کۆمەڵگایانە لەگەڵ بایەخە نوێیەکانی هونەریو ئەدەبی، ئاوا کورتکەینەوە کەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کۆمەڵێکی داخراوە، بەپێچەوانەی رۆژئاوا کەکۆمەڵگایەکی کراوەیە بەرووی هەر چەشنەبایەخێکی هونەری نوێدا. هەروەها لەرۆژهەڵاتدا، خەڵکی پلەخوار کەوەك خوێنەری ترساو یا بەردەنگی بێدەنگ ناسراون رایان لەسەر باڵادەستی نووسەرو بەرهەمی پێشووەو هەوڵنادەن خۆیان بێنە ریزی ئەوانەی کەپلەیەك سەرترن، نووسەرانیشو ئەوانەش کە لەپلەیەکی سەرتردان هەر تەقەللای خزانەو خواریان هەیەو هەر دوولا لە "ئیبتزالی رەشۆکیانە" دا یەکدەگرنەوە. لێرەدایە کەئەرکی بەرەی نوێو نووسەری نوێ گرانتر دەنوێنێ.

رەخنەگری ئەدەبی وەك کەسێك کەبەشداری بزاڤی رۆشنبیرییەو بێئەملاوئەولا دەستەو یەخەی ئەو کێشانەیە چی کردووە؟ رەخنەی ئەدەبی چۆن بەستێنێکە بۆ تاوتوێێ ئەو باسانە؟ رەخنەی ئەدەبی چۆن دارەدەستێکە بۆ نووسەرانی تێگەیشتنی باو و چۆن کەرەسەیەکە بۆ روشنبیرانی ئەمڕۆ.

## هـــەرمـــان

گوڵباخ بەهرامی

مـن بەمیراتگری باران
ناسراوم
بەسووتویەکی زگماک
پێش لەدایکبوونەوەی
ئاگر !
ئەڵێن : دۆزەخ کەمترین
هەڵەیە
لەکاتی نەفرەتاو
ئەڵێن: مەیل بەرەو هەر
کۆلا□نێک کەبفڕێ
هەر باوەشتەو
ئەڵێم: چەن ئاتاجو موحتاجتم
بـۆ تـەنـیـا پـیـتـێـک
لەپەروانەییت!
مەگەر کلا□وێک بڕووێم
لەهەورو
بەزراڤی بالا□تا داباریێم!
مەگەر لەدرکاندنێکا بەقەدەر
هەنارێک
سوورم کەی لەباوەشتاو
مەگەر بەکفرێکی ئاوێزان
بەلاپەڕەکانی دیپلۆماسییەوە
بتخەمە بـەر پـەلامـاری
خۆشەویستیم!
بڕوام بەپاکییزەیی حەرفەکان
نەماوە،
نە بەڕاستگۆیی چراکانو
نە بەبێ ئارامی دارستانو
نە بەوشە باڵ ناسکەکانی
دەڤەری برایەتی،
کـەشـەو لـەجـلو بـەرگـی
ویلایەتدا
راپـۆرت لەنهێنییەکانی
ئەستێرە ئەدەن!
کەی من توانیومە
بەقەدەر ماچێکت ئەرخەوانی
بم؟!
کەی من توانیومە
ئەوندە کەتۆ باڵندەی
لـەدژوارەکـانـی فـڕین
تێبگەم؟!
تێر...... بمشارەوە لەخۆتدا
نیشتمان!
"لەوێ کەخودا بوونی نییە"
تەنیا ویستبووم بڵێم:
کەچەن ویستووتمە!.

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف


**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

ئاری ئەبوبەکر- دانیمارك

دەلاقە

## وەزیری دارایی‌و نهێنی بودجەی یەکێتی‌و پارتی



کارەساتە کوردستان ناوبنێین وڵاتی سیستم‌و دامەزراوەیی، لەکاتێکدا خوداو یەکێتی‌و پارتی خۆیان نەبێت، کەس نازانێت ئەم دوو حیزبە بودجەکەیان چەندەو چەند وەردەگرن‌و چۆن وەریدەگرن‌و چۆن چۆنی سەرفیدەکەن.

ئاخر لەهەموو دونیادا، حکومەت دەبێت بودجەی وەرگیراو و بەدەستهاتوو بەهەموو ئەو داهات‌و پارەیەی دەڕژێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، لەگەڵ بودجەی سەرفکراو و خەرجییەکانی حکومەت‌و دەوڵەت، بەئاشکراو بێ پەردە بخاتە بەرچاوی هاووڵاتییانی وڵات، بەنامیلکەو لەسەر سایتی وەزارەتی دارایی نیشانبدرێت، بخرێتە بەردەم دامودەزگا نا حکومییەکان، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەسڵی بودجەکە، کەهاووڵاتییانن، بزانن بودجەی وڵاتەکەیان چۆن سەرفدەکرێت، بۆ ئەوەی حکومەت بەگشتی‌و وەزیری دارایی بەتایبەتی بەرامبەر بەهەموو کەموکورییەك لەبودجەکەدا بەرپرسیاربن. ئەمە ئەگەر زۆر سادەی بکەینەوە نزیکبوونەوەیە لەسیستمێکی سیاسی تەندروست.

کەچی لەکوردستاندا، نە کەس دەزانێت حیزب، بەتایبەتیش یەکێتی‌و پارتی، چەند وەردەگرن‌و چۆن وەریدەگرن، نمونەش وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان، کەیەکەم بەرپرسە لەدابەشکردنی سامانی وڵات، لەچاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانی ئەم دواییانەیدا، نایەوێت ئەوە بخاتە روو و پێمان بڵێت، کەبودجەی یەکێتی‌و پارتی چەندەو چۆن وەریدەگرن، بەڵکو تەنها ئەوەندە دەڵێت "کەبودجەی یەکێتی‌و پارتی ئەوەندە کەمکراوەتەوە کەتەسەور ناکرێت".

ئاخر ئەگەر ئاشکراکردنی بودجەی یەکێتی‌و پارتی نهێنی دەوڵەتەو پەیوەستە بەئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەوا رەنگە بوارێکی تێدا هەبێت بۆ شاردنەوەی (هەرچەندە لەوڵاتانی سیستم تەندروستدا، هەموو زانیارییەك دەبێت ئاشکرابکرێت)، ئەگەر ئاشکراکردنی بودجەی ئەو دوو حیزبە زانیارییەکەو دوژمنانی کورد دەتوانن زیان لەهەرێمی کوردستان بدەن پێی، ئەوا رەنگە ئاهێکی تێدا بێت بۆ ئاشکرانەکردنی‌و هێشتنەوەی لەتاریکیدا، بەڵام کاتێك بودجەی ئەم دوو هێزە ئاشکراناکرێت‌و تا ئێستا هاووڵاتییانی دانیشتووی کوردستان نازانن کەچەندێك لەبودجەکەیان دەدرێتە ئەو دوو حیزبە، ئەوا دووبارە بەداخەوە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، وەك کابینەکانی پێش خۆی دەکەوێتە بەر هێمای پرسیار، کەداخۆ ئەم کابینەیە خاوەنی بەڵێنەکانی خۆی دەبێت (ئاشکراکردنی بودجەی حیزب)، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەهاووڵاتیانیدا، یان دەخوازێت بودجەی کوردستان لەتاریکیدا تەخشان‌و پەخشان بکرێت (وەك چۆن لەکابینەی پێنجەمدا بینیمان)، بێ لێپرسینەوە. ئەمە ئەو پرسیارەیە کەوەزیری دارایی‌و سەرۆکی حکومەتی دەبێت وەڵامی بدەنەوە.

Arei1976@hotmail.com



DANCER

# گەنجان دەبن بەدانسەر

## کچان‌و کوڕان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەمای بیانی فێردەبن‌و دانسدەکەن

هونەر کەریم لەکەرکوك

ئەو گەنجانەی لەتەمەنی هەرزەکاریدان حەز بەدانس دەکەن‌و دەیانەوێت ببن بەدانسەر، گروپی تایبەت بەبواری سەماو دانس‌و خێزان‌و کەناڵە بیانییەکانیش، ئارەزووی گەنجان بۆ دانس زیاتردەکەن.

لەوەتەی گۆرانییەکەی شاکیرا لەمۆندیالی ٢٠١٠دا بە بەردەوامی لێدەدرایەوە، کچە ٨ ساڵانەکەی هێمن کەریم بە بەردەوامی داوا لەباوکی دەکات، ئەو گۆرانی‌و سیدییانەی بۆ بکڕێت کەدانسی تێدایە.

هێمن وتی "هێشووی کچم سەیری یارییەکانی مۆندیالی نەدەکرد، تەنها چاوەڕوانی ئەوەبوو ئەو گۆرانییە لێبدرێت‌و ئەویش سەمای لەگەڵدا بکات، بۆیە ئێستا رۆژانە بەدیار سیدی دانسەوە دادەنیشێت‌و لەگەڵیاندا دانس دەکات".

رێژەی ئەو کچ‌و کوڕانەی لەپارێزگای کەرکوك هەوڵی فێربوونی دانسی بیانی‌و سەمای جۆراوجۆر دەدەن، تادێت زیاتر دەبێت، بەتایبەت دوای ئەوەی لەکەناڵی ئاسمانی زاگرۆسەوە لەبەرنامەی (من جیاوازم)دا، دەیان گەنج بەدانسی بیانی بەشداریاندەکردو دەنگی بەڵێیان پێدەدرا.

چەند گەنجێك بەبێ هاوکاری حکومەت‌و رێکخراوەکان کەرێژەیان ١٠ گەنجە، گروپێکیان تایبەت بەدانس دامەزراندووەو رۆژانە سەرقاڵی دانسن لەیەکێك لەباخچەکانی ئەو شارەدا.

تێکڕای تەمەنی ئەو گەنجانە لەنێوان ١١ بۆ ١٦ ساڵدا دەبێت، هەموشیان خوێندکاری قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنن.

توانا یوسف یەکێك لەو گەنجانە تەمەن ١٥ساڵ، بەدەستووری وت "حەز بەدانس دەکەین، دەمانەوێت دانس فێرببین‌و ببین بەدانسەر".

ئەو گروپە لەئێستادا هەوڵی فێربوونی چەند جۆرێکی جیاواز لەدانس دەدەن، یەکێکیان نزیکە لەهەڵپەڕێکی کوردی‌و یەکێکیشیان لاساییکردنەوەی دانسی هیندییە.

توانا وتی "دەمانەوێت خۆمان فێری هەموو جۆرێکی دانس بکەین، ئەوە حەزو خولیمانە، تەنها بەشێکمان خێزانەکانمان هاوکاریمان دەکەن".

ئەگەرچی لەکوردستاندا چوار پەیمانگای هونەرە جوانەکان‌و دوو کۆلێژی تایبەت بەهونەر هەیە، بەڵام لەکوردستاندا ئەو پەیمانگاو کۆلێژە هونەرییانە نەبوونەتە جێگەی مومارەسەکردنی خواستە هونەرییەکانی گەنجان‌و ئارەزوومەندانی ئەو بوارە.

ئەگەرچی چەندینجار بەرپرسانی حکومەت لەوانەش خودی وەزیری رۆشنبیری‌و لاوان وتوویەتی کەگرنگی زیاتر بەتیپە هونەرییەکان دەدەن، بەڵام تائێستاش جگە لەهەندێك نمایشی هونەریی هەڵپەڕکێی کوردی، ئەو تیپە هونەرییانە خواستەکانی گەنجانیان بەجێنەگەیاندووە.

کەیوان تۆفیق ١٨ ساڵ، ئەو گەنجە کەرکوکییەی لەماڵەوە رۆژانە دانسی هیندی دەکات، بەدەستووری وت "زۆر تاموچێژ لەو دانسە دەبینم، دەمەوێت وەکو دانسەرە هیندییەکان دەربکەوم".

کەیوان بۆ ئەوەی وەکو ئەوان دەربکەوێت، دەیان سیدی گۆرانی‌و دانسی هیندی کڕیوەو تەنانەت جلوبەرگی هیندیشی بۆ ئەو مەبەستە پەیداکردووە.

ئەو وتی "لەکاتی دانسدا جلوبەرگی هیندی لەبەر دەکەم‌و گۆرانی هیندی دەڵێمەوە، زۆر باش فێربووم‌و لەماڵەوەش هەر بەکوڕە هیندییەکە بانگمدەکەن".

